دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد
لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێمۆکراتیکی فیدرالیدا

# کوردستان

ژمارە: ٤٣٢
دووشەمە ١٥ی ڕەشەمەی ١٣٨٤
٦ی مارس ٢٠٠٦
١٥٠ تمەن
www.kurdistanmedia.com

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران

## پیرۆزبایی ٨ی مارس

پێمان خۆش بوو وەك نەریتی ساڵانەی هێندێك لە ڕۆژنامەو ڕادیۆ بەناوبانگەکانی جیهان، سەرنووسەریو بەڕێوەبەرێتیی "کوردستان"مان لەم ژمارەیەدا کە یادی ٨ی مارس دەکەینەوە، دابا بە ژنێك. بەڵام لەگەڵ ئەمەش دا کە دەنگی داکۆکی لە ماف و ئازادییەکانی ژنان بەخۆشییەوە زۆربەی کات لە "کوردستان"دا، دەنگێکی دلێر بووە، بەداخەوە ڕەنگی ژنو قەڵەمی ژن، جارێ ئەوەندە دیار نیە. هەربۆیە بە ئەرکی خۆمان زانی، هەر نەبێ گوتاری داکۆکی لە ژنان، لەم ژمارەیەدا وەسەرەوەی هەموو گوتارێکی دیکە بکەوێ.

بە ئاواتی ئەو ڕۆژەی قەڵەمی ژنانو دەنگی ژنان لە "کوردستان"دا وەپێش قەڵەمی پیاوانو دەنگی پیاوان بکەوێتەوە، یا هەر نەبێ شانبەشانی ئەوان بێ، بەبۆنەی ٨ی مارس، ڕۆژی جیهانیی ژنانەوە، گەرمترین پیرۆزبایی پێشکێشی ژنانی کوردستانو هەموو جیهان دەکەین.

بنەماڵەی "کوردستان"

سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان:

# بەرپرسایەتیی پەرەپێدانی یەکسانیی ژنو پیاو، لە ئەستۆی هەموومانە نەك تەنیا ژنان

خۆزگە ٨ی مارس لەلای هەموو ئەو پیاوانەی بانگەشەی دێموکراتو مودێرنبوونیان هەیە، لای هەموو حیزبو ڕێکخراوو کۆڕو کۆمەڵو ناوەندێك کە بۆ ئازادیو دێموکراسی تێدەکۆشنو دژی ستەمو چەوسانەوەی جۆراوجۆر خەبات دەکەن، ببا بە ڕۆژی بەخۆداچوونەوەو ڕەخنە لە خۆ گرتن. با، فێر بین لە ٨ی مارس دا سەبارەت بە کەمتەرخەمییەکانمان لە پێوەندی لەگەڵ ژنان دا، سەخمەرات جۆری ڕوانینو هەڵسوکەوتمان هەمبەر بەوانو، بە بۆنەی نەڕەخساندنی هەلومەرجێکی باشتر بۆ ڕاکێشانی ئەو توێژەو بۆ گەشەکردنو بەرەوپێشچوونیان، ڕەخنە لە خۆمان بگرینو، هەر لەو کاتەدا خۆمان بەرعۆدە بکەین کەمو کورتییەکانمان لەم پێوەندییەدا چارەسەر بکەین.

وەرگیراو لە وتارێکی ئەم ژمارەیە



دیمەنێك لە خۆپێشاندانی ساڵی ڕابردووی ژنانی ئێران لە پێش زانکۆی تاران بۆ داواکردنی مافەکانیان

## پەیامی کوفی عەننان، سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان

## بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی ژنانەوە

ئەمساڵ، ساڵی چاوخشاندنەوە بە بەرنامەی کردەوەی کۆنفرانسی پێکەن دوای یەك دەیەیە. ئەمساڵ ساڵێکی گرنگ لە بزووتنەوەی یەکسانیی ڕەگەزی (جینسییەتی)و باشترکردنی بارودۆخی ژنان دایە. ساڵی ١٩٩٥ ژنان لە پێکەن کۆ بوونەوەو، بە نوێنەرایەتی لەلایەن مرۆڤایەتییەوە هەنگاوێکی زۆرگەورەیان هاویشت. لە ئاکامدا، جیهان بە ڕوونیو، بە جۆرێك کە پێش ئەوکات، قەت وێنەی نەبوو، بۆی دەرکەوت کە یەکسانیی جینسییەتی بۆ پەرەپێدانو ئاشتیی هەر وڵاتێك، پێویستییەکی بنەڕەتییە.

لە ماوەی دەیەی ڕابردوودا، ئێمە زۆر پێشکەوتنی بەرچاومان لە زۆر بواران دا بینی. هیوا بە ژیان باشتر بووە. ژمارەیەکی زیاتر لە کچان ڕوویان لە خوێندنی سەرەتایی کردوە. ژنان زیاتر لە هەر سەردەمێکی دیکە، خەریکی بەدەستهێنانی داهاتن. هەر لەم کاتەدا گرفتی نوێ سەریان هەڵداوە. کڕینو فرۆشتنی ژنانو منداڵان بێننە بەرچاوتان، دیاردەیەکی ویژدان هەژێنە، کە بەداخەوە ڕۆژ بە ڕۆژ پتر پەرە دەستێنێ. یا هێرشبردنە سەر ژنان لە شەڕو پێکدادانە چەکدارییەکان، یا گەشەی ترسێنەری نەخۆشیی ئێیدز لە نێو ژنان بە تایبەتی ژنانی لاودا. بەڵام کاتێك دەڕوانینە دەیەی ڕابردوو، خاڵێك لە هەموان زیاتر زەق دەبێتەوە. ئێمە فێربووین ئەو گرفتو کۆسپانەی دێنە سەر ڕێی ژنان، بێچارەسەر نین. ئێمە فێربووین کە کامە هەنگاو، کاریگەرەو، چ هەوڵێك بێئاکام. ئەگەر ئێمە بمانەوێ ئەو میراتە مێژوویییە بگۆڕین کە ژنانی لە زۆربەی کۆمەڵەکان لە بێبەشیدا هێشتۆتەوە، دەبێ ئەوانەی فێریان بووین لە ئاستێکی گەورەتردا بەکاریان بێنین. ئەمساڵ دەرفەتێکی بەنرخە بۆ هەڵگرتنی ئەم هەنگاوانە. چونکە ڕێبەرانی جیهان خۆیان بۆ لێك کۆبوونەوە لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە مانگی سێپتامبردا ئامادە دەکەن تا چاو بە پێشکەوتنەکانی "بەیاننامەی هەزارە"دا بخشێننەوە کە دەوڵەتانی جیهان ساڵی ٢٠٠٠ وەك ئولگوویەك بۆ بنیاتنانی جیهانێکی باشتر لە سەدەی بیستو یەکەمدا، لەسەری ڕێك کەوتن. لەم کۆبوونەوەیەدا من داوا لە کۆمەڵە نێونەتەوەیییەکان دەکەم لەبیریان بێ کە برەوپێدانی یەکسانیی جینسییەتی، تەنیا لە ئەستۆی ژنان نیە، بەڵکوو بەرپرسایەتیی بەجێگەیاندنی ئەم ئەرکە لە ئەستۆی هەموومانە.

ئێستا، ٦٠ ساڵ لەو کاتە ڕادەبرێ کە بناغەدانەرانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە یەکەم لاپەڕی مەنشووری ئەم ڕێکخراوەدا، یەکسانیی مافەکانی ژنو پیاویان گونجاند. لەوکاتەوە، لێکۆڵینەوە یەك لە دوای یەکەکان فێری ئێمەیان کردوە کە هیچ ئامرازێك بەقەرا بەهێزکردنی ژنان خزمەت بە پەرەپێدان ناکا. هیچ سیاسەتێکی دیکە بەم جۆرە، بەرهەمهێنانی ئابووری بەرەوژوور نابا، یا ڕادەی مەرگو لەنێوچوونی منداڵان کەم ناکاتەوە. هیچ سیاسەتێکی دیکە بەم ڕادەیە باشترکردنی خۆراكو برەوپێدانی لەشساغی، بۆ نموونە پێشگرتن لە نەخۆشیی ئێیدز دەستەبەر ناکا. هیچ سیاسەتێکی دیکە بەم ڕادەیە، لە گەشەپێدانی دەرفەتە فێرکارییەکان بۆ نەوەکانی دواتر، کاریگەر نیە. من بوێرانە دەڵێم هیچ سیاسەتێکی دیکە بەم چەشنە لە پێشگیریی شەڕو لە پێکهێنانی ئاشتیو تەبایی دوای شەڕدا، گرنگو کارساز نیە. قازانجەکانی بە کردەوەی سەرمایە تەرخانکردن بۆ ژنان بە هەر ڕادەیەکیش زۆر بێ، دیسان گرنگترین حەقیقەت ئەمەیە: ژنان مافی ژیانێکی تێکەڵ بەڕیزو کەرامەتو ئازاد لەوەی ئێمە دەمانەوێ، مافی ژیانێکی بە دوور لە ترسو نیگەرانییان، هەیە. لەم ڕۆژە جیهانییەی ژناندا، وەرن جارێکی دیکە خۆمان بەرعۆدە بکەینەوە کە ئەم حەقیقەتە وەڕاست بگێڕین.



## ئازادیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بە ئازادیی ئێران بەستراوەتەوە

ڕۆژی هەینی ٢٤ی فێوریە جۆرج بووش سەرکۆماری ئەمریکا لە وتارێك دا کە پێشکێشی سەربازە خانەنشین کراوەکانی ئەو وڵاتەی کرد، گوتی: لەدوای هێرشەکانی ١١ی سێپتامبرەوە، ئەمریکا جیاوازی دانەنانی لەنێوان تیرۆریستەکانو ئەو وڵاتانەی پشتیوانی تیرۆریزمن، کردوە بە ستراتیژیی خۆی. ئاسایشی ئێمە بەستراوەتەوە بە بەرەوپێش چوونی دێموکراسیو ئازادی لە جیهان دا. ئامانجی ئێمە کۆتایی هێنان بە زۆرداری لە جیهان دایەو قازانجە نەتەوەیییەکانمان بەمە بەستراوەتەوە.

سەرکۆماری ئەمریکا دوای باسی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دوا بەشی قسەکانی بۆ باسی ئێران تەرخان کرد. لەم بارەوە گوتی:

ئێران لەلایەن کەمایەتییەکی ئایینییەوە سەرکوت دەکرێ، پشتیوانی تیرۆریزم لە جیهان دایەو هەوڵ دەدا لە ناوچەکانی دیکەی جیهان دا ئاژاوە بنێتەوە. ئێران بەهۆی کێشەی ناوکییەوە جیهانی لەگەڵ گرفت بەرەوروو کردوەو ئیسراییلی هاوپەیمانی ئێمە بەرەسمی ناناسی. تەریککەوتنەوەی نێونەتەوەیی ئێران پتر بووە، بووش گوتی: پەیامان ئەوەیە: بە وڵاتێك کە لە ڕوونکاری (شفافیت) بە دوورە، ڕێگا نادەین چەکی ناوکیی هەبێ.

بووش گوتی: ئاڵوگۆڕی دێموکراتیك لە ئێران دا، ڕوو دەدا. ئازادیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە ئازادیی ئێرانەوە بەستراوەتەوە، بە ئێرانێکی ئازادو دێموکراتیك.

ماڵپەڕی: ایران امروز

## دیسان پیلانگێڕیی سایتی "بازتاب"

### بۆ گرژیو ئاڵۆزی ساز کردن لەنێوان ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان

ماڵپەڕی موحسینی ڕەزایی، فەرماندەری پێشووی سوپای پاسداران، لە درێژەی پیلانیگێڕی دژی گەلی کوردو چەواشەکردنی ڕاستییەکانی پێوەندیدار بە کوردستان دا، ڕۆژی ٩ی ڕەشەمە، هەواڵێکی دیکەی درۆی لەژێر سەردێری "گیرانی چەند ئەندامی P.K.K بەهۆی ڕاپۆرتی دێموکراتەکانەوە" بڵاو کردەوە.

بەپێی هەواڵەکە هاوکاریی چەند ئەندامی دەستگیرکراوی حیزبی دێموکرات لەگەڵ هێزە ئەمنییەتییەکانی کۆماری ئیسلامی، بووە بەهۆی شناساییو گیرانی ١٢ کەس لە هێزەکانی لقی ئێرانیی P.K.K. بەپێی هەواڵی "بازتاب" ئەم کەسانە، لەم ڕۆژانەی دواییدا، لە شارۆچکەی "کانی دینار"ی سەر بە شاری مەریوان گیراون.

ئەم هەواڵەی "بازتاب"، وەك زۆربەی هەواڵو ڕاپۆرتی دیکەی پێوەندیداری ئەو سایتە بە کوردستان، فڕی بە ڕاستییەوە نیە. هەوڵێکە بۆ دروستکردنی دڕدۆنگیو بێمتمانەیی لەنێوان ئەندامانو لایەنگرانی حیزبو ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان کە بەهۆی ناسرانی نیازو مەبەستە چەپەڵەکانی بەڕێوەبەرانی ماڵپەڕی "بازتاب"و دەرکەوتنی بێپایەبوونی زۆربەی هەواڵەکانی بۆ خەڵکی کوردستان، سەرکەوتوو نابێ.

دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات لە ڕاگەیەندراوێك دا:

## ڕێژیم دەیەوێ ئازەرییەکانی ماکۆ لەدژی براکوردەکانیان هان بدا

بەدوای خۆپێشاندانی ڕۆژی ٢٧ی ڕێبەندانی خەڵکی شاری ماکۆ کە بە توندترین شێوە لەلایەن هێزەکانی کۆماری ئیسلامییەوە سەرکوت کراو، بوو بەهۆی شەهید بوونی ١٠ کەس لە خۆپێشاندەرانو بە دەیان کەسیش بریندار بوون، ڕێژیم کەوتۆتە هەوڵی وەڕێخستنی پیلانێکی نوێ.

دەزگا ئیتلاعاتیو نیزامییەکانی ڕێژیم، دوای خۆپێشاندانەکە کەوتنە دارشتنی پیلانی تاڵانو ئاگرتێبەردانی دووکانو بازاڕی خەڵكو، ئەو پیلانەیان بەهۆی کەسانی نائاگاو غەیرە مەسئولەوە بە ئەنجام گەیاند. ئێستا هەر ئەم دەزگایانە هەوڵ دەدەن تاوانی ئەو کارە ناڕەوایانەیان باوێنە ئەستۆی خۆپێشاندەرانو لەم ڕێگایەوە برا ئازەرییەکان لەدژی برا کوردەکانیان هان بدەنو بەمجۆرە تۆوی ناکۆکی لە نێوانیان دا بڵاو بکەنەوەو کێشەو ئاژاوە بنێنەوە. دەفتەری سیاسیی حیزب لەم پێوەندییەدا ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردۆتەوە کە لە لاپەڕە ٢ی ئەم ژمارەیەی "کوردستان" دایە.

وردەکارییەکانی هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر بنکەکانی حیزب لە کۆیە لە وتوویژ لەگەڵ کاك حەسەن شەرەفیدا ٢
هەواڵەکانی کوردستان ٣
ڕۆژی گەشبینی لە بارەی دوارۆژەوە ٤
دۆسیەی ئەتۆمیی ئێرانو بەرژەوەندییەکانی چینو ڕووسیە ٤
دێموکراسیی ڕاستەقینە یان دێموکراسیی ڕواڵەتی ٨
فازێکی نوێ لەخەباتی مافخوازانەمان دا ٨
وتوویژ: کوردو ڕاپەڕینی جەماوەری، دوێنێ سنە ئەمڕۆ ماکۆ ١٠
دوکتور ڕۆئیا تلووعی: من دەگەڕێمەوە وڵات، بەڵام لەگەڵ هەموو پێشمەرگەکانو شۆڕشگێڕانی وڵاتە سەربەرزەکەم ١١

## راگەیەندراو

# لە مەحکووم کردنی جینایەتی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە خەڵکی شاری ماکۆو دەوروبەری

**هاونیشتمانە بەڕێزەکان!**
**کۆمەلانی خەباتگێری خەڵکی کوردستان!**

رۆژی ٢٣ی ڕێبەندان لە ئاگادارییەکی گشتیدا بە ئاماژە کردن بە لێدوانی بەرپرسێکی ئەمنییەتی ڕێژیم لە گەڵ ماڵپەڕی "بازتاب" هاونیشتمانان و کۆمەلانی خەڵکی کوردستانمان لە پیلانێکی تازەی ڕێژیم لە دژی ئازادیخوازانی ئێران و مافخوازانی گەلی کورد و باقی نەتەوەکانی ئێران ئاگادار کردوە، بە داخەوە دەبینین ئەو پێش بینییە زۆر زوو هاتە دی و شەپۆلێکی تازە لە کوشتارو سەرکوتی خەڵکی ئازادیخوازاو و رۆڵەکانی گەلی کورد دەست پێ کردوە، لەو پێوەندییەدا سەعات ١٠/٣٠ی پێش نیوەڕۆی رۆژی پێنج شەممە رێکەوتی ٢٧ی رێبەندانی ١٣٨٤ی هەتاوی خەڵکی شاری ماکۆ کە بە ئیعتراز بە زوڵم و زۆری ڕێژیم و بێعداڵەتی دەرحەق بە رۆڵەکانی نەتەوەی کورد رژابوونە سەر شەقام و شوێنە گشتییەکان و خۆپێشاندانێکی هێمنانەی بەرینیان وەڕێ خست و بە دانی دروشمی دژی ڕێژیم و دروشمی نەتەوایەتی بێزاریی خۆیان لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و سیاسەتەکانی دژ بە رۆڵەکانی نەتەوەی کورد دەربڕی، خۆپێشاندانەکە بە توندترین شێوە لە لایەن هێزەکانی ڕێژیمەوە هێرشی کرایە سەرو سەرکوت کرا.

لە ئاکامی تەقەی هێزەکانی ڕێژیم بە داخەوە ١٠ کەس لە خۆپێشاندەران شەهید بوون و ٢٥ کەسیش بە توندی بریندار بوون و سەدان کەسیش دەستگیر و رەوانەی زیندان کران. رۆژی یەک شەممە ٣٠ی ڕێبەندانیش خەڵکی ناوچەکانی ماکۆ، شوت و پۆڵدەشیش بە ئیعتراز بەو رەفتارەی ڕێژیم و بە پشتیوانی لە خەڵکی ماکۆ خۆپێشاندانیان وەڕێ خست کە ئەو خۆپێشاندانانەش لە گەڵ هێرشی هێزەکانی ڕێژیم و تەقەی بەکرێگیراوان بەرەوروو بوون و لە ئاکام دا ٦ کەس لەو خۆپیشاندەرانەش بریندار بوون کە لە نێویان دا ژنێکی ٢٥ساڵەو منداڵێکی تەمەن ٧ ساڵی دەبیندرێ.

لەو پێوەندییەدا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای مەحکووم کردنی ئەو رەفتارە دڕندانەیەی ڕێژیم دەرحەق بە رۆڵەکانی گەلی کورد لە ماکۆ سەرەخۆشی لە بنەماڵەو کەس و کاری شەهیدەکان و خەڵکی بە شەرەفی ماکۆ دەکاو هیوای چاك بوونەوەی هەرچی زووتر بۆ زام هەڵگرتوەکانی ئەم رووداوە دەخوازێ و لە هەمان کاتیش دا داوا لە کۆڕو کۆمەڵە مرۆڤ دۆستەکان و لایەنگرانی مافی مرۆڤ دەکا کە بۆ ئازادیی دەستگیر کراوەکان تێبکۆشن و ئەو جینایەتەی ڕێژیم لەقاو بدەن.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**دەفتەری سیاسی**
**١٣٨٤/١٢/١ی هەتاوی**

# راگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

## "خەڵکی شاری ماکۆو دەورووبەری لەبەرامبەر پیلانەکانی ڕێژیم دا بە وریایی‌و هەست بە بەرپرسایەتی هەڵسوکەوت بکەن"

## پیلانێکی دیکەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دژی خەڵکی شاری ماکۆو دەورووبەری

هاونیشتمانە بەڕێزەکان!

خەڵکی تێکۆشەری کوردستان!

دانیشتووانی شاری ماکۆو دەوروبەری!

لە رەوتی خۆپیشاندانەکانی خەڵکی شاری ماکۆو دەورووبەری لە رۆژەکانی ٢٧ تا ٣٠ی ڕێبەندان دا کە بە داخەوە بە هۆی هێرشی هێزەکانی ڕێژیم، ١٠ کوژراوو ٢٥ بریندارو سەدان دەستگیرکراوی لێ‌کەوتەوە، دەزگا ئیتلاعاتی‌و نیزامییەکانی ڕێژیم لەو شارو شوێنانە کەوتنە دارشتنی پیلانی تالآن‌و ئاگر تێبەردانی دووکان و بازاڕی خەڵك‌و ئەو پیلانەیان بەهۆی هێندێ کەسی نائاگاو غەیرە مەسئوولەوە بەئەنجام گەیاند، پیلانێك کە لە خۆپیشاندانەکانی هاوینی رابردووش دا بە ئاگر تێبەردانی حوسەینییەی شاری سەقزو پاساژی حەمید لە سنە بەڕێوەیانبرد. ئێستا ئەم دەزگا سەرکوتکەرو پیلانگێڕانە هەوڵ دەدەن تاوانی ئەو کارە نارەوایەیان لە ماکۆ، باوێنە ئەستۆی خۆپیشاندەران‌و لەو ڕێگایەوە هەستی برا ئازەرییەکانی دانیشتووی شاری ماکۆ و دەورووبەری خەوشدار بکەن‌و برا ئازەرییەکان لە دژی برا کوردەکانیان کە لە کۆنەوە بە یەکەوەو بە برایەتی دەژین هانبدەن‌و بەجۆرە تۆوی ناکۆکی‌و دووبەرەکی لە نێویان دا بڵاو بکەنەوەو کێشەو ئاژاوەیان لەنێودا بنێنەوەو ئامانجە گلاوەکانیان بێننە دی.

لەو پێوەندییەدا هەموو دانیشتووانی شاری ماکۆ و دەورووبەری بە کوردو ئازەرییەوە وریادەکەینەوە و لەو پیلانە گلاوەی ڕێژیم ئاگاداریان دەکەین‌و چاوەڕوانین کە نەکەونە داوی تەندراوی ڕێژیمەوە. پێویستە بە تەواوی لەسەر هەستبن‌و وریایی‌و هەست بە بەرپرسایەتیی خۆیان بپارێزن‌و لەو ڕێگایەوە نە تەنیا پیلانی دەزگا ئیتلاعاتی‌و سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم پوچەڵ بکەنەوە بەڵکوو دەست لەناو دەستی یەك‌و بە پاراستنی حورمەتی برایەتی‌و تێکەڵاوی رۆڵەکانی دوو گەلی کوردو ئازەری لەم ناوچەیە ڕێژیم‌و دام‌و دەزگا پیلانگێڕەکانی لەگەڵ سەرشۆڕی‌و ناهومێدی بەرەوڕوو بکەن. هەروەها نیشانی‌بدەن کە برایەتی‌و هاوخەباتیی رۆڵەکانی دوو گەلی کوردو ئازەری زۆر لەوە بەهێزترو سەقامگرتووترە کە ڕێژیمی پێشێلکەری ماف‌و ئازادییەکانی هەردوو گەلی کوردو ئازەری‌و باقی گەلانی ژێر ستەمی ئێران بتوانن رەخنەی تێ بکەن‌و درزی تێ بخەن.

**بە هیوای وریایی و مەسئوولانە هەڵسوکەوت کردنی هەموو لایەك.**

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
دەفتەری سیاسی
١٣٨٤/١٢/٢ی هەتاوی
٢٠٠٦/٢/٢١ی زایینی

# وردەکارییەکانی هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر بنکەکانی حیزب لە کۆیە

## لە وتوویژ لەگەڵ کاك حەسەن شەرەفی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزب

**بەشی دووهەم**

**مێهدی مێهرپەروەر**

**کاك حەسەن لە بەشێکی دیکەی ئەو بابەتی "بازتاب"دا هاتوە کە ئەحمەدی کازمی، رێکەوتننامەیەکی سیاسی نیزامیی لەگەڵ رێبەرانی کوردی ئۆردوگای کۆیەدا ئیمزا کردوە، کە بەپێی ئەو رێکەوتننامەیە ئەوان چەکەکانیان وەلا ناوە و عەمەلییاتی نیزامی بەرێوە نابەن و تەنیا چالاکیی سیاسی ئەنجام دەدەن. لە بەرامبەریش دا ئێران لە کردەوەی چەکدارانەی دژی ئەوان خۆدەپارێزێ. بەرێزتان لەو پێوەندییەدا چی دەڵێن؟**

ــ من ئەوەی بەتەواوی وەدرۆ دەخەمەوە و هیچ پێوەندییەك لەبەینی ئێمە و ئەو هێزەو فەرماندەی ئەو هێزانەدا کە هاتبوون بۆ سەرکوتی ئێمە لەگۆڕێ دا نەبووە، ئەوان پێش ئەوەی کە ئێمە لەو شوێنەی ئێستاشمان موستەقەر بین. لە شوێنەکانی دیکەش کە بڵێین لە قەندیل، لە سنووری ئێران و عێراق، لە "گەورە دێ" هەمیشە ئەو تۆپباران و بومبارانەیە چ هەوایی و چ تۆپخانەیی بۆ سەر بنکەکانی ئێمە درێژەی هەبووە و قەتیش مەبەست ئەوە نەبووە کە شێوەیەك خەبات وەلا بنرێ، شێوەی دیکەی خەبات، بگیرێتە بەر. بەڵکوو هەدەف هەر زەربەلێدان و لەبەین بردن یا کزکردنی حیزبی دێموکرات بووە. لەبەینی هاورێیانی ئێمەو لەبەینی ئەو هێزەدا کە ئێستا دەردەکەوێ یا ئەو وەختەیش هەر رەنگە هەر مەعلووم بوو بە فەرماندەیی "کازمی"یە هیچ شتێك پێوەندییەکی نە حوزووری و نە تەلیفونی نە نووسراوەیی لەبەین نەبووە. ئەویش کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران خەباتی چەکداریی وەلانابێ قەت ئەو حیزبە هیچ شێوە خەباتێکی لە خەباتەکانی کە بۆ گەیشتن بۆ ئاواتەکانییەتی وەلانەناوە. بەڵکوو ئەگەر ئەو شێوەیە لە خەبات ئێستا کەمرەنگ بۆتەوە یا کەمرەنگتر دەکرێ یا هەر ناکرێ زۆرتر بۆ رەعایەتی وەزعی ئەو تەجروبەیە کە لە کوردستانی عێراق جێگیر بووە و رەعایەتی حاڵی وەزعی ئەوان بووە و لە بیرمە جارێکیش کە دیسانەکانێ هەر فەرماندەیەیکی سوپای پاسداران لە ئەمنییەتی نەواری مەرزی و مەناتیقی رۆژئاوای وڵات قسەی کردبوو، برادەرانی هێزەکانی کوردی عێراقی جەوابی ئەویان داوە کە ئەگەر ئەو مەناتیقانە ئێستا شێوەی خەباتی چەکدارییان تێدا بەرێوە ناچێ، سەرچاوەکەی ناگەرێتەوە بۆ بەهێز بوونی جمهووری ئیسلامی یا پێشگیرییەك کە جمهووری ئیسلامی بتوانێ لەو حەرەکەتانەی بکا. ئەوا برا کوردەکانی عێراقن کە لە بەر دۆستایەتییان لەگەڵ حیزبی دێموکرات دا، توانیویانە وەزعێکی وا وە رەوابێکی وایان هەبێ کە لە حیزبی دیموکراتیان بوێ رەعایەتی وەزعی ئەوان بکا وحیزبی دێموکراتیش بە تەواوی رەعایەتی وەزعی ئەوانی کردوە. ئەو حەقیقەتە لە زمانی بەرپرسێکی هەرەبەرزی هێزەکانی سیاسیی کوردستانی عێراق لە جەوابی ئەو ئیدعایەی کۆماری ئیسلامی دا درایەوە.

**کاك حەسەن ٩ ساڵ بەسەر ئەو مەسەلەیە تێ دەپەرێ بۆچی ئەو مەسەلەیە دوای مردنی ئەحمەدی کازمی بڵاو کراوەتەوە؟**

ـ ئەساسەن جمهووریی ئیسلامی لە سیاسەتی گشتیی خۆیدا بە تایبەتی لە سیاسەتی تەبلیغاتیی خۆیدا هەمیشە شتێکی وا بڵاو دەکاتەوە کە هیچ بوێ موهیم نیە راستە یا راست نیە، بوونی ئەوە موهیمە کە دەبێ لەو لەحزەیەداو لەو کاتەیەدا کە لە سەر مەسەلەیەك قسە دەکا چ بڵێ، ئەوان ویستیان کە ئەو موشکلاتەی کە لە نێو خۆی ڕێژیم دا سەبارەت بەو هەواپەیمایانەی کە بەر دەبنەوە هەر وەکوو بینیمان پێش ئەویش، بە فاسیلەی ٢٠ رۆژ، لە تاران هەر هەواپەیمایەکی هەڵگری فەرماندهانی نیزامی‌و ژمارەیەك هەواڵنێری رادیۆیی‌و تەلویزیونی جمهووریی ئیسلامی تێدا بوون بە سەر خانوویەکی لە جنووبی تاران دا کەوت‌و ژمارەیەکی دیکەی زۆریش مردن ئەو مەسەلەیە،ئەلعان بۆ وان مەسەلەیەکە کە ئایا ئەوە ناشی لە نەبوونی یەدەکی ئەو هەواپەیمایانەیە، فەرسوودەبوونی هەواپەیماکانە؟ یا خەیر عەواملێکی نێو خۆیی لە نێو خویان دا موشکیلاتی بەو جورەیان بۆ دەخولقێنێ، بۆ سەر پوش دانان لە سەر ئەوانە یا کەم رەنگ کردنەوەی ئەو دەنگۆیانەو ئەو شتانە، دەیانهەوی بە بەژن‌و باڵای ئەوانە هەڵ بڵێن کە لە دەستیان چوون و لەو جۆرە حەرەکەتە یا لەو رووداوانە کە روو دەدەن بۆ هەواپەیماکانیان بۆ فرۆکەکانیان دەیانهەوێ سەرپۆش لە سەر ئەوەی دابنێن. بێجگە لەوە کۆماری ئیسلامی هەمیشە ئەوانەی کە لە دەستی دەدەن زۆر زیاتر لە حەددی خۆیان بە بەژن‌و باڵآیان هەڵ دەڵێ، دەنا ئەگەر ئەحمەدی کازمی مەعلوومە کە لەوعەمەلیاتە دا بەشدار بووە فەرماندەیی کردووە، مەعلوومە کە لە رۆژئاوای وڵات و لە شەر دژی جوولانەوەی وڵات و خەڵکی کوردستانی ئێران دا بەشدار بووە،و ئەوان ئەوە بە ئیفتخارێك دەزانن کە لە قەتڵ‌وعامی خەلکی کورد دا، لە سەر کوتی خەڵکی کورد دا بەشدار بوون‌و با تەوەجوە بەوەی کە ئەحمەدی کازمی سابیقەیەکی زۆری لە سەرکوتی گەلی کورددا هەبووە لەو عەملییاتەش دا تەنانەت لە دەرەوەی خاکی ئێران و کوردستانی ئێرانیش دا لە عەمەلێیاتی



**کاك حەسەن شەرەفی**

دژی حیزبی دیموکرات بەشدار بووە وەکوو کارنامەیەکی باش لە لە روانگەی جمهووریی ئیسلامی‌یەوە وەکوو خەدەماتێك کە ئەو بە جمهووریی ئیسلامی کردون لە سەرکوتی کوردا، ئەوانە باس دەکەن و مەسائیلی ئاوا پاش ماوەی زیاتر لە ٩ ساڵ‌و نزیك بە ١٠ ساڵ ئەو مەسەلانە مەترەح دەکەن.

**کاك حەسەن هەر وەك پێشتریش ئاماژەت پێکرد، ڕێژیم ئیددعا دەکا کە دوای ئەو پەلامارە، حیزب خەباتی چەکدارانەی راگرتووە. ئوسوولەن کەمرەنگ بوونەوەی خەباتی چەکدارانەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە نێو خۆی وڵات بۆ چی دەگەڕێتەوە؟**

ـ من پێم خۆش بوو ئەوەت عەرز کەم، کەم رەنگ بوون یا نەبوونی عەمەلێیاتی نیزامی لە لایەن پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات و هیزەکانی کوردستانییەوە هەرگیزو هیچ پێوەندییەکی بەو هێرشە نیزامی‌یەوە نەبووە کە جمهووری ئیسلامی کردویە سەر بنکەکانی حیزبی دیموکرات لە عومقی ١٦٠ کیلۆمتری خاکی کوردستانی ئێراق دا. چونکە هەر دوای ئەو عەمەلییاتەی کە کرا بە قەولی خۆیان کە گۆیا وەعدەی ئەوەیان وەرگرتوە کە خەباتی چەکداری نەکرێ‌و ئەو جۆرە قسە بێ مەعنایانەو بێ مەبنایانە هەر ئەو وەختە دوای ئەو عەمەلێیاتەش، پێشمەرگەکانی ئێمەش لە نێوخۆی وڵات دا عەمەلییاتیان ئەنجام داوە لە زۆربەی ناوچەکان عەمەلێیاتی نیزامیی پیشمەرگەکان بەرێوەیان بردوە کە بۆ چەن مانگ دوای ئەو عەمەلێیاتەش دەگەرێتەوە. ئەو شتەیە کە وابوو وەختێك شتێکی ئاوا لە گۆڕێ دا بووە، ئەگەر بۆوەی گەراباو ئوسوولەن نەدەبوو دوای ئەو عەمەلێیاتەی هیچ حەرەکەتێکی نیزامی لە لایەن پێشمەرگەکانی حیزبەوە کرابا کە لە عەمەڵ دا دیتمان کرا بەڵام ئەوە کە خەباتی چەکداری بەرێوە ناچێ، بە مانای ئەوە نیە کە حیزبی دیموکرات ئەو شێوە خەباتەی وەلا ناوە. لە هەلومەرجی تایبەتی دا یا لە هەر هەلومەرجێکی تایبەتی دا شێوەیەك لە شێوەکانی خەبات مەجالی ئەنجامدانی زیاترە. شێوەیەك لە شێوەکانی خەبات، مەجالی بەرێوەبردنی کەمترە.

بە لە بەر چاو گرتنی ئەوەی کە ئێستا تەجروبەیەك لە کوردستانی عێراق بەرێوە دەچێ‌و کورد لەو پارچەیە خەریکە بە هێندێك یا بە بەشێك لە ماف‌و ئازادییەکانی خۆی دەگا. گەیشتووە برێك لەو بارەوە چاوەروانییان لە حیزبی دێموکرات و هێزەکانی دیکەی کوردستانی ئێران هەیە کە حەرەکەتێك نەکەن کە پێوەندییەکانی ئەوان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ‌و یەك لەوان جمهووریی ئیسلامی بشێوێنێ. دیارە من پێم خۆشە ئەوەیشی لێ زیاد بکەم، چ ئەوە حیزبی دیموکرات رعایەتی وەزعی کوردەکانی عێراق بکا چ کوردەکانی عێراق چاوەروانییەکی بە حەقیان لە حیزبی دیموکرات‌و هێزەکانی دیکەی کوردستانی ئێران هەبێ کە رعایەتی وەزعی ئەوان بکەن کە کردوشیانە. دەبێ ئەوەشمان لەبەر چاو بێ کە جمهووریی ئیسلامی لە حالێك دا دەس لە دەخالەت‌و دەستێوەردان لە عێراق بە گشتی و لە کوردستانی عێراقیش دا هەڵ ناگرێ. ئەوەی کە دەیبینین ئێستێ لە ناوچەکانی جنووب‌و لە ناوەندی عێراق دەگوزەرێ بێ‌گومان بەشێکی ئەساسیی دەگەرێتەوە بۆ دەخاڵەت‌و دەستێوەردانی جمهووریی ئیسلامی بەوحالەش ئەوە بە کوردی ئێرانی مەربووتەو هەمیشە گوتومانە بە حیزبی دیموکرات مەربووتە کە زیاتر لە هەموان گوتومانە، ئێمە بە خاتری بەرژەوەندیی کورد بە گشتی و کورد لە کوردستانی عێراق ئێمە مایە داناوەو لە هێندێك مەسڵەحەت‌و مەنافیعی کورتخایەنی حیزبی دێموکراتیش بە خاتری سەرگرتنی تەجروبەکەی ئەوان، لە خۆمان مایەمان داناوە لە خۆمان ئەو هەلومەرجانە قابیلی گۆرانن‌و کەڵك وەرگرتن لە شێوەکارنی خەباتیش لە لایەن پیشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتەوە بە پیی ئەو هەلومەرجانەی کە ئاڵوگۆریان بەسەردادێ رەنگە گۆڕانیان بەسەر دابێ، هەروەك پێشتریش ئاماژەم پێ‌کرد هەر هەلومەرجێك‌وا شێوەیەك لە شێوەکانی خەبات مەجالی پڕرەنگ بوون‌و زیاتر بەرێوەچوونی بۆ دەرەخسێ‌و لە هەلومەرجێکی دیکە دا شێوەکانی دیکەی خەبات هەلومەرجی باشتریان بۆ دەرەخسێ‌و رەنگە شێوەیەك لە خەبات کەمرەنگ تر بێ لە ماوەی ئەو چەن ساڵەدا کە جمهووریی ئیسلامی لە سەر کارەو ئێمە بۆ رووخانی، خەبات دەکەین بۆ وەدەیهێنانی مافی نەتەوایەتیی کوردو بۆ دابینبوونی دێموکراسی لە ئێران خەبات دەکەین دەبینین لە مەقاتیعی جوراوجوردا شێوەهای جوراوجوری خەبات بەرێوە چوون و لە هەریەك لەو مەقتەعانەش دا رەنگە دەرفەت‌و مەجالی یەکێك لە شێوەکانی خەبات زیاتر بووبێ لەوانی دیکە.

**کاك حەسەن شەرەفی زۆر سوپاس لەوەی کە دەعوەتی ئێمەت قبوول کردوو لەم وتوویژە دا بەشداریت کرد.**

ـ سوپاسی ئێوەش دەکەم‌و سەرکەوتنتان بۆ بە ئاوات دەخوازم. هیوادارم هەر بە وردبینییەوە بروانننە ئەو قەزاوایەو بۆ روونکردنەوەی هەموو ئەو شتانە زیاتر لە پێوەندی دا بن، لەگەڵ ئەوانەی کە پێوەندییان بەو جۆرە مەسایلەوە هەیە بۆ وەی کە خەڵکی کوردستان گرفتاری چەواشەکارییەکانی ڕێژیم‌و ئەو تەبلیغاتە ژەهراوی‌و درووینە نەبن کە بەردەوام لە ماوەی بیست‌و شەش حەوت ساڵی رابردوو جمهووریی ئیسلامی دژی بزووتنەوەی کورد وحیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کردوویەتی.

# بڕووخێ ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران

# هەواڵەکانی کوردستان

## چالاکیی تەبلیغیی ئەندامان و لایەنگرانی نهێنیی حیزب لە نێوخۆی وڵات

دەیسانەوە ئەندامانو لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنـەی کرانـەوەی کـەناڵی ئاسمـانیی "تیشـك" چالاکیی تەبلیغاتییان بەڕێوە برد، کە جۆری تەبلیغاتەکان بریتـی بـوون لـە بڵاوکردنـەوەی فڕکانسـی ئـەم کاناڵـەو دروشـمو تراکتی تەبلیغاتیی حیزب. ئەو شارانەی کە تەبلیغاتیان تێدا بەڕێوە چوو، بریتین لە: نەغەدە، کامیـاران، تـاران، بۆکـان. بـۆ زانیاریی زیاتر لەم پێوەندییەدا بڕواننە سایتی کوردستان میدیا.

## خۆپیشاندانەکانی ماکۆو ناوچەکانی دەوروبەری


چەند دیمەنێك لە خۆپیشاندانی شارەکانی کوردستان دژی ڕێژیم

بەدوای خۆپیشاندانەکەی پێنج شـەممە ٢٧ی ڕێبەنـدانی شاری مـاکۆدا، کـە لـەودا ١٣ کـەس کـوژرانو ٢٥ کـەس بریندار بوونو ٧٠٠ کـەس دەستبەسـەر، هـەروەها بـەدوای ئاڵۆزیی بادرودۆخی ماکۆو ناوچـەکانی دەوروبـەری، ڕێـژیم ویسـتی بـە پیلانێـك ڕۆژی چوارشـەممە ٣ی ڕەشـەممە، بـە مەبەستی ئاژاوەنانەوە لە نێوان دانیشتوانی کوردو ئـازەری، خۆپیشاندانێك ڕێك بخا، کە بە خۆشییەوە ئەم پیلانە سـەری نەگرتو هەر لەم پێوەندییەشدا ئازەرییەکانی شـاری مـاکۆ بۆ پشتگیریکردن لە کوردەکانی مـاکۆ، قـەرارە ڕۆژی ١٦ی ڕەشەممە، خۆپیشاندانێك ڕێك بخەن کە بەرچاوترین بەشی ئەم هەواڵـە هەڵوێسـتی دوکتـورێکی ئـازەری بـەناوی محەمـەد چەمکانی‌یە کە وێڕای مەحکوومکردنی جینایەتەکانی ڕێژیم داوای لـە هاوشـارییە کـوردو ئازەرییـەکانی دەکـا کـە بـە وریایی‌و هەسـت بـە بەرپرسـارێتی‌کردنەوە بـەرەوڕووی ئـەم پیلانە ببنەوە.

هـەر لـە درێـژەی خۆپیشـاندانەکاندا، ڕۆژی ٣٠ی ڕێبەنـدان، خـەڵکی پۆلدەشـت بـۆ پشـتیوانیکردن لـە خۆپیشـاندانەکانی خـەڵکی مـاکۆو شـوت ڕژانـە سـەر شەقامەکانو خۆپیشاندانێکیان وەڕێ خست کە لـە ئاکـامی تێکهەڵچوونەکانی نێوان ئەوانو هێزەکانی ڕێژیمدا ٦ کـەس لـە خۆپیشـاندەران برینـدار بـوو، بـەڵام هـیچ یـەك لـەو توندوتیژییانە نەیانتوانی پاشەکشە بە خـەڵك بکـەن، بۆیـە خەڵکی ئازادیخوازی مـاکۆ، جـارێکی دیکـەش ڕژانـە سـەر شـەقامەکانو وێـڕای گوتنـەوەی دروشـم لـە دژی ڕێـژیم، خوازیـاری ئـازادکردنی دەستبەسـەرکراوەکان بـوون، بـەڵام هێزەکانی ڕێـژیم بـە جێگـای وەڵام، بـۆ چاوترسـێن کردنـی خەڵك بە هێلی‌کۆپتێر هاتنە سەر شارو پاشانیش بـۆ بـڵاوە پـێ‌کردنی خـەڵك، ٦ کەسـی دیکـەیان لـە خۆپیشـاندەران دەستبەسەر کرد. شایانی باسە لە درێژەی خۆپیشاندانەکاندا چەند کەسی دیکە بە ناوەکـانی حەمیـد قەنـدکانلوو، میـزا جنیکانلوو، محەمەد کوڕی قادرو عەبـدوڵڵا نوسـرەتپوور بـە هۆی دەستڕێژی هێزەکانی ڕێژیمـەوە برینـدار بـوون. شـایانی باسە کە یەکێك لە کوژراوەکانی ئـەم دوایانـە، کـوڕێکی ٧ ساڵانە بەناوی محەمەد ڕەحمـانی‌زاد بـوو. هـەروەها بـە پێـی یەکێك لە هەواڵەکان، یۆنێسف ئاهەنگ خۆش ـ کە ئـەویش یەکێك لـە دەسبەسـەرکراوەکان بـوو ـ پـێ دەچـێ لـە ژێـر ئەشکەنجەی توندا کوژرابێ.

خەڵکی شاری ماکۆ چ کورد چ ئازەری، هەر لە درێژەی خۆپیشـاندانەکانیاندا شـاندێکی بـەناو بـۆ چارەسـەری کێشەکان بە مەبەستی هێمن کردنەوەی بارودۆخو وازهێنـان لە داخوازییەکانیان، ڕاو دەنێنو بە هێرش کردنـە سـەریان، ناچار دەکەن شـوێنی کۆبوونەوەکـە بـەجێ بـێڵن. ئـەم شـاندە ڕۆژی ٨ی ڕەشەممە، بەڕواڵـەت بـۆ چارەسـەری کێشـەکانی خـەڵکی شـاری مـاکۆو دەوروبەری‌و، لە بنەڕەتدا بۆ داواکردن لەوان بۆ وازهێنـان لـە داخـوازیی بەسـزاگەیاندنی بکـوژانی خـەڵکی مـاکۆو دەوروبـەری، دەچـێتە شـاری بازەرگان، نەك بۆ لەقاودانو بەسزاگەیاندنی بکوژانی خـەڵکی مـاکۆ کـە خودی ڕێژیم خوڵقێنەری سەرجەمیانن.

جێـی باسـە کـە شـاندی بـەناو چارەسـەری لـە ١٦ کـەس لـە کاربەدەستانی ڕێژیم پێك هاتبوو کە لە پارێزگاکانی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا و تارانەوە هاتبوون.

لە کۆتایی‌دا دەبێ بڵێین کە کۆماری ئیسلامی بـەم پیلانانـە، تـەنیا مەبەستی نانەوەی شـەڕو دوژمنایـەتی لـە نێـو نەتـەوەکانی ئێرانـە بـۆ درێژکردنەوەی تەمەنی نگریسی خۆی. کـوردو ئـازەری هـەر لـە کۆنـەوە دراوسێ بوونو هەمیشە بە ئاشـتی‌و تەبایی‌یـەوە پێکـەوە ژیـاونو هـیچ پیلانێك ناتوانێ ئەم برایەتی‌یە تێك بدا.

## بەدوای ڕاگەیاندنی حوکمی ئێعدامی مستەفا ڕەسووڵنیادا، لاوانی مەهاباد ڕژانە سەر شەقامەکان

ڕۆژی ١٣٨٤/١٢/١، لە پاش ڕاگەیاندنی حوکمی ئێعدامی مستەفا ڕەسووڵنیا، گۆیـا بـە تاوانی کوشتنی یەکێك لە هێزەکانی ڕێـژیم لـە ڕەوتـی خۆپیشـاندانەکانی هـاوینی ڕابـردوودا، خەڵکی مەهاباد ڕژانە سەر شەقامەکانو بەئاگردانی لاسـتیكو گوتنـەوەی دروشـمـەکانی "بژی حیزبی دێموکرات"، "قاسملوو قاسملوو ڕێگات درێژەی هەیە"، "دایە مـەگری بـۆ ڕۆڵـە شـەرتە بستێنین تۆڵە"و... نارەزایەتیی خۆیان لەو بڕیارە دژی‌گەلی‌یانەو نادادوەرانەیە نیشان دا.

لە ڕەوتی خۆپیشاندانەکەدا هێزەکانی ڕێژیم پەلاماری خەڵکیان داو ئەوانیش بە فڕێ دانـی بەردو کوکتێل مۆلۆتۆف وڵامی خۆیان دایەوەو هەروەها چەند کەس لە هێزەکانی ڕێژیم بـەهۆی هێرشی خۆپیشاندەرانی تووڕەو وەزاڵەهاتووەوە بریندار بوون.

شیاوی وتنە کە ئەم خۆپیشاندانانە تا درەنگانی شەو درێژەی کێشاو لە تێکهەڵچوونی نێوان لاوانو هێزی ئینتیزامی‌دا چەند کەس دەستبەسەر کراون.

## خوێندکارانی کورد لە تاران لە خۆپیشاندانێك دا نارەزایەتیی خۆیان لە سەرکوتی خەڵکی ماکۆ دەربڕی

سەرلەبەیانیی ڕۆژی سێ‌شەممە نزیکەی ٤٠٠ کـەس لـە خوێنـدکارانی کـوردی زانکۆکـانی شاری تاران بۆ دەربڕینی نارەزایەتیی خۆیان لە دژی سیاسەتە سەرکوتکەرانەکانی ڕێژیم دەرهەق بە خەڵکی کوردستانو بە تایبەت سەرکوتی بێ‌بەزەییانەی خۆپیشـاندەرانی مـاکۆو ناوچـەکانی دەوروبەری خۆپیشاندانێکیان وەڕێ‌خست.

بەپێی هەواڵ لەم خۆپیشاندانەدا کە لە بەرانبەر کۆلیژی ئـەدەبیاتو زانسـتە مرۆییـەکانی زانکۆی تاران بەڕێوەچوو، خوێندکاران بە خوێندنەوەی سروودی "ئەی ڕەقیب"و دانی دروشمی دژ بە ڕێژیم، نارەزایەتیی خۆیان بەرانبەر بـە سیاسـەتە سـەرکوتکەرانەکانی ڕێـژیم لـە کوردسـتان دەربڕی.

## بۆ پشتیوانی لە خۆپیشاندانەکانی ماکۆ

بـەدوای خۆپیشـاندانەکانی خـەڵکی ئـازادیخوازی مـاکۆ، بـۆ نیشـاندانی نارەزایـەتی لـە سـەرکوتو کوشـتوبڕی ڕۆڵـەکانی نەتەوەی کـورد لـە شـاری مـاکۆو دەوروبـەری لـە لایـەن هێزەکـانی ڕێژیمەوە، خەڵکی بەشێك لە گوندو شـارەکانی کوردسـتان خۆپیشـاندانیان وەڕێ‌خسـتو ئـەو کـردەوە دزێـوەی کۆمـاری ئیسـلامییان مـەحکووم کـرد. بەشێك لـە شـوێنەکان بـریتین لـە: گونـدی "هـەفتاوان" لـە ناوچـەی سـەڵماس، سـەقز، پۆلدەشـتو کۆمـەڵێك خوێنـدکاری کـورد لـە تارانیش کـە نزیکـەی ٤٠٠ کـەس دەبـوون، نارەزایـەتیی خۆیـان بـە خوێندنـەوەی سـروودی "ئـەی ڕەقیـب"و دانـی دروشـمی دژ بـە ڕێژیم، دەربڕی.

# چالاکییەکانی دەرەوەی وڵات

## چاوپێکەوتنی نوێنەری حیزب لە ئیسپانیا لەگەڵ چەند بەرپرسێکی وڵاتانی ئورووپایی

ڕۆژی سێ‌شەممە، ٢٠٠٦/٢/١٤، کاك ڕەحیم قادری، نوێنەری حیزب لە ئیسپانیا چاوی کەوت بە بەڕێز ئالبێرتۆ مۆرینۆ، بەرپرسی بەشی ڕۆژهەڵاتی ناڤینی وەزارەتی دەرەوەی ئیسپانیا.

لە چاوپێکەوتنی نێوان هەردوولادا باس لەسەر ئێرانو پێداگریی بەرپرسانی ڕێژیم بـۆ وەدەسـتهێنانی چـەکی نـاوکی‌و پێویسـتیی پشتیوانی لە هێزە دێموکراتیکەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیم کرا.

نوێنەری حیزب لەم چاوپێکەوتنەدا ئاماژەی بە بیانووەکانی وڵاتانی ئورووپایی بۆ پێوەندیی‌گرتن بە کۆماری ئیسلامی‌یەوە، لەوانە پشتگیریی ئورووپا لە ڕەفسەنجانی‌و بەناو هەوڵەکانی خاتەمی بۆ پێکهێنانی ڕیفـۆرم لـە ڕێـژیم دا کـردو گـوتی: "ئێسـتا کـە ڕێـژیم یەکدەست بووە، سەرجەم هیواو بۆچوونەکان پێچەوانە بوونەوتەوە دنیای دەرەوە دەبێ یارمەتیی خەڵکی ئێرانو هێزە دێموکراتیکـەکانی ئۆپۆزیسیۆن بدا".

کاك ڕەحیم قادری لەم پێوەندییەدا ئاماژەی بە "کـۆنگرەی نەتـەوەکانی ئێرانـی فیـدراڵ" کـردو سـەرنجی نـاوبراوی بـۆ لای ئـەم کۆنگرەیەو پێوەندیگرتن پێیەوە بە مەبەستی کردنەوەی فەسڵێکی نوێ لە پێوەندییەکانو گوشارهێنان بـۆ سـەر کۆمـاری ئیسـلامی، ڕاکێشا.

* هەر لە درێژەی چالاکییەکانی دەرەوەی وڵات، لە نیوەی دووهەمی مانگی ڕێبەندانو نیوەی یەکـەمی مـانگی ڕەشـەمەدا، لـە لایەن کومیتەی‌کانی دیکەی حیزبو بەرپرسانی ئەو کومیتانەوە کۆمەڵێك چاوپێکەوتنو سەردان لەگەڵ بەرپرسانی وڵاتانی دەرەوە پێك هاتوونو لەو سەر کێشە جیاجیاکان باسو وتووێژ کراوە. بۆ زانیاریی زیاتر لە سەر چۆنیەتی سەردانو چاوپێکەوتنەکان بڕواننـە سـایتی کوردستان میدا.

## خۆپیشاندان بۆ پشتیوانی لە سیاسەتە ناوکییەکانی ڕێژیم لە کرماشان هەڵوەشێندرایەوە

ڕۆژی سێ‌شـەممە، ١٣٨٤/١٢/٢، ڕێـژیم کـە دەیویسـت بـۆ نیشـاندانی پشـتگیریی خـەڵك لـە هەڵوێسـتەکانی سـەبارەت بـە پیتانـدنی یورانیـۆم، لـە شارستانی کرماشان دا، ڕێپێوانێك ڕێك بخا، ناچـار بـوو بـەهۆی بەشدارنەبوونی خەڵکەوە لە کردەوەیـەکی ئابڕووبەرانـەو سەرشۆڕانەدا، ڕێپێوانەکە بەڕێوەنەبا.

شیاوی وتنـە کـە ڕێـژیم هـەوڵێکی زۆری خستۆتە گەڕ بۆ ئەوەی مەسـەلەی پیتاندنی یورانیۆم بکاتـە مەسـەلەیەکی نەتـەوەیی‌و لـەم پێنـاوەدا دەیـەوێ بـە ڕاکێشانی خەڵك بـۆ سـەر شـەقامەکان، پشـتیوانیی ئـەوان لـە سیاسـەتە ناوکییەکانی خـۆی بـە وڵاتـانی جیهـان بسـەلمێنێ. بـەڵام هەڵوێسـتی بوێرانـەی خەڵکی کرماشان ئـەوەی پیشـان دا کـە خـەڵکی ئێـران بـە گشـتی هـیچ پشتگیرییەك لە سیاسەتەکانی ناکەن.

## لەترسی ڕاپەڕینی لاوان هێزەکانی ڕێژیم شەقامەکانی بۆکانیان تەنیوە

هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم لـە ترسـی ئەگەری خۆپیشاندانی لاوانی بۆکـان بـە هـۆی نارەزایـەتی لـە نـەبوونو کـەمیی بەنزینەوە، ڕۆژی هـەینی ١٣٨٤/١٢/٥، شـەقامە ناوەندییـەکانی شـار (شـەقامەکانی فەلەکـەی فەرمانـداری، چـوارڕای شـارەداریی‌و نەخۆشـخانەی کۆن)یان داخستو مۆڵەتی ڕاوەستانیان لەو شوێنانەدا بە خەڵك نەدا.

جێی باسە کە ماوەی چەند ڕۆژێکـە لـە شـاری بۆکـان دا کێشـەی نـەبوونو کەمیی بەنزین سەری هەڵداوەو شـۆفیری ماشینەکان دەبێ بۆ وەرگرتنی بەنزین ٤ تا ٥ کاتژمێر لە ڕیزی پۆمپ بەنزینەکان دا بوەستن.

## شاری سەقز کەشوهەوای حکوومەت نیزامی باڵی بەسەردا کێشاوە

لە پاش خۆپیشـاندانەکانی خـەڵکی ئـازادیخوازی ناوچـەی مـاکۆ، سـەرجەم شەقامو مەیدانـەکانی شـاری سـەقز لـە لایـەن هێزەکـانی ڕێژیمـەوە بـە تایبـەت مەئموورە پلەدارەکان، تەنراونو هێزەکان خۆیـان بـە کەرەسـەی جۆراوجـۆر بـۆ سـەرکوتی هەرچەشـنە خۆپیشـاندانو نارەزایەتییـەك، پۆشـتە کـردووەو شـار کەشـوهەوای "حکوومـەت نیزامیـی ڕانەگەیەندراوی" پێوە دیارە.

## سەردانی بەندکراوە سیاسییەکان لەبەندیخانەکانی مەهاباد دا قەدەغە کرا

چاوپێکەوتنی بنەماڵەو کەسوکاری بەندکراوە سیاسییەکان لە گەڵیاندا بەپێی بەخشنامەیەکی نوێ کە لە تارانەوە بەڕێی دادگای "ئینقلاب"ی مەهاباد کراوە، قەدەغە کرا.

جێی باسە کە کاربەدەستانی بەندیخانەکان هۆی ئەم بڕیارەیان بۆ کەس‌وکاری بەندکراوە سیاسی‌یەکان ڕوون نەکردۆتەوەو ئەوانیش نارەزایەتیی خۆیان لەم بڕیارە بێ‌جێ‌و نایاسایی‌یە دەربڕیوە.

## باوکی دوو شەهیدی سەربەرزی حیزب کۆچی دوایی کرد

شەوی ١٣٨٤/١٢/٩، خاڵە مستەفا ڕۆستەمی، باوکی دوو شەهیدی هەمیشە زیندووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، شـەهید تـەها ڕۆسـتەمی (ساڵی ١٣٦٢ لە گوندی هـەنجیرانی مـەریوان دا شـەهید بـوو)و شـەهید شەمسـەدین ڕۆسـتەمی (سـاڵی ١٣٨٢ لـە گونـدی "مێراو"ی سنەدا شەهیدکرا) لـە گونـدی هوویـەی ناوچـەی ژاوەڕۆی مـەریوان دا بەهۆی نەخۆشی‌یەوە کۆچی دوایی‌کرد.

خاڵە مستەفا سەرەڕای بـەختکردنی دوو ڕۆڵـەی لـە ڕێگـای بەدەسـتهێنانی مافـەڕەواکانی نەتـەوەی کـورددا و پەروەردەکردنی کوڕێکی دیکـەی بـەناوی کامران ڕۆسـتەمی بـۆ خـەبات لـە دژی ڕێژیم لەنێو ڕیزەکانی حیزبی دێمـوکراتی کوردستانی ئێران دا، خـۆی یـەکێك لـە دڵسۆزترین ئەندامانی حیزب بوو کە لـە پێنـاوی سیاسـەتەکانی حیـزبو ئامانجەکانی نەتەوەی کـورددا هەمیشـە زوڵمو زەبروزەنگی ڕێژیمی دژی مرۆڤانیی کۆماری ئیسلامی لەسەر بووو لە هەمان کـاتیش دا ڕێـژیم سـەرەڕای بەنـدکردنی چەند جاری‌و ئازارو ئەشکەنجەیەکی زۆر، هیچکات نەیتوانی شوێن لەسـەر ورەی پۆڵایینو هەسـتو شـعووری نەتـەوەیی‌و ئازادیخوازانەی دابنێ.

مـاڵی خاڵـە مسـتەفا لـە کـاتی چوونەوەو هەبوونی هێزەکانی پێشـمەرگە لە ناوچەدا هەمیشە شـوێنی حەوانـەوەو متمانەی ئەوان بووە.


خاڵە مستەفا

بەم بۆنەوە هاوخەمی‌و سەرەخۆشیی خۆمان بە بنەماڵـەو کـەس‌وکاری خاڵـە مستەفاو تەواو خەڵکی گونـدی هوویـەو ناوچەی ژاوەڕۆ ڕادەگەیەنین.

ڕۆحی بێ.

## لە پەلامارێکی تیرۆریستی‌دا لە نزیك شاری سنە ئەندامێکی چالاکیی حیزب شەهیدو باوکی بریندار بوو

ڕۆژی هەینی، ١٣٨٤/١٢/١٢، لە کاتێك دا کاك پەیمان ئەڵڵامورادی، ئەندامی دڵسۆزو تێکۆشەری حیزب، لەگـەڵ بـاوکی کاك حسێن، لە گوندی "ئاساوڵە"وە بەرەو شاری سنە دەچوون لە لایەن دوو برای خۆفرۆشو جاشی ڕێژیم بـە ناوەکـانی شـاهۆو ئارەش ئەرشەدی، کوڕانی حاجی عەلی ئەرشەدی، بەچەقۆو دەمانچە هێرشیان دەکرێتەسـەرو بـەداخێکی زۆرەوە لـەم پـەلامارە تیرۆریستی، دڕندانەو دژی‌گەلییانەدا کاك پەیمان بەهۆی بەرکەوتنی گوللەی دەمانچەوە شەهیدو باوکیشی برینـدار دەبـێ. کـاك پەیمان وەك ئەندامێکی چالاكو بوێری حیزب، بەهۆی بەڕێوەبردنی چالاکییە تەبلیغییەکان لە بۆنە مێژوویی‌یەکان دا، بـۆ ڕێـژیمی دژی‌گەلیی کۆماری ئیسلامی ناسراوبووو هەروەها لە لایەن بەکرێگیراوانی ڕێژیمەوە چەند کەڕەت هەڕەشەی کوشتنی لێ کرابوو.

بەم بۆنەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵەو کەسوکاری شەهید پەیمان دەکەینو ئاواتی هەرچی زووتر سارێژبوونەوەی برینەکانی کاك حسێن، دەخوازین.

ڕۆحی شادو ڕێگای وەدیهێنانی ئامانجە بەرزەکانی پڕڕێبوار بێ.

## کۆچی دوایی لایەنگرێکی دڵسۆزو ئەمەکناسی حیزب ل ناوچەی هەورامان

لە گوندی شوشمێی خواروو، سەر بـە ناوچەی نەوسوودی هەورامان، مام کەریم ئەحمـەدی، لایـەنگرو دڵسـۆزی حیـزبو باوکی شەهیدی نەمر، سەروەت ئەحمەدی (ڕێکەوتی شەهید بـوون، سـاڵی ١٣٦٢) بە هـۆی سـەکتەی قەلبی‌یـەوە لـە ڕۆژی ١٣٨٤/١٢/٧دا کۆچی‌دوایی‌کرد.

مـام کـەریم هـەروەها بـاوکی لاوی بەئاوات نەگەیشتووو ئەنـدامی دڵسـۆزو لەخۆبردووی حیزب، لوقمـان ئەحمەدییـە. هـاوڕێی کـۆچ کـردوو کـاك لوقمـان لـە مەترسیدارترین هەلومەرجەکان دا ئەرکـە حیزبی‌یەکانی لەنێوخۆی وڵات دا بەوپەڕی لێهاتوویی‌یەوە بەڕێوەدەبرد.

ماڵی مام کەریم هەمیشـە شـوێنی حەسـانەوەو پشـوودانی پێشـمەرگەکانی حیزب لە ناوچەدا بووەو ناوبراو بەوپـەڕی دڵسۆزییەوە میوانـداریی پێشـمەرگەکانی دەکرد.

لە لایـەن ناوەنـدی ١ی کوردسـتانو سەرجەم ئەندامانو لایـەنگرانی حیزبـەوە سەرەخۆشی لـە بنەماڵـەی مـام کـەریمو خـەڵکی گونـدی شـوشمێ دەکـەینو ئاواتەخوازین ڕۆحی شادو ڕێگای گەیشتن بە ئامانجەکانی پڕڕێبوار بێ.

# ڕۆژی گەشبینی لە بارەی دواڕۆژەوە(*)

قادر وریا

ڕۆژی ٨ی مارسی ١٨٧٥، ژنانی کرێکاری نیویۆرك کە لە کارگەو کارخانەکانی چنین‌و ڕستن‌دا کاریان دەکرد، بۆ نارەزایەتی دەربڕین لە نزمبوونی هەقدەستەکانیان‌و هەلومەرجی سەخت‌و دژی ئینسانیی کارکردنیان، خۆپیشاندانیان وەڕێ خست. ئەم خۆپیشاندانە بە توندی لە لایەن پۆلیسەوە سەرکوت کرا. بەڵام خەباتی ژنانی کرێکار لە ساڵەکانی دواتردا، هەر درێژەی هەبوو. بە جۆرێك کە ٨ی مارسی ١٩٠٨، (لە ٣٣ ساڵەی سەرکوتی خوێناویی خۆپیشاندانی ژنانی کرێکاری نیویۆرك‌دا، جارێکی دیکە ژنانی کرێکاری بەشی چنین، هەر لە شاری نیویۆرك، ڕێپێوانیان بە مەبەستی قەدەغەکرانی کاری منداڵان‌و لە پێناوی بە ڕەسمی ناسرانی مافی دەنگدان بۆ ژنان‌دا، پێك هێنا. ڕووداوەکانی ئەم ڕۆژە، بوون بە هۆی ئەوە کە ساڵی ١٩٠٩، ٨ی مارس، وەك ڕۆژی نەتەوەیی ژنان لە ئەمریکادا، ڕابگەیەندرێ. ساڵی ١٩١٠یش کلارا زێتکین لە کۆنگرەی نێونەتەوەیی سوسیالیستەکان‌دا، ڕۆژی ٨ی مارسی وەك ڕۆژی جیهانیی ژنان پێشنیار کرد کە لەلایەن کۆنگرەوە پێشوازیی لێ‌کراو پەسند کرا.[1]

ئاوڕدانەوەیەك لە مێژووی بەڕێوەچوونی ٨ی مارس وەك ڕۆژی جیهانیی ژنان، دەری دەخا کە ئەم ڕۆژە هەر زۆر زوو لە سنووری یادکردنەوەی خەبات‌و قوربانیدانی ژنانی کرێکاری نیویۆرك دەرچوو. ٨ی مارس ساڵ بە ساڵ‌و جار بە جار زیاتر بووە بە بۆنەیەك بۆ هاوپێوەندیی ژنانی جیهان لەگەڵ یەکتر، بووە بە دەرفەتێك بۆ وەرێکەوتنی زنجیرەیەك کۆڕو کۆبوونەوەو چالاکیی جۆراوجۆری ژنانی یەکسانیخوازو پیاوانی پشتیوان‌و هاوخەباتی ژنان لە هەوڵدان بۆ ئەم ئامانجە ئینسانی‌یەدا. ٨ی مارس، هەموو ساڵێ، دەبێتە بۆنەیەك بۆ ئەوەی جارێکی دیکە سەرنجی مرۆڤایەتی بۆ لای ئەو هەلومەرجە پڕ لە نابەرابەری‌یە رابکێشرێ کە لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی جیهان بە دژی ژنان هەیە. ٨ی مارسی هەر ساڵێك، نوێنگەیەك بە پانایی ئەم جیهانە بۆ نیشاندانی ئەو ستەم‌و نەهامەتییانەی ژنان لە گەڵیان بەرەوروون، ڕێك دەخا. نوێنگەیەك کە یەك لە هەزاری ئەو دەستدرێژییانەی دەکرێنە سەر ژنان‌و کچان، یەك لە هەزاری ئەو قوربانییانەی، توندوتیژی لە ژنانی دەستێنێ‌و، یەك لە هەزاری ئەو مەرگ‌و تێداچوونانەی ژنان بە هۆی ئێیدزو بازرگانیی سێکس‌و شەڕو هەژاری‌یەوە، تووشیان دەبن، دەخاتە بەرچاوی مرۆڤایەتی. بەڵام ٨ی مارس، هەر پانۆرامای چەوسانەوەو زۆرلێکران‌و تێداچوونی ژنان نیشان نادا، بەڵکوو ئەو سەرکەوتنانەش کە ژنان‌و پیاوانی یەکسانیخواز لە ڕەوتی خەباتی بێ‌پسانەوەی خۆیاندا وەدەستیان هێناون، ئەو دەسکەوتانەش کە ژنان لە بوارە حوقووقی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری‌و کەلتووری‌یەکاندا، پێیان گەیشتوون، بە دنیا دەناسێنێ. ژنانی خەباتگێڕو لەگەڵ ئەواندا ئەو پیاوانەی پشتگرو هاندەری بزووتنەوەی ژنان بۆ ڕزگاری لە ژێردەستی‌و نابەرابەرین، هەموو ساڵێ، ٨ی مارس دەکەنەوە بە دەرفەتێك تا سووربوونی خۆیان لەسەر خەبات‌و تێکۆشان بۆ ئازادی‌و یەکسانی‌و دادپەروەری دووپات بکەنەوەو بە دەنگی بەرز ڕابگەیەننەوە کە بەختیاریی کۆمەڵ لە گرەوی ئازادیی ژنان دایە. ئەوەتا کوفی عەننان، سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە مەقامی نوێنەرو سەمبولی هاوبەشی هەموو دەوڵەتان‌و میللەتان، لە پەیامی خۆی‌دا، بە بۆنەی ٨ی مارسی ئەمساڵەوە، دەڵێ: "لێکۆڵینەوە یەك لە دوای یەکەکان فێری ئێمەیان کردوە کە هیچ ئامرازێك بەقەرا بەهێزکردنی ژنان، خزمەت بە پەرەپێدان ناکا. هیچ سیاسەتێکی دیکە بەم جۆرە، بەرهەمهێنانی ئابووری بەرەوژوور نابا، یا ڕادەی مەرگ‌و لەنێوچوونی منداڵان کەم ناکاتەوە. هیچ سیاسەتێکی دیکە بەم ڕادەیە باشترکردنی خۆراك‌و برەوپێدانی لەشساغی، بۆ نموونە پێشگرتن لە نەخۆشیی ئێیدز، دەستەبەر ناکا. هیچ سیاسەتێکی دیکە بەم ڕادەیە، لە گەشەپێدانی دەرفەتە فێرکاری‌یەکان بۆ نەوەکانی دواتر، کاریگەر نیە".[2]

کەوابوو، دەتوانین ٨ی مارس، وەك "ڕۆژی گەشبینی لە بارەی دواڕۆژەوە"ش ناو ببەین. چونکە بە نیشاندانەوەی لێبڕاویی ژنان لە سەر داواکردنی مافەکانیان‌و، بە سەلماندنەوەی گەشەکردن‌و بەرەوپێشچوونی ڕۆژبەڕۆژ زیاتری خەبات بۆ یەکسانی، سەرنجمان بۆ لای دووردیمەنی ئاسۆی داهاتوو ڕادەکێشێ. بەڵام من ئارەزوو دەکەم، ٨ی مارس وێڕای پاراستنی هەموو ئەو تایبەتمەندییانەی، لای ئێمە پیاوان‌و هەموو دامەزراوێکی کۆمەڵایەتی کە پیاوان ڕۆڵی سەرەکیی تێدا دەبینن، هەڵگری پەیام‌و ڕۆڵ‌و تایبەتمەندی‌یەکی دیکەش بێ. ئارەزوو دەکەم ٨ی مارس لەلای هەموو ئەو پیاوانەی بانگەشەی مرۆڤبوون‌و مودێرنبوونیان هەیە، لای هەموو حیزب‌و ڕێکخراوو کۆڕو کۆمەڵ‌و ناوەندێك کە بۆ ئازادی‌و دێموکراسی تێ‌دەکۆشن‌و دژی ستەم‌و چەوسانەوەی جۆراوجۆر، خەبات دەکەن، ببێتە ڕۆژی بەخۆداچوونەوەو ڕەخنە لە خۆ گرتن. با ــ فێر بین لە ٨ی مارس‌دا سەبارەت بە کەمتەرخەمی‌یەکانیان لە پێوەندی لەگەڵ ژناندا ــ، سەرنج بە جۆری ڕوانین‌و هەڵسوکەوتمان هەمبەر بەوان‌و، بە بۆنەی نەرەخساندنی هەلومەرجێکی باشتر بۆ ڕاکێشانی ئەو توێژە، بۆ گەشەکردن‌و بەرەوپێشچوونیان، ڕەخنە لە خۆمان بگرین‌و، هەر لەو کاتەدا خۆمان بەرعۆدە بکەین کەم‌و کوڕتی‌یەکانمان لەم پێوەندییەدا چارەسەر بکەین.

*(*) ئەم سەردێرە، بۆ یەکەمجار لە لایەن دوکتور قاسملووی نەمرەوە، بۆ ڕۆژی ١ی مانگی مای، ڕۆژی جیهانیی کرێکاران بەکار هێنراوە، سەردێری وتارێکی ئەو شەهیدەیە کە لە ژمارەی مانگی بانەمەڕی ١٣٦٨ی "کوردستان"دا بڵاوبۆتەوە.*

*(١) چەند ژمارەی بڵاوکراوەی "آزادی زن".*

*(٢) پەیامی کوفی ئەننان بە بۆنەی ٨ی مارسەوە ماڵپەڕی (www.rassaa.com)*




دیمەنێك لە خۆپیشاندانی ژنانی ئێران دژی نابەرابەری

# دۆسیەی ئەتۆمیی ئێران‌و بەرژەوەندییەکانی چین‌و ڕووسیە

محەممەد جەمیل کولاهی

دوای دەرکردنی بڕیاری ناردنی ڕاپۆرتی دۆسیەی ئەتۆمیی ئێران بۆ ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە لایەن ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتۆمییەوە، ڕێبەرانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی جموجۆڵێکی نوێی دیپلۆماتیکیان دەست پێ‌کرد، تا پێش بە ڕووبەڕوو بوونەوەی ڕێژیم لەگەڵ ئەنجومەنی ئاسایش بگرن. سەفەری مەنووچێهری موتتەکی وەزیری دەرەوەی ئێران، بۆ بڕووکسێل، وتووێژەکانی ئێران لەگەڵ ڕووسیەو چین‌و... لەو پێناوەدا بوون. ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئاکامێکی پڕ لە مەترسیی بۆ ڕێژیم بەدواوەیەو ئێران بە ئابووریی تاك بەرهەمییەوە، بەرگەی گەمارۆی ئابووری ناگرێ‌و هەر چەشنە فشارێکی ئابووری، ڕێژیم بەرەوڕووی قەیران دەکاتەوە.

پێویست بە ئاماژەیە کە، پێش لە دەرکردنی ئەو بڕیارە، ڕووسیە گەڵاڵەیەکی بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە خستبووە بەردەست ئێران کە ئەمریکاو یەکیەتیی ئورووپاش پەسندیان بوو. بە پێی ئەم گەڵاڵەیە، ئێران دەبێ پیتاندنی ئورانیۆم بگوازێتەوە بۆ خاکی ڕووسیە. لەو کاتەوە کە ئەو گەڵاڵەیە بە ئێران پێشنیار کراوە، تا ئێستا ڕێبەرانی ڕێژیم، دژکردەوەگەلی جۆراوجۆریان بەرامبەر بەو گەڵاڵەیە بووە، جارێك دەڵێن گەڵاڵەیەکی پۆزێتیڤە، جارێکی دیکە دەڵێن مەبەستەکانی ئێران بە تەواوی دابین ناکا، هێندێکیان دەڵێن پیتاندنی ئورانیۆم لە نێوخۆ مافی ئێرانە، یان دەڵێن وتووێژ لەگەڵ ڕووسیە پێوەندییەکی بە وەستاندنی پیتاندنی ئورانیۆمەوە نیەو... . بەڵام جیا لەم دژکردەوانەی ڕێبەرانی ڕێژیم، وێ دەچێ پێشنیاری ڕووسیە دوایین شانسی ڕێژیم بۆ پێشگرتن لە چوونی دۆسیە ئەتۆمییەکەی بۆ ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بێ.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێستا لە سەر دوو ڕێیانێك گیری کردوە، لە لایەکەوە ئەوەندە لە سەر نەتەوەیی‌بوونی ئەو پرۆژەیە تەبلیغی کردوە، کە پاشەکشێ لەو بەرنامەیە، بۆ ڕێژیم سووك‌و ئاسان نیە، لە لایەکی دیکەشەوە وڵاتانی زلهێزی جیهان، بەتایبەتی ئەمریکا ئیزنی بەرەوپێشبردنی ئەو بەرنامانە بە ڕێژیم نادەن، بۆیە قبووڵکردنی گەڵاڵەی ڕووسیە، تەنیا ڕێگای دەربازبوونی ئابڕوومەندانەی ڕێژیم لەو قەیرانەیە کە خۆی بەدەستی خۆی خوڵقاندویە. ڕێژیم بە نێزیکبوونەوە لە ٦ی مارس، ڕۆژی دانیشتنی بەرپرسانی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی، دەیەوێ خۆی لە ئاڵۆزکردنی بارودۆخەکە بپارێزێ، بۆیە دەڵێ ئێمە، ئەو گەڵاڵەیەمان بە سێ مەرج قبووڵە:

١ــ بێجگە لە ڕووسیە، لایەنی دیکەش لە بە ئەنجام گەیاندنی گەڵاڵە پێشنیارییەکەی ڕووسیەدا بەشدار بێ، کە ئەمە لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە ڕووسیە بۆ ڕێبەرانی ڕێژیم جێگای متمانە نیەو لەوە دەترسن کە لە داهاتوودا فشار بخاتە سەر ئێران. چوونکە ڕووسیە لە کاتە هەستیارەکان‌دا پشتی ئێرانی بەرداوە، بۆ وێنە لە دابەشکردنی مەیدانە نەوتییەکانی دەریای خەزەرداو لەم دوایانەش لە IAEA.

٢ـ دانانی کاتی دیاریکراو بۆ ئەو پرۆژەیە، چونکە ئێران نایەوێ بۆ هەتا هەتایە پیتاندنی ئورانیۆم بباتە نێو خاکی ڕووسیەوە، چونکە لە لایەکەوە لەباری ئابوورییەوە بە قازانجی ئێران نیەو لە لایەکی دیکەوە ئێران بۆ دەربازبوون لەو قەیرانە، ئەم پێشنیارەی ڕووسیە قبووڵ دەکا.

٣ــ ئێران خوازیاری ئەوەیە کە شوێنەکانی پیتاندنی ئورانیۆم ڕوون بکەنەوە.

بێجگە لەو سێ مەرجە، ئێران خوازیاری درێژەپێدانی لێکۆڵینەوە ئەتۆمییەکانیەتی. بەڵام ڕێژیمێك کە نێزیك بە دوو دەیە لەسەر بەرنامە ناوکییەکانی خۆی درۆی لەگەڵ کۆمەڵگای جیهانی کردوەو بە نهێنی خەریکی پەرەپێدانی ناوەندە ئەتۆمییەکانیەتی، تا چەندە دەتوانێ لەو بارەوە جێگای متمانە بێ؟! ئێستا تەنیا داوای کۆمەڵگای جیهانی لە کۆماری ئیسلامی، ڕاستوێژی‌و پێکهێنانی متمانە لەسەر پرۆژە ناوکییەکانیەتی.

پرسیارە ئەوەیە کە دوو دەوڵەتی چین‌و ڕووسیە، سەرەڕای ئەوە کە لەسەر ئامانجەکانی ئێران لە درێژەپێدانی پرۆژە ئەتۆمییەکانی زانیاریی تەواویان هەیە، لەبەر چ هۆگەلێکە کە ئاوەها لە ئێران پشتیوانی دەکەن‌و درێژە بە وتووێژەکانیان لەگەڵ ئێران دەدەن؟!

ئابووریی وڵاتی چین کە لەو ساڵانەی دوایی‌دا بە توندی بەرەو گەشەسەندن ڕۆیشتوە، پێویستیی بە سەرچاوە ژێر زەوینییەکان بەتایبەت نەوت‌و گازە. وڵاتانی کەنداوی فارس بەتایبەتی ئێران سەرچاوەی سەرەکیی دابینکردنی نەوتی چینن، بۆیە هەرچەشنە ئاڵۆزییەك لە کەنداوی فارس، بەتایبەت هێرشی نیزامی بۆ سەر ئێران یان گەمارۆی ئابووری ئەو وڵاتە، ڕاستەوخۆ لەسەر ئابووریی چین کاریگەریی نێگەتیڤی هەیە، چونکە ئابووریی چین بەستراوەییەکی زۆری بە نەوت‌و گازی کەنداوی فارسەوە هەیە.

ڕووسیە خۆی یەکێ لە بەرهەمهێنەرە گەورەکانی نەوت‌و گازی جیهانە، بۆیە لەو بارەیەوە هیچ کەموکوڕییەکی نیە. هەروەها بە وتەی "ایگور زولوف" بەرپرسی بنکەی ئاژانسی هەواڵنێری ڕووسیە (نوڤوستی) "ڕووسیە ساڵانە دوو میلیارد دۆلار هەناردەی تیجاریی بۆ ئێران هەیە، کە بریتییە لە فرۆشتنی چەکوچۆڵ‌و هاوکارییە ناوکییەکان. ئەم ڕێژەیە ٢٪ی هەناردەی ڕووسیە بۆ دەرەوە دەگرێتەوە." لێرەدا دەردەکەوێ کە ڕووسیە پتر لە بەرژەوەندیی ئابووری لە ئێران، زیاتر لە باری سیاسییەوە بۆ مەسەلەکە دەڕوانێ، بۆیە ڕووسیە جیا لە فرۆشتنی چەکوچۆڵ، هەروەها خەریکی سازکردنی ڕێئاکتوری ناوکی لە بووشێهر بوون، چەند مەسەلەی دیکەشی بۆ گرینگە کە دەتوانین بەو چەند خاڵەی خوارەوە ئاماژە بکەین:

١ــ ئێران یەکێ لە گرینگترین‌و گەورەترین دراوسێیەکانی ڕووسیە لە ناوچەی دەریای خەزەرە، بەهۆی ئەوەوە کە ئەم دۆخە ژێئۆپۆلوتیکییە گۆڕانێکی بەسەردا نایە، بەرژەوەندیی ڕووسیە لە پاراستنی ئاسایش‌و هێمنی لەو ناوچەیە دایە، بۆیە ڕووسیە بۆ چارەسەری کێشەی ئەتۆمیی ئێران، خوازیاری گرتنەپێشی دیالۆگ‌و وتووێژی سیاسیی چەندلایەنەیەو ڕێگاچارەی نیزامی بە مەترسییەکی گەورە بۆ سەر ناوچەکە دەزانێ.

٢ــ ڕووسیە ئێستاش دەیەوێ وەك زلهێزێك لە دنیا هەڵسوکەوت بکا، بۆیە خوازیاری ئەوەیە کە وەك زلهێزێك تواشای بکەن نەك شەریکێکی پلە دووهەم.

٣ـ قبووڵکردنی پێشنیاری ڕووسیە لە لایەن ئێرانەوە، نە تەنیا بەرژەوەندیی ئابووریی ڕووسیە لەو وڵاتە دەپارێزێ، بەڵکوو پرستیژی سیاسیی ڕووسیە دەباتە سەرێ.

بۆیە پێکهاتن لە سەر هەر چەشنە بڕیارێك لە ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە گرەوی ئاکامی وتووێژی دەسەڵاتە گەورەکانی دنیا لە سەر بەرژەوەندییە ئابووری، سیاسی‌و ئیستراتیژیکەکانیان لە ئێران، ڕۆژهەڵاتی ناڤین‌و جیهان دایە.



**پێکهاتن لە سەر هەر چەشنە بڕیارێك لە ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە گرەوی ئاکامی وتووێژی دەسەڵاتە گەورەکانی دنیا لە سەر بەرژەوەندییە ئابووری، سیاسی‌و ئیستراتیژیکەکانیان لە ئێران، ڕۆژهەڵاتی ناڤین‌و جیهان دایە.**

# ئاستەنگەکانی سەر ڕێی حەماس

سەلاح موورادی

حەماس ڕێکخراوێکی بناژۆخوازو رادیکاڵی ئیسلامییە کە بەگرتنەبەری‌و هەڵوێستی توندو ناسەردەمیانە، دەیەوێ لەململانێ سیاسییە خێراو، پڕ لە گۆڕان‌و هەورازونشیوەکانی نێوان وڵاتانی ناوچەکەو جیهاندا، سەرکەوێ‌و بە لەنێوبردنی ئیسرائیل قودس رزگارو موسڵمانان دڵخوش بکا!

حەماس بە هەڵوێست‌و سیاسەتە ناسەردەمیانە‌و نالوژیکییەکانیەوە، هەمووکات لەبەرامبەر هەنگاوەکانی حکوومەتی خودموختاری فەلەستین‌و وڵاتانی خوازیاری جێگیر بوونی ئاشتی لە نێوان ئیسرائیل‌و فەلەستیندا بەربەست بووە. بەڵام ئێستا هەر ئەو سیاسەتانە بوونەتە لەمپەرو ئاستەنگ لەبەرامبەر خۆشی‌داو وێ دەچێ نە تەنیا نەتوانێ دەسکەوتێکی ئەوتۆ بۆ فەلەستینییەکان دەستەبەر بکات، بەڵکوو تەنانەت دەسکەوتەکانی پێشتریش (هەر چەند حەماس بە دەسکەوتیان نازانێ) بە فیڕۆبدا.

ئاستەنگەکانی بەردەم حەماس ئاکامی ئەو هەڵسوکەوت‌و هەڵوێستانەن کە یان ناتوانێ یان نایەوێ بیان گۆڕێ، تەنانەت نە تەنیا ئەوەش ناکا، بەڵکوو سوور بوونیشی لەسەریان ڕەوتی ڕووداوەکان بەرەو ئەنجامێکی نالەبارو، ئاڵۆزترکردنی کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین دەبا.

هەڵوێست‌و سیاسەتەکانی حەماس کە پێوەندییەکی قووڵیان لەتەك بنەما نەگۆڕەکانی ئایینی ئیسلام‌دا هەیەو هۆکاری دامەزراندنی هەر لەو پێوەندییەدا بووە، لەگەڵ ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی ناوچەکەو جیهاندا بە گشتی دژایەتییان هەیەو بۆ دژایەتی لەگەڵ ئەو ئاڵوگۆڕانەشدا بووبێت ناتوانێ وەلایان بنێ. لەبەر ئەوەی کە حەماس هەر لەسەرەتایی دامەزرانییەوە لە بەرەی دژە دێموکراسی‌و ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا بووە. سیاسەت‌و کردەوەکانی حەماس، وەك بە فەرمی نەناسینی ئیسرائیل‌و ئەو پەیماننامانەی کە لە نێوان ئیسرائیل‌و فەلەستیندا مۆرکراون، کردەوە خۆکوژییەکان، پێوەندیی پتەو لەگەڵ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی (ڕێژیمێك کە سڕینەوەی بانگەوازی ئیسرائیل لەسەر تۆپی زەوی دەکا)[۲]، پێوەندی لەگەڵ گرووپ‌و حیزبە فێنەمێنتالە ئیسلامییەکان‌و... چەندین ئاستەنگ‌و بەربەستیان چ لەنێو خۆی فەلەستین‌و چ لە دەرەوەی فەلەستین بۆ پێك هێناوە کە لێرەدا ئاماژەیان پێدەکەین:

### ئاستەنگە نێو خۆییەکان

#### ١ـ قەیرانی ئابووری

حکوومەتی خودموختاری فەلەستین لە ساڵدا نزیکەی دوو میلیارد دولار یارمەتیی پێدەگا کە زۆربەی لە لایەن وڵاتانی عەرەبی‌و ئیسلامی‌و بەشێکی دیکەش لە لایەن ئەمریکاو ئورووپاوە دابین دەکرێ. بە گرتنەدەستی دەسەڵات لە لایەن حەماسەوەو نەگۆڕینی سیاسەتەکانی ئەگەری ئەوە کە ئەو یارمەتییانەی لێبڕدرێن زۆرە. لە بارودۆخێکی واداو بە لەبەر چاو گرتنی بێکاری‌و نەبوونی هیچ سەرچاوەیەکی داهاتی ئەوتۆ لە فەلەستین‌داو ڕاگرتنی ماڵیاتەکان لە لایەن دەوڵەتی ئیسرائیلەوە بە بیانووی ئەوەی کە حەماس بۆ چالاکیی تیرۆریستی‌و خۆکوژی لەباتی دابین کردنی پێداویستییەکانی خەڵك، کەڵکیان لێوەردەگرێ، ئاستەنگێکی زۆر لە نێوخۆدا بۆ حەماس خولقاون، کە بۆ چارەسەر کردنیان دەستەو داوێنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بووە. حکوومەتی خودموختاری فەلەستین، بەگشتی لەباری ئابوورییەوە بە تەواوی بە یارمەتیی دەرەکی‌یەوە بەستراوەیە. ئەم ڕەوشەش هەمیشە تووشی قەیران‌و ئاستەنگی کردوەو بە هاتنە سەرکاری حەماس قەیرانەکە قووڵتر دەبێتەوە.

#### ٢ـ بەشداری نەکردنی ڕێکخراوی فەتح لە دەسەڵاتدا

حەماس کە پێشتر، نە تەنیا هیچ چەشنە هاریکارییەکی "فەتح"ی نەدەکرد، بەڵکوو کێشەی زۆریشی بۆ دەخولقاند، ئێستا هەوڵێکی زۆری لە پێناوی ڕازیکردنی فەتح بۆ بەشدار بوون لە دەسەڵاتدا خستۆتەگەڕ، ئەویش لەبەر ئەوەکە دەیەوێ نەبوونی ڕەوایی نێونەتەوەیی خۆی لە ڕێگەی ڕاکێشانی فەتح بۆ نێو دەسەڵات کە لە ئاستی نێونەتەوەیی‌دا ڕەوایی‌و سەنگی خۆی هەیە، قەرەبوو بکاتەوە. بەڵام نەك هەر تا ئێستا فەتح ئەم داوایەی حەماسی قبووڵ نەکردوە، بەڵکوو مەحموود عەباس سەرۆکی ڕێکخراوی فەتح‌و حکوومەتی خودموختاری فەلەستین، بەهۆی سیاسەتە توندڕەوانەکانی حەماسەوە، هەڕەشەی دەست لەکار کێشانەوەی کردوەو ئەگەر ئەوەش ڕوو بدا، حەماس تووشی ئاستەنگێکی گەورەتر دەبێ کە چارەسەر کردنی زۆر ئەستەم دێتە پێش چاو. هەروەها حەماس لە کاروباری بەڕێوەبەریی حکوومەتی خودموختاری‌دا هیچ ئەزموونێکی نیەو لەم بوارەشدا فەتح کە خاوەن ئەزموونە، هاریکاریی ناکا.

### ئاستەنگە دەرەکی‌یەکان

#### ١ـ ناسراو بوونی حەماس بە ڕێکخراوێکی تێرۆریستی‌و نەبوونی ڕەوایی نێونەتەوەیی لە لایەن ئەمریکاو ئۆرووپاوە

ئەمریکاو ئیسرائیل کە حەماسیان لە بەرەی تێرۆرو دژی هەرچەشنە جێگیر بوونی ئاشتی‌و دێموکراسییەك لە



خۆکوژانی سەر بە حەماس

فەلەستین‌و ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا داناوە، ڕایان گەیاندوە کە تا حەماس دەست لە چەك‌و چالاکیی خۆکوژی‌و تێرۆریستی هەڵ نەگری‌و ئیسرائیل بە فەرمی نەناسێ، لە ڕوانگەی ئەوانەوە هیچ چەشنە ڕەوایی‌یەکی نێونەتەوەیی نیەو نابێ لە لایەن هیچ وڵاتێکەوە پێوەندیی لەتەکی‌دا دامەزرێ. هەر لە پێوەندییەدا دیتمان کە گۆشارێکی سیاسیی زۆریان بۆ ڕووسیەو تورکیە کە خوازیاری پێوەندی‌گرتن بە حەماسەوەن، هێناوەو بەم هۆیەشەوە زۆربەی وڵاتان بۆ ئەوەی کە تاوانبار بە پشتگیری لە تیرۆریزم نەکرێن‌و هەروەها بە هۆی ئەوەی کە پێشتر پشتیوانیی خۆیان لە "نەخشەی ڕێگا" ڕاگەیاندوە، ناوێرن، پێوەندیی ڕاستەوخۆو ئاشکرا لەگەڵ حەماس‌دا دژی نەخشەی ڕێگا پێك بێنن.

هەروەها وڵاتە عەرەبییەکان کە پشتیوانی لە "نەخشەی ڕێگا" دەکەن، لەوانە میسرو عەرەبستان‌و... هەر چەند کە دوای کاندولیزارایسیان بۆ بڕینی یارمەتی‌یەکان بە حکوومەتی خودموختار ڕەت کردەوە، بەڵام گوشارێکی زۆریان بۆ حەماس هێناوە کە ئیسرائیل بە فەرمی بناسێ‌و لە ڕێڕەوی بەرەو پێشبردنی ڕەوتی ئاشتی‌دا هەنگاو بهاوێژێ‌و درێژەدانی یارمەتییەکانیان بە هەنگاوەکانی داهاتووی حەماسەوە گرێ بدەن. ئەمەش ئەوە نیشان دەدا کە حەماس لە ئاستی نێونەتەوەیی‌و ناوچەیش‌دا لە لایەن زۆربەی وڵاتانەوە کەوتووەتە ژێر فشار.

#### ٢ـ پێوەندیی نێوان حەماس‌و کۆماری ئیسلامیی ئێران

حەماس نە تەنیا سیاسەتی دژبە ئیسرائیل وەلانانێ بەڵکوو پێوەندییەکی چڕوپڕیشی لەگەڵ سەرەکیترین دوژمنی ئیسرائیل کە هەر لە سەرەتای دامەزرانییەوە خوازیاری لەنێو بردنی ئیسرائیل‌و ئاڵۆزتر کردنی کێشەکان بووە واتە کۆماری ئیسلامیی ئێران هەیەو لە لایەن، ئەم ڕێژیمەشەوە هەمووکات لەم پێناوەدا یارمەتیی دراوەو کەڵکی لێ وەرگیراوە.

واتە حەماس خۆی بە ڕێژیمێکەوە بەستۆتەوە کە خۆی لەئاستی نێوخۆیی‌و نێونەتەوەیی‌دا تووشی قەیرانی جۆراوجۆرەو بەهۆی سیاسەتە ناسەردەمیانەکانیەوە، لە لایەن ئەمریکاو وڵاتانی ئۆرووپایی‌یەوە گۆشەگیر کراوەو ڕووناکایی مۆمی تەمەنی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەو کزی دەچێ. ئەوە کە حەماس تا چ ڕادەیەك دەتوانێ، خۆی لەم بەستراوەیی‌یە دەرباز بکا، تا ئێستا بە لەبەر چاوگرتنی سەفەری خالید مەشعەل بۆ ئێران‌و دەستەوداوین بوون بە کۆماری ئیسلامی بۆ قەرەبوو کردنەوەی بڕینی یارمەتییەکانی ئەمریکاو ئەو یارمەتییانەی کە دواتر ئەگەری بڕانیان زۆرە، پێچەوانەکەی دەرکەوتوە، بەگشتی حەماس بۆ دەرباز بوون لە ئاستەنگەکانی تر، خۆی تووشی ئاستەنگێکی گەورەتر کردوە کە ئەویش بەستراوەیی بە ڕێژیمێکەوەیە کە خۆی لەگەڵ مەرگ‌و نەماندا بەربەرەکانێ دەکاو هەرسات ئەگەری ئەوە هەیە لە سات‌و سەودایەکی سیاسی‌دا بی‌فرۆشێ. ڕێبەرانی حەماس دەبێ بە دووربینیی سیاسیی زۆرترەوە هەنگاو بەرەوپێش بنێن‌و ئەوەشیان لەبەر چاو بێ کە بەڕێوەبەریی وڵاتێك، وەك فەلەستینیان کەوتوەتە ئەستۆ، بەو هەموو کێشەو گیروگرفتەوە کە لەگەڵیان بەرەوروویە. حەماس دەبێ ئەوە باش بزانێ کە نەخشی لە چوارچێوەی ڕێکخراوێکی ئۆپۆزسیون‌دا لەگەڵ ڕۆڵی لەبەرێوەبەری وڵات‌دا جیاوازیی هەیە. عەقلی سەلیم ئەوە دەڵێ کە دەبێ حەماس خۆی بۆ ئاڵۆگۆڕی قووڵ ئامادە بکا.

---

دریێژەی

## وتووێژی رادیۆ... لەگەڵ بەڕێز رامبود لوتف پووری‌دا

بۆنەوە دەدرێنە بەر دەستڕێژو شەهید دەکرێن، کەسیان لێ دەگیرێ، بریندار دەکرێن‌و دیسان هەمان کارەسات کە بەسەر شاری سنە هات ئەوجار لە ماکۆ دووپات دەبێتەوە. ئەمن پێم خۆشە ئەو ڕاستییە بڵێم، ڕاستە خەڵکی شاری ماکۆ بیانووی هاتنە سەر شەقامیان گیرانی بەڕێز ئوجەلانە واتە یادەوەریی ئەو پیلانە نێونەتەوەیی‌یەیە کە دژی ئوجەلان کرا، بەڵام با بزانین کە ئەوخەڵکەی کە هاتوونەتە ئەوێ ئێستا باسی چی دەکەن؟ هیچ نابێ نکۆڵی‌لەوە بکرێ کە باشە بەڕێز ئوجەلان سەرکردەیەکی کورد بووە، مرۆڤێکی خەباتکار بووە، کەموکوڕی هەبوو، لایەنی باشی هەبووو لایەنی خراپیشی هەبووە. هەموو مرۆڤێك هەیەتی، هیچ باسێك لەوەدا نییە. بەڵام کێشە کە ئەوەیە، ئایا بە تەنیا باسی ئوجەلان بووە؟ وەك دیتمان "نە" باسی دەردو ئازارەکانی خۆیان دەکەن. بۆیە ئێستا وەبەر گوللە دەدرێن دەنا ئەمن بە دڵنیاییەوە دەڵێم ئەگەر تەنیا دروشمی دژی تورکیەیان دابای قەت حکوومەتی ئێران تەقەی لێ نەدەکردن. بەڵام ئەوان دێنە سەر شەقامەکان دروشم دژی کۆماری ئیسلامی دەدەن‌و باسی ئێش‌و ئازارەکانی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کورستان دەکەن لەژێر هەر ناوێك دابێ، ئەوەیە کە داگیرکەران ئەشڵەژێنێ، تێکیان دەداو ناچاریان دەکا پەنا بۆ کردەوەیەکی ئەوتۆ بەرن.

**ئێستا لەم بارودۆخەدا کە خەڵکی ماکۆ ڕاپەریون، ڕێژیم دەیهەوێ کەڵکی خراپی لێ وەربگرێ. وەك دەزانین دانیشتوانی ئەم شارە لە دوو نەتەوەی کوردو تورك پێك هاتون. ڕێژیم بە تەمای نانەوەی ئاژاوەیە لە نێوان ئەم دوو نەتەویەدا. هەر بەم بۆنەوە ڕۆژی ٢ی ڕەشەمە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ئیمزای دەفتەری سیاسی، ڕاگەیەندراوێکی دەرکردوە کە داوا لە هەر دوو نەتەوەی کوردو تورك دەکا دژی ئەم پیلانەی ڕێژیم ڕاوەستن‌و ئەو سیاسەتە دوژمنکارانەیە پووچەڵ بکەنەوە، جەنابت ڕات چییە لەم پێوەندییەدا، بە تایبەت کە ئێستا پتر لە هەر کاتێکی دیکە هەست بە پێویستیی یەکدەنگی‌و یکرێزی نەتەوەکانی ئێران لە بەرامبەر سیاسەتەکانی ڕێژیم دا دەکرێ.**

ئەمن پێم خۆشە سەرەتا یەك شت بڵێم، ئەویش ئەوەیە کە وەك دەزانین شاری ماکۆ وەك هەندێکی دیکە لە شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەك ورمێ، نەغەدە، میاندواو، سەڵماس‌و...، پێکهاتەی حەشیشمەتەکەی لە دوو نەتەوە پێك هاتوە. تورك‌و کورد، وەك چۆن ئێستا کەرکووك لە باشووری کوردستان کوردی تێدایە، تورکی تێدایەو عەرەبیشی تێدایە. بەڵام ئەوەی ڕاستی‌دا بێ، کەرکووك شارێکی کوردستانییەو ئەوەش کە ڕاستی بێ ماکۆ شارێکی کوردستانییە، هەروەها ورمێ، نەغەدە، میاندواو، سەڵماس‌و...، ئەمە تەنیا قسە نیە، هەر ئەو ڕاپەڕینە نەتەوەییەی کورد لە ماکۆ بەڵگەیە بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییە. ئەو شارانە با تورکیشیان تێدابێ بەڵام خاکی کوردن. ئەو تورکانە لەوێ میوان‌و ڕێزیان هەیە، دەبێ ڕێزیان لێ بگیرێ. وەك کەمایەتییەك لەسەر ئەو خاکە دەژین، لەسەر خاکی کورد دەژین‌و هیچ کێشەیەك لەوەدا نیە، مافی خۆیانە دەبێ بژین. بەڵام سەبارەت بە پیلانی کۆماری ئیسلامی، ڕێژیم دەیهەوێ بڵێ کورد هێرشی کردۆتە سەر تورك‌و لە تورکی داوەو لە ئاکام دا تورکەکانیش تەقەیان لە کوردەکان کردوە، تەنانەت بڵاوی کردۆتەوە کە ئەوە تیرۆریزمی کوردییە کە ئەو شتانە پێك دێنێ. ڕێژیم بانگەوازی ڕێپێوانێکی کردوە لە شاری ماکۆ بۆ مەحکووم کردنی ئەوز جووڵانەوەیە. بە ڕای من ئەوە پیلانێکی تێدایە. واتە ڕێژیم دەیهەوێ لەو شارانەدا شەڕێکی نەتەوەیی لە نێوان ئەو دوو نەتەوەیەدا پێك بێنێ، شەڕی کوردو تورك. جا بۆیە نەتەوەی کوردو نەتەوەی تورکیش دەبێ لەوێ زۆر هوشیار بن. ئەوان دەتوانن زۆر برایانە پێکەوە لەسەر ئەو خاکە بژین. کورد هیچ کێشەیەکی نیە لەگەڵ ئەوەی کە برا تورکەکانی لەسەر خاکەکەی بژین. قەیدێ ناکا مافی خۆیانە وەك کەمایەتییەك دەتوانن لەسەر ئەو خاکە بژین‌و مافی خۆشیان هەبێ. هەموو کەمایەتییەك لەسەر هەر خاکێك کە بژی دەبێ مافەکانی دابین‌و دەستەبەر بکرێ.

**کاك ڕامبۆد سوپاستان دەکەین بۆ ئامادەبوونتان لەم دیمانەیەدا، لە کۆتاییدا ئەگەر قسە یان تێبینییەکی تایبەتتان هەیە بفەرموون؟**

ئەمنیش سوپاستان دەکەن‌و لە کۆتایی‌دا پرسەو سەرەخۆشی خۆم ئاراستەی بنەماڵەی هەموو شەهیدانی ڕاپەڕینە جەماوەرییەکەی خەڵکی ماکۆو هەروەها بنەماڵەی شەهیدانی کارەساتی ٣ی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٧٧ی سنەو شارەکانی دیکەی کوردستان دەکەم. لە کۆتایی‌دا پێم خۆشە جەخت لەسەر ئەم ڕاستییە، بکەمەوە کە خەباتی ئێمە دژ بە تورك، فارس، عەرەب، شێعە، سوننی یا هەر نەتەوەو ئایینێکی دیکە نیە. ئێمە دژ بە ستەم‌و چەوسانەوە خەبات دەکەین، هەرکەس یا دەسەڵاتێك کە مافەکانمان پێشێل بکات ئەوا نەیاری ئەوین، ئەمە پەیامی بزاڤی مافخوازانەی نەتەوەی کوردە. ڕوو لە نەتەوەی کوردیش دەڵێم: ئەمن دڵنیام ئەم خەباتەو ئەو هەموو خوێنەی لە پێناوی‌دا ڕژاوە قەت بێ‌بەرهەم نابێت. ئاسۆ گەلێك ڕووناکە، ڕۆژی ئازادی یەکجار نزیکە. ئێمەی کورد بۆ بەدەستهێنانی مافەکانمان دژ بە ڕێژیمی پاشایەتی خەباتمان کرد، دژ بە کۆماری ئیسلامییش کردوومانەو دەیکەین، بەڵام هیوادارین جارێکی دیکە ناچار نەبین دژ بە حکوومەتێکی دیکەی ئێران لە داهاتوودا خەبات بکەین.

---

دریێژەی

## وتووێژ لەگەڵ خاتوو رویا تلووعی

نیەو ئاسان مارکی لیبڕاڵیشی پێوە ناچەسپێ. تەنانەت ئەم بزاڤە لە وەڵامی ئایدیۆلۆژییەکی توندڕەوانەدا هاتۆتە ئاراوەو لە هەر ئیدەیەك کە مەحدوودو بەربەستی بکا، کە ئیللا دەبێ وەك من بیر بکەیتەوەو هەر من ڕاست دەکەم، بێزار دەبێ. ئەم بزاڤە پێناسەو تایبەتمەندیی خۆی هەیەو کاریگەریش بووە. هەرچەند دەسکەوتی بەهۆی بارودۆخی حاکمییەتی ئێران زۆر نەبووە. لەمەشدا بزاڤی کرێکاری‌و خوێندکاریش هەر تووشی هەمان گرفتی کەم دەسکەوتین‌و هەر تایبەت بە بزاڤی ژنان نیە.

٨ـ ژنانی کوردو ژنانی ئێرانییش، بەداخەوە پێڕەوی لە هەمان ڕێگاو ڕەوشتە پیاوسالارانەیە دەکەن کە بەسەر هەر دەستەو گرووپێك‌دا سەپاوە. بۆ نموونە ژنانی سەر بە فلان حیزب، هەر لەسەر ڕێوڕەسمی پیاوەکانیان لەگەڵ ژنانی ئەم حیزب، کە بیروباوەڕی ئایدیۆلۆژیکیان جیایە یا لەیەك جیا بوونەتەوە ناسازێن‌و لیك نزیك ناکەونەوە. من ئەمەم بە چاوی خۆم دیوەو زۆر پێم سەیرە. هەر حیزبێك باسی مافی ژن دەکاو بەرابەری‌و یەکسانی، بەڵام ژنانی ئەو حیزبە جیاوازانە لەسەر گرفتە هاوبەشەکانیان، یەك نەکەوتوون!

ئەمە لە حاڵێك دایە کە ئامانجی هەموومان یەکسانیی ژن‌و پیاوەو بەڕای من هەموو یەك قسە دەکەین، بەڵام بە زاراوەی جیاواز. پێم وایە کاتی ئەوە هاتوە کە ژنان ئەم نەریتە پیاوسالارانە بشکێنین‌و بۆ بەدیهێنانی بەرەیەکی یەکگرتووی ژنانە، ئامادەی تەحەمولی بیروڕای جیاواز بین‌و هەموومان بۆ ئامانجی هاوبەشمان، واتە یەکسانیی مافی ژن‌و پیاوو بۆ مافی مرۆڤ تێ کۆشین، جا چ ژنی بێلایەن بێ، چ کۆمەڵە، چ دێموکرات، چ پژاك، چ یەکیەتیی شۆڕشگێڕان، چ کۆمۆنیست، چ مەزهەبی‌و چ ... .

دوایە هەموومان ژنین‌و بەهۆی جینسییەتمانەوە چەوساوینەتەوە؟

**وەك دەزانن ٦٠ ساڵ بە سەر دامەزرانی "حدکا"دا تێ پەڕیوە. حیزبێك کە لە پێناوی وەدەستهێنانی ماف‌و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان‌دا خەباتێکی بێ پسانەوەی بە خوێنی هەزاران شەهیدی سەربەرز، درێژە پێ داوەو لە بەرنامەی خۆی‌دا، باوەڕی قووڵی بە هەموو بەندەکانی جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤ‌و بە تایبەتی بەرامبەریی تەواوی ژن‌و پیاو لە خیزان‌و لە کۆمەڵ‌دا هەیە. وەك دوایین پرسیار ڕاتان سەبارەت بەحدکا چیە؟**

من وەك کوردێك هەموو حیزبە کوردییەکانم خۆش دەوێ. هەر تێکۆشەرو خەباتکارێکی نەتەوەکەم لام بەڕێزە. دیارە حدکا، یادگاریی پێشەوای نەمرمان، قازی محەممەدەو بۆ هەموومان ڕێزێکی تایبەتی هەیە. هەڵبەت یەك لە تاوانەکانی منیش لە کەیفەرخاستەکەدا لایەنگری لە حدکایە، بەهۆی ئەوەی لە موساحیبەی ڕادیۆیی‌دا باسی شەهیدکردنی دوکتۆر قاسملووم کردوە. بەس لەو بەشەی پرسیارەکەدا کە دەفەرموی باوەڕی قووڵی بە بەرامبەریی تەواوی ژن‌و پیاو هەیە، پێم وایە ئەمڕۆکە ئەم قووڵایی‌یە زۆرتر لە قسە دایە تا کردەوە. بڕوانن لە زەمەنی پێشەوادا چەندە دەوری ژنان بۆ ئەو هەلومەرجە بەرچاوو دیارو کاریگەر بوو؟ جا قیاسی کۆمەڵگای ئەو کات بکەن‌و کۆمەڵگای ئیستاو هەلومەرجەکانی زەمەنی هاوچەرخ. ئایا بە پێی پێشکەوتنی جیهان‌و بارودۆخەکە، ژنانی حیزبیش پێگەیان باشتر بووەو پیشکەوتوون؟ چەندە ژنانمان لە بەڕێوبەرایەتیی حیزب‌دا بەشدارن؟ چەندە دەرفەتی پەروەردە بوون‌و ئامادەییان لەم بوارەوە بۆ ڕەخساوە؟ چەندە لە بڕیاردانەکانی حیزب‌دا ژنانیش بەشدارن؟ چەند ژن ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی‌و دەفتەری سیاسین؟ چەند ژنی سکرێترمان بووە؟ ئاستی خوێندەواریی ژنانی حیزب لە چاو پیاوانی‌دا چۆنە؟

هەرچەند حاشا لە خەبات‌و تێکۆشانی بێ‌وچانی یەکیەتیی ژنانی حیزب ناکەم‌و بێگومان لام زۆر زۆر پڕ بایەخ‌و گرنگە، بەڵام پێم وایە، هێشتا ڕێگایەکی زۆرمان تا گەیشتن بەو قووڵایی‌یە ماوە کە دەفەرمووی.

بە سوپاسەوە، سەرکەوتوو بن.

# سەرنج

مەسعوود بابایی

## سەرنجی پێنجەم: (٢-١)
## زمان و شوناس (identity)

من کێم؟ من مرۆڤم، کامە مرۆڤێك؟ کوردم. ئەمە گرنگترین پرسیاری تاکی مرۆیی‌یە. کاتێك کە لە خۆم دەپرسم من کێم؟ پرسیار لە خاڵی دەسپێکی خۆناسی‌یە. من مرۆڤم، قوناغی جیابوونەوە لە ئاژەڵانی دی. چ مرۆڤێك؟ کوردم. دەسپێکی جیا کردنەوە لە مرۆڤەکانی دی. ئێمە بەشێك لە مێژووی جیهانین، بەڵام ناسینی جیهان بە مرۆڤ دەست پێدەکا، مرۆڤ بە جیاکردنەوەی خۆی لە ئاژەڵان توانی بەسەر سروشت دا زاڵ بێ، ئەمەش بە ناولێنان. مرۆڤ ناوی (جیهان)ی داهێنا، مرۆڤ دروستکەری واتایە، مرۆڤ ناوی لە دیاردەکان نا، بەم کارە توانی ببێتە راڤەکاری جیهان، کاتێك مافی راڤەکردن بەخۆت دەدەی، واتە رەوایی دەبەخشیە دەسەڵاتی خۆت. کاتێك ناوێك دەدەیە پاڵ دیاردەیەك، بوونی دیارەدەیەکت سەلماندوە، کاتێك دەڵێی من ناوم لەتۆ ناوە، واتە بە فەرمی بوونی تۆم وەکو بوونەوەر تۆمار کردوە، ئەمە یەکەم پرۆسەی دروستکردنی شوناسە. لێرەدا مەبەستی من، جۆرێکی دیکە لە شوناسە، شوناسی مرۆیی. ئەو پرسیارانەی سەرەتا گەڵاڵەم کردن، پەیوەندی‌یان بە شوناسێکەوە هەیە کە سەلماندنی بوونی ئێمەن، چونکە ناوەکان وەکو بوونەوەر ئێمەیان تۆمار کردوە. بەڵام ناوەکان بەتەنیا ناتوانن پرۆسەی شوناس بە ئەنجام بگەیەنن، بۆیە پێویستیان بە سیفەتەکان هەیە، سیفەتەکان رونکەرەوەی تایبەتمەندی‌یەکانی ناون. ئەرکی زمان لێرەدا دابەش کردنی سیفەتەکانە بەسەر ناوەکان دا. هەر ناوێك هەڵگری کۆمەڵە سیفەتێکە. بۆ نموونە کوڕە کوردێك ناوی زاگرۆسە. زاگرۆس زنجیرە شاخێکە کە سنووری جوگرافیایی کوردستانی تەنیوە. ئەو ناوە دوو وەبیرهێنانەوەی هەیە: کوردستان و کورد، وڵات و هاووڵاتی. ئێمە لەرێگەی میتافۆری زاگرۆسەوە، شوناسێکمان دروست کردوە، ئەم شوناسە شوناسی کوڕە کوردێکە، کە دەیەوێ بەو شوناسەوە لە کۆمەڵگایەك کە ئەویش بەشێك لە جیهانی بوونەوەرانە، ناوێكو پێناسەو ناسنامەیەکی هەبێ. هیچ ناوێك نیە کە مێژینەیەکی نەبێ، واتە بە شێوەیەك لە شێوەکان لە شوێن و قوژبنێکەوە سەر وەدەر دێنێ، وشەی زاگرۆس ناوی شاخێکە، ئەم شاخە روبەرێکی جوگرافیایی‌یە کە کۆمەڵە مرۆڤێك تێدا دەژی، لەم پانتایی دا کەسانێك هەن کە بە خۆیان دەڵێن کورد، ئەوا بوو ئەم روبەرە جوگرافی‌یە وڵاتێکە، زمان لێرەدا لە رێگەی پاشگری (شوێن)ەوە ئەم وڵاتە دەستنیشان دەکا. کورد + ستان = کوردستان. بەرەبەرە ئەم وشەیە لە فەرهەنگی سیاسی‌دا دەبێتە خاوەنی فایلێك، فایلێك لەنێو جوگرافیای سیاسی‌دا. کەوا بوو وشەی زاگرۆس کاتێك دەبێتە ناوی کوڕێك چیدی وشەی ناوێکی سادە نیە، بەڵکو میتافۆر (metaphor)ێکە، میتافۆر هەڵگری واتایەکی کەڵەکەبووە کە بە درێژایی مێژوو بارێکی تایبەت بە خۆی دەگرێ. کاتێك مرۆڤێك بە زمانی خوازراو (میتافۆریك) دەدوێ، بە شێوەیەکی وشیارانە زمان دەخاتە خزمەت ئامانجێك، رەنگە ئەم ئامانجە سیاسی، ئایینی، کۆمەڵناسانە و رەوشتی بێ، زمان تەنیا ئامرازی ئاخاوتن نیە، بەڵکو ئامرازی دروست کردنی شوناسە. کەوابوو شوناس چیە؟

مەبەست لە شوناس لێرەدا شوناسی مرۆیی‌یە، واتە شوناسێك کە بە واتا کۆمەڵناسانە و سیاسی‌یەکەی تایبەتمەندیی نەتەوەیی و ئەنتیکی لەبەرچاو گرتبێ. بەڕای من شوناس بریتی‌یە لە کۆمەڵێك میتافۆر، خوازە، وێنە و ئەبستراکت کە هونەر و نەتەوەیەك لە پرۆسەیەکی مرۆیی‌دا پێی گەیشتوەو بەپێی قوناغەکانی گەشەسەندنی نەتەوەیی جۆرێك لە پێناسەی بۆخۆی دەستەبەر کردوە و ئامادەیە لەپێناوی ئەو شوناسەدا و سەلماندنی بوونی خۆی هەموو قوربانیەك بدا.

من پێم وایە لە دروستبوونی شوناس دا زمان دەورێکی سەرەکی هەیە، چونکە زمان فاکتەری جیاکردنەوەیە، هیچ شوناسێك دروست نابێت ئەگەر نەبێتە هۆی جیاکردنەوە. مەبەست لە جیاکردنەوە ئەوەیە کە من لە رێگای جیاکردنەوەی خۆم لەتۆ جیاوازی‌یەکانی خۆم دەسەلمێنم، سەلماندنی جیاوازی‌یەکانی من، سەلماندنی جیابوونی من لە تۆ یە. جێناوەکانی: (من، تۆ، ئەو، ئێمە، ئێوە، ئەوان) تەنیا بابەتێکی رێزمانی نین، بەڵکو پەیوەندیی لۆژیکیین لە نێوان تەباکان و ناتەباکان. مەبەستم لە تەباو ناتەباکان لێرەدا دوژمنایەتی نیە، بەڵکو گونجان و نەگونجانە. هیوادارم چەمکی دژایەتی و نەگونجان لەگەڵ یەکدی تێکەڵ نەبن.

من تەبا ئێمە — تۆ تەبا ئێوە

تۆ = ئێمە — من = ئێوە

ئەو تەبا ئەوان — ئەو = ئێمەو ئەوانو بە پێچەوانەوە

زمان لێرەدا لە چوارچێوەی رێسا رێزمانی‌یەکان دا تەبایی و ناتەبایی بەهۆی جێناوەکانەوە نیشان داوە، بەڕای من ئەم تەبایی و ناتەبایی‌یەی جێناوەکان رەنگدانەوەی دەرەکیی تەبایی و ناتەبایی ژیانی مرۆیی‌یەوە پەیوەندی‌یە جیاکاریی و جیاکردنەوەیە و بە شوناسەوە گرێ دراوە، ئەم باسە ئاڵۆزە لە سەرنجی شەشەم دا درێژە دەدەم.

# پێش قەتار

وەرگێڕان: قادر وریا

**قەتارێك هاتوە گەوهەر باریەتی**
**خورشیدە خانم پێش قەتاریەتی**




**"حەڤدە چیرۆکی زۆر کورت" کۆمەڵەچیرۆکێکە کە خاتوو سارا تهرانیان لەنێو سەدان کورتە چیرۆك دا، هەڵی بژاردوون و کردوونی بە فارسی. منیش لە فارسی‌یەوە کردوومن بە کوردی و لە دوا لاپەڕەی "کوردستان"دا بڵاوم کردوونەوە. ئەم بابەتەی دەیخوێننەوە، پێشەکی‌یەکە کە خاتوو تهرانیان بۆ ئەم کۆمەڵە چیرۆکە نووسیونی. بەبۆنەی کۆتایی هاتنی وەرگێرانی کوردی ئەم کۆمەڵە چیرۆکە، بەباشم زانی پێشەکی‌یەکانیان بکەم بە کوردی و لە "ئەدەبو هونەر"ی "کوردستان"دا بیخەمە بەرچاوی خوێنەران.**

**کتێبی "هفده داستان کوتاه کوتاه از نویسندگان ناشناس" لە ٦٠ لاپەرەدا لە تاران و لەلایەن دەزگای "کتاب خورشید"، یەکەم جار لە بانەمەڕی ١٣٨١دا بڵاوبۆتەوە و لەماوەی ٣ ساڵ دا پازدەجار چاپ کردوەتەوە.**

وێنە بەجێماوەکانی سەر دیواری ئەشکەوتان نیشاندەری ئەوەن کە مرۆڤەکان هەر لە سەرەتای مێژووەوە، ئۆگری بیستنی چیرۆك بوون. ئەوان دوای تێپەڕکردنی رۆژێکی سەخت، شەوانی تاریك، لە ئەشکەوتێك دا لە دەوری ئاگر دادەنیشتن و گوێیان بۆ چیرۆك رادەگرت.

تاسەی بیستنی چیرۆك، ئێستاش لە مرۆڤ دا هەروا هەیە. تەنیا شێوەی گێڕانەوەی جۆراوجۆرتر بووە و ئیدی پێویست ناکا مرۆڤ پەنا بەرێتە بەر ئەشکەوتان.

لە سەردەمی ئێستا دا، مرۆڤ لە جیاتی کۆزیلکە بەستن لەدەوری ئاگر، بەرامبەر بە تەلەفیزیۆن یا پەردەی سینەما دادەنیشیو لە توێی فیلمێك یا شانۆگەریەك دا، گوێ لە چیرۆکێك دەگرێ.

گوێگران یا خوێنەرانی هەر چیرۆکێك، چێژێکی زۆر لە چوونە نێو جیهانی زیندەخەونان وەردەگرن و لەپاڵ ئەمەش دا، مەڵۆیەك ئەزموون، زانستو زانیاری وەسەر یەك دەنێن، ئەوان هەمێشە خولیای چێژ وەرگرتن و لەگەڵ ئەمیش دا، حەزی زانینیان هەبووە. بەڵام چیرۆکبێژی چی؟ چ پاڵنەرێك وای لێ دەکا هەموو زانست و توانای خۆی بۆ گیان وەبەر هێنانی چیرۆکێك بەکار بێنێ؟ وەڵامێك ئەوەیە: حەز و پێویستیی مرۆڤ بە ناوبانگ دەرکردن... .

بەڵام چیرۆکە کورتەکانی ئەم کتێبە، بەرهەمی نووسەرانێکن کە شوێنەوارێکیان لەناوی خۆیان بەجێ نەهێشتوە. ئەوان بەرهەمەکانی خۆیان لەو ساڵانەی دوایی‌دا لە راگەیەنە گشتی‌یەکانی سەرانسەری جیهان دا بڵاو کردۆتەوە و بڵاودەکەنەوە، تا کەسانی دیکە لەهەر جێیەکی ئەم جیهانە پان و بەرینە، بیانخوێننەوە و چێژیان لێ وەربگرن.

لەنێو ئەم بەرهەمانەدا چیرۆکی ریالیستی (مەیلەو راستەقینە)، خەیاڵیو ئەفسانەیی بەرچاو دەکەون. بەڵام تایبەتمەندیی سەرەکیی ئەم چیرۆکە کورتانە، وەك بەرهەمە کلاسیکەکان چڕبوونەوە لەسەر پەیامی ئەخلاقی و مرۆیی ئەوانە. ئەم چیرۆکانە لەباری پەروەردەکردنی کەسایەتی‌یەوەن بە زۆری تیپێکن. هەروەها گرنگی‌یەکی ئەوتۆیان بە خۆلقاندنی کەشوهەوا و باس لە ژینگە و مەیدانی رووداوەکان و شتی دیکەی لەم چەشنە نەداوە. سەربردە و رووداوێکی ئەوەندە ئاڵۆزیان نیە و، بەزۆری، بە زەبرێکی کۆتایی کە هەڵگری پەیامی بەرهەمەکەشە، تەواو دەبن.

گەهەر و نێوەرۆکی هەمووی ئەم بەرهەمانە، دڵەخورپە هەمیشەیی‌یەکانی مرۆڤن، هەر بۆیە ئەم بەرهەمانە هیچ کات کۆن نابن و ناتوانن هیچ سنوور و سەراوەردێکی جۆغرافیایی بۆ خۆیان و خوێنەرانیان دابنێن. هەر ئەمەشە کە بووە بە هۆی بەجیهانیبوونیان.

ئەم کۆمەڵە چیرۆکە، لەنێو سەدان بەرهەم دا هەڵبژێردراون و وەرگێردراون. ئەمانە نەك باشترینیان، بەڵکوو ئەوانەن کە زۆرترین کاریگەریان لەسەر وەرگێر هەبووە.

***

# ئاڵا

رەسووڵ سوڵتانی

**لە ئاسۆی روونی کازیوەی ئەوین**
**هەستی چیرۆکی بزەی ئەو لێوەم**
**دوور لە تیرێژی بەتینی چاوت**
**سڕ و کەسیرەی سەرما و کڕێوەم**
**ئاسکەکچانی نیشتمانەکەم**
**لەسای ئێوەیە هێشتنا بەپێوەم**
**کانیلەیەکی روون و زوڵاڵم**
**بەرەو ئامێزی دەریا بەڕێوەم**
**با کڕنۆش بەرن بۆ تۆزی بەر پێت**
**سرووی بەهار و شەماڵ و شنە**
**چاوت هەڵێنە و ونم کە گیانە**
**لەنێو ئەم دەریا قووڵ و بێ بنە**
**چاوی تۆ رازی عەشق لەقاو دا**
**نیگات ئاوێنەی ئەوینی منە**
**کەتۆم لێ دوور بێ نەتەنیا شێعر**
**بەڵکو ناسنامەی خۆشم لێ ونە**
**شێعری بەهارە شۆڕەبیی باڵات**
**هاتووم پشوو بدەم لەبن سێبەریا**
**خۆری ڕوخسارت کەعبەی ئەوینە و**
**دڵم خول ئەخوا لەدەور و بەریا**
**ئیزن دە جارێ شنەی بەیانی**
**تۆزی رێگەکەت بکا بەسەریا**
**کەچاوی تۆم دی وەها نوقم بووم**
**هەموو جیهانم لێ بوو بەدەریا**

***

**لە نیشتمانی سەوزی ئەوینا**
**تیرێژی خۆری پیرۆزی ئاڵای**
**بۆ ژان و خەمی شەوانی دووریم**
**رووگەی خودایی راز و سکاڵای**
**تۆ چیرۆکێکی پڕ لە هێما و راز**
**بۆ من باشترین بیانووی مۆتاڵای**
**بەرزی هەر وەکوو ئاڵای نیشتمان**
**گەرچی بە رواڵەت زۆر کورتە باڵای.**

# یادێك لە هونەرمەند و دەنگبێژی کورد "سەید محەممەد سەفایی"

سەعید مێرانفەر

رێزگرتن و یادکردنەوە لە ناودارانی گەلەکەمان نەك هەر بۆبەرێوە بردنی ئەرکێکی سەرەتایی سەرشانمانە لە بەرانبەر خزمەت و تێکوشان و چاکەی ئەوان بەڵکو نرخاندن و پەرەپێدانی فەرهەنگ و زانیاریشە کە لەخۆی دا ئەرکناسی مرۆڤ و بوژاندنەوەی لایەنە رەنگاورەنگەکانی ژیان دەگرێتەوە.

لە جێبەجێ کردنی ئەم کارە پیرۆزەدا گرینگ ئەوەیە کە بە رەچاوکردنی ئەو جیاوزی و تایبەتمەندی‌یانەی لەجۆری چالاکی، سیما و کەسایەتی ناوداران دا هەیە، بە هەر کەس مافی خۆی بدرێت بۆ رێزلێنان و یاد کردنەوەی بەهرەی هونەری و ژیانە هونەریەکی بکرێتە پێوانە.

لێرەدا یاد لە هونەرمەندێك دەکەینەوە کە هەرچەند یاد و ناوی لەناو دڵ و بیری دانیشتوانی ناوچەکانی: هەوشار، تیلەکۆ، سەقز و دیواندەرە دایە بەڵام بە شێوەی پێویست لە لاپەرە نووسراوەکانی مێژووی فەرهەنگی کورد دا تۆمار نەکراوە.

گەورەترین پاداش و خەلاتی هەر هونەرمەندێك ئەوەیە کە لەناو دڵی خەڵك دا جێگا بکاتەوە.

هونەرمەندی بەر باسی ئێمەش لەو رێگاوە خەلاتی خۆی وەرگرتووە و یادێکی بەخێری بەجێ هێشتووە.

یاد لە هونەرمەند و دەنگبێژی کوڕی دەروێشانو عاشقی تەریقەت "سەید محەممەد سەفایی" کە ناوی وەبیرهێنەری گازەی بەسۆز و بەستەی شادییە و چەندین ساڵ کۆری دەروێشان و گازەی سوفیان و ئاهەنگی و بیرهێنەری خۆش و سروودی رازاندووەتەوەو خولیای دەولەمەند کردنی فەرهەنگ و وشە و هونەری کوردی بووە و فۆلکلۆری ناوچەکەشی پاراستووە و لەناو چین و توێژە جۆرارجۆرەکانی شار و لادێ دا پەرەی پێداوە.

خوالێخۆشبوو سەید محەممەدی سەفایی هەڵبەستی داناوە و چەندین نەواری گازەی ئایینی پەسنی پێغەمبەر بە دەفو شمشاڵ تۆمار کردووە و هەروا کە گۆرانییەکانی خۆشی دەخەنە دڵ و پێکەنین دێنێتە سەر لێو، موناجات و هونراوە مەزهەبی‌یەکانی دڵ دێنێتە کوڵو چاو دەخاتە گریان.

خوالێخۆشبوو سەید محەممەد سەفایی کوڕی سەید مستەفا ساڵی ١٣١١ی هەتاوی لە ئاوایی سەفاخانە سەر بە ناوچەی هەوشار هاتووەتە دنیا، هەر لە تازە لاوییەوە بەهۆی لێهاتوویی لەدەف لێدان توانیویەتی لەکاتی گازە و تلیلەدا ناوێ دەربکات. بەدوای دابین کردنی بژێوی پێویست بۆ گوزەران، دوایی ئەوەی کە قوناغێکی تازە لە ژیانی دەست پێ کرد، ساڵی ١٣٣٠ی هەتاوی بۆ ماوەی ٨ ساڵ لە رادیۆ کرماشان لەگەڵ تۆمار کردنی گۆرانی خولی ئەکتەریی شانۆشی بەرێوە بردووە و پاشان لەرێگای دۆستانەوە چووەتە بەشی کوردیی رادیۆ تاران و لەئەم ماوەدا لەگەڵ هونەرمەندانی سەردەم وەك: حەسەن زیرەك، محەممەدی ماملێ، مەزهەری خالقی و حەمەنەجار ئاشنایەتی پەیدا کردووە، بەرهەمی ئەم ئاشنایەتییە هاوکاری و تۆمار کردنی چەندین بەرنامەی هاوبەشی تەلەفیزیۆنی، رادیۆیی و نەواری کاسێتە.

سەید محەممەد لە درێژەی چالاکیی خۆی‌دا چووەتە ئێراقو ماوەی پێنج ساڵ هاوکاری لەگەڵ ئێزگەی کوردی رادیۆ بەغدا کردووە. کە ئەودەم گۆرانی‌یەکانی لەو ئێزگەیەوە بەناوی محەممەد گەرمیانییەوە بڵاو دەبوونەوە، هەروەها ٤ ساڵیش لە تەلەفیزیۆنی کوردستان ناوەندی سنە کاری کردووە.

سەرجەم کاری ئەم هەڵسووڕانە چەندین بەرنامەی تەلەفیزیۆنی و زیاتر لە ٨٠ نەواری کاسێتە کە زۆربەیان لەولا و لەملا لە ناوەندەکانی رادیۆ و تەلەفیزیۆنی تاران، سنە، کرماشان پارێزراون و کەمتریان کەوتوونەتە بەر دەستی جەماوەر. تایبەتمەندیی بەرجەستەی خوالێخۆشبوو ئەوە بوو کە پیاوێکی کەیفخۆش، بەدەماغ، قسەخۆش و دەم بە پێکەنین بوو. لەگەڵ ئەوەش دا کە زۆر پەرۆشی جێبەجێ کردنی ئەرکە تایبەتییەکانی بوو لە هەر کۆڕ و گوبەندێك دا بوایە گەرم و گوڕتری دەکرد و ئەم تایبەتمەندیانە لەخۆ و فەرئاکاری سەید محەممەد لەگەڵ ئەوەدا کە خەڵکی ئاوایی سەفاخانە بوو کە گوندێکی ئاوەدان و باسەفایە و بەو هۆیەوە نازناوی سەفایی ناوی دەرکرد.

سیەد محەممەد دوای ئەوە کە بەشێکی زۆری تەمەنی لەپێناوی هونەر و گۆرانی کوردی بردەسەر رۆژی ٩ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٧٤ی هەتاوی بەهۆی نەخۆشیی شێرپەنجەی قورگ لە شاری سەقز کۆچی دوایی کرد و تەرمەکەی لە رێورەسمێکی بەشکۆدا بە بەشداریی دۆستان و هۆگرانی فەرهەنگ و هونەری کوردی بەخاك سپێردرا.

# شانۆ، کۆمەڵگا، سیاسەت

مەنوچێهر ئاتەش پووش

بەشی دووەم و کۆتایی

بەڕاشکاوی دەتوانین بڵێین کە ئێستاکەش "ئۆریستی" بەگوێرەی هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتی سەردەم نمایش بدرێتەوە. "یەکێکی دیکە لە ناودارترین درامەکانی جیهان، ئێرانییەکانە، کە "ئاشیل" لەساڵی ٤٧٢ی پێش زایین، واتە ٨ساڵ دوای شەڕی "سالامیس" نوسیویێتی. لەم شەڕەدا یونانییەکان هێرشی ئێرانییەکانیان تێک شکاند و لەناویان بردن، ئاشیل ئەو سیناریۆیەی نەک لەبەر جەژنی سەرکەوتنی وڵاتەکەی، بەڵکوو بەدژی شەڕ و هەموو شەڕەکانی جیهان نووسی، ئەو بەرهەمە ڕەخنەیەک لە سەرکەوتووەکان و دژی سیاسەتی وڵاتەکەی، ئێستاشی لەگەڵ دا بێ دەتوانین نمایشی ئێرانییەکان لەسەر وێرانەکانی بەغدا بڵاو کەینەوە، بێ ئەوەی کە تۆزێک لە هێزی کارتێکەرییەکەی کەم بێتەوە. لەبەرچاو گرتنی مێژووی تێئاتر لە جیهاندا بەم ڕاستییە تاڵە هەست پێ دەکەین کە هێشتا زوڵم و زۆر، توند و تیژی وتیرۆر بوونی بەردەوامن. لەلایەک تەکنولۆژی زانست ڕۆژ بەڕۆژ گەشە دەکا، لەلایەکی دیکەش عەلقیەتی دەسەڵاتخوازی، ڕەشەکوژی و ئەشکەنجە لە زۆر وڵاتان درێژەی هەیە. هەرچەند شانۆ بنەمای جووڵە و ئەفراندنی لە حەز و ئارەزووی بێ کوتایی مرۆڤەوە وەرگرتوە و توانیویەتی کاریگەر بێ، بەڵام هێزی گۆڕینی جیهانی نیە. تیئاتر، ئێمە بەرەورووی شتێک دەکاتەوە کە سەرەڕای ئەوەی لەبواری تێکنۆلۆژیک پێشکەوتووین، بەڵام لە جێگیرکردنی سادەترین پەیوەندیی مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتی و لاوازترین و لە ئاکامدا ئاڵۆزییەکانی دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان خنکاندویانین.



شانۆ داوا لە ئێمە دەکا کە لە جیاتی بوونە بینەر و چاولێکەری تاوانەکان، خۆمان ببینە ئەکتەرێکی ناو کۆمەڵگا و بەشێک لە گۆڕانکارییەکان بخەینە سەرشانی خۆمان. شانۆ فۆڕمو شێوەگەلێکی جۆراوجۆری هەیە، بەڵام هیچ کام لەوان لە مرۆڤ و پەیوەندیی مرۆڤایەتی تا بگا بە نەبوونی پەیوەندیی نێوانیان بێ خەبەر نەبووە. شانۆی "لە چاوەڕوانیی گۆدۆ"ی "سامۆئێل بێکت" لە ئورووپا نابێتە فۆرمی تێئاتری سیاسی، بەڵام لە وڵاتە ئیدئۆلۆژی لێدراوەکان و حکوومەتە دیکتاتۆرییەکان کە ڕێگا بە بڵاوبوونەوەی سیناریۆی ڕاستەوخۆی سیاسی نادرێ، لە هەرە ژانرە تێئاترە سیاسییەکانە.

"دوو پاڵەوانەکەی شانۆ لە سەرەتا دا تا کۆتایی چاوەڕوانیی گەیشتنی ڕزگاریدەر دەکەن کە ناویان ناوە گۆدۆ". تەواوی دیالۆگەکان لەو بارەوە دەگوترێن، کە ئەگەر گۆدۆ بگاتێ ژیانیان دەگۆڕدرێ و لە بەدبەختیان کەم دەبێتەوە. ئەوان هیچ ناکەن و تەنیا دانیشتوون و چاوەڕوانن، بە دڵنیایییەوە سەرەنجام گۆدۆ نایە و هیچ کاتێکیش ناگاتێ، گۆدۆلە ڕاستیدایە کە یەکەی ئێمەین، ئەگەر بجووڵێینەوە.

سەرچاوە:

١ـ داستانهای تصویری کهن ـ نویسنده: غلامحسین خاتمی. سال چاپ ١٣٦٢

٢ـ هەمان سەرچاوە.

***

# هەنگاوێک لە پێناوی بووندا

..................

دنیایەک کە تێیدا دیوەزمەنکانی شەڕ تاریکبینانی نەزان تێیدا دەسەڵاتدارن‌و، تەنیا ڕەهەندی ژیانیان بریتییە لە لەناو بردنی هەرجۆرە جیاوازییەک‌و پێناسەکردنی دنیاو ژیان بەو شێوە کە خۆیان دەیبینن، مەودایەک نیە جگە لە بەگژ دا چوونەوە و بەربەرەکانی. بیرمەندێک دەڵێت ئەگەر هەر زانستێک لەگەڵ پەیدابوونیدا تیۆری پووچەڵ بوونەوەی خۆی داڕێژەری زانست نیە، بەڵام چەندە لەخۆبایین ئەوانەی کە پێیان وایە ڕاستییەکان تەنیا شتێکن و ئەویش لەکن ئەوانن، ئەوە دیارترینت خەسلەتی سیستمە تۆتالیتێرەکان و ئایدۆلۆژیستەکانە. کەواتە دەبێت چ بەربەرەکانییەکی دژوار بێت.

عەقڵ گەرایی، عەقڵ باوەڕی، وەک دیارترین پارامێتری فەرهەنگی مۆدێرن، میکانیزمێکە کە ئێمەی مرۆڤ دەتوانین لەو ڕێگەیەوە پەی بە لایەنە نەناسراوەکانی بوون و ژیان ببەین و چی دیکەی ئەندێشەی تاک ڕەهەندی و نەدیتنی جیاوازەکان لە مێشکمان دا شکڵ نەگرێ و دواجار بەرەو کەناری ئارام و داکۆکی کردن لە بەها بەرزە ئینسانییەکان هەنگاو هەڵێنین. دیارە ئەم باوەڕە بە عەقڵ و عەقلگەرایییە بە شێوەی جیاواز لێکدەدرێتەوە هەر وەک دیکارت دەڵێ"هیچ شتێک لە دنیا دا ئەوەندەی عەقڵ باش دابەش نەکراوە"، چونکە لەڕاستیدا هیچکەس خۆی بەبێ عەقڵ نازانێ، ڕەنگە هەر ئەمەش بوو بێت کە عەقڵ و عەقڵ سەنتەری لەدوای سەردەمی سەرهەڵدانی ڕۆشنگەری کەوتە بەر ڕەخنە. بەڵام ئەمانە لەوە کەم ناکەنەوە کە عەقڵ و عەقڵ باوەری دیارترین میکانیزمی گۆڕان و ناسین و شرۆڤەکردنی دیاردەکان و هەروەها دیارترین خەسلەتی جیاکەرەوەی مرۆڤە. مرۆڤێک کە پێناسەدەری گشت بوونەوەران و مانا بەخشی سروشت‌و تەنانەت هێزە باڵادەستەکانیشە. مرۆڤی عەقڵانی، کە دەستی بەسەر چاوەکانی مەعریفە گەیشتوە و لەمەودا جیاوازەکاندا خۆی پەروەردە کردوە، هەمیشە خاوەنی زەینێکی گوماناوی و شیکاری و تێڕاماوە، ئیزن نادات کە دیاردەکان بکەونە ژێر تەوژمی پێناسەیەکەوە کە بەر لەخۆوە هاتوو، دواجاریش بە لەخۆوەچوویان دابنێ، بەڵکو لە هەوڵی دیاریکردنی هۆکار و خەسڵەت‌و تایبەتمەندییەکانیان دەبێت.

ئەگەر لە دنیای مۆدێرن دا یەکێك لە خەسڵەتەکانی، کارکردن و دەست ڕاگەیشتن و بەکارهێنانی، زاراوە و تێکنۆلۆژی‌و تیۆرە فیکری و زانستییەکان بێت سادە نۆڕییە کە ڕوانینێکی یەکلایەنەمان هەبێت و کۆلیەتی ئەوانەو بەکارهێنانیان وەک ڕەمزی مۆدێرن‌و مۆدێرن‌بوون و ئەوڕۆیی بناسین، بەڵکو دەبێت ئەوەمان لەپێش چاو بێت ، کە تەنانەت دیکتاتۆرترین مرۆڤ و ڕێژیمەکانی سەر ئەم زەویەش، ئەوڕۆ خۆیان لەمانە ببوێرن‌و تەنانەت هەندێ جاریش گەمەیەکی ئەوتۆیان پێ دەکەن کە لە پێناوی هەقانیەتی فکرو کاری خۆیاندا بەکاریان دێنن و لە هەوڵی ریسواکردنی بەرامبەرەکانیان دان، هەربۆیە دەرکردنی گۆڤارێک یا ئامرازێکی دیکەی ڕاگەیاندنی بە باکگراوندێکی زانستی‌و مێتۆدیک، دەتوانێت بەرسڤێکی کاریگەر بێت و دواجاریش بتوانێ سنوورێك دابنێ بۆ پاشاگەردانییەکان و ڕووی ڕاستەقینەی مەسەلەکان دەربخات، ئەمە یەکێکە لە خەسڵەتە دیار و بەرچاوەکانی زانست لەم سەردەمەدا کە مەودای وورد و وردی گرتۆتەوە.

ئەگەر لە هەموو دنیا و بۆ هەموو مرۆڤەکان و هەموو ڕێکخراوەکانی ناو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان ئەمانە دەچنە قالبی چالاکییەکی ئاسایی و وەك ئەزموونێکی کۆمەڵگا چاوی لێ دەکەن، مرۆڤەکان لە مەودای جیاوزدا خۆیان دەنوێنن، بۆ ئێمەی کورد حاڵەتێکی دیکەی هەیە و ئامانجێکی دیکەش لەخۆ دەگرێ، ئامانجێك کە زیاد لەوەی کارکردن بێت لە پێناوی خۆڵقاندنی ئەزموونێك لە حاڵەتی ئاسایی کۆمەڵگایەك دا، بریتییە لە هەوڵی گۆڕینی بنەڕەتی ڕێساو دەسەڵاتێکدا کە بە کەمترین نرخ‌و شێوە ئامادە نیە بتناسێنێ، هەر ئەمەشە ڕووی ئەم کارە بە لایەکی تر دا دەسوڕێنێ. بەم پێودانکە لەبەر ئەوەی هەموو بزتنەوەکانی تر لە چوارچێوەی بزووتنەوەیەکی گشتگیری نەتەوەییدان، بۆیە پێویستە ڕەهەندێکی دەروەستانە بگرێتە خۆ بەرامبەر بە مۆراڵ و بنەما کولتوری و مێژووییەکانی نەتەوەکەمان لەهەمبەر سەلماندنی ئەوەی کە نەتەوەین و دەبێت خاوەنی سەروەری و ماف بین. هەڵیەت نەك بە بەڵاوەنانی هزری ڕەخنەیی.

ئەمە مەودایەکە کە بتوانین خۆمانی تێدا دەربخەین‌و وزەو توانامان نیشان بدەین و لە هەوڵی دارشتنی تیۆری مەسەلە پەیوەندی دارەکان بین بە خوێندکاران و ئامانجەکانیان، ئەمەش دواجار بوونی پێدەبەخشێ، ئەگینا بە هیچ شێوەیەك ناتوانین خۆمان بناسین، واتە دەبێ یەکەمجار خۆمان هەست بە بوونی خۆمان بکەین، کە وەك مامۆستا هێمن دەڵێ:

چۆن دەتوانم بە تۆ بڵێم من چیم
خۆم گومانم هەیە کە هەم یان نیم

دروشمی (زانین توانینە) یەکێکە لە واقیعەتە بەرجەستە و دیارەکانی بەربەرەکانی دنیای ئەوڕۆ لە بوارە جیاجیاکاندا، هەربۆیە ئێمەش دەتوانین چونکە دەزانین. دەزانین کە هەین، کەواتە دەتوانین ببین.

***

# وێنەی کەرتکراو

ئەفراسیاب گرامی (کانی)

سەرم نابووە سەر دەفتەرەکەم، وشەکان هەڵدەزنانە قەڵەمەکەم، وشەیەك..دوان... هەریەك و بۆنێك... ڕەنگێك...، وشەکان لە ئەلبۆمی وێنەکان دەدوان، وێنەیەك تا ئەوکات لەبیر کرابوو بەجێماو... خۆی لە ئاوێنەیەکی ژەنگاوژەنگ زەنگ دەبینیەوە، ڕۆژ بەڕۆژ ژمارەیان زۆرترو زۆرتر دەبوو... لەتی ئاوێنەکان وێنەکانی زیاد دەکرد... پەلە مەکەن و جوان بیری لێبکەنەوە...، قەڵەمەکەم و وشەکان لەگەڵ یەك باسیان دەکرد، هەرچۆنێك بوو وازیان لە چپەچپ هێنا و چوومە نێوپورە چپەکانیانەوە، لەوێنە کەرت کراوەکە ڕامابوون‌و نیگاکان لەبەرامبەر هەزاران وێنەی کەرت کراودا، کەمێك سەرت لار دەکردەوە توندتر وێنەکان زیاد دەبوون و کەمێکی تر... دەتگوت سەرشەقامە و خۆپیشاندانێکی گەورەیە و خەڵکی لەگەڵت دەکەون...نە!نە! بیر لەناخمدا منی بۆخۆی ڕادەکێشا و... مامۆستای زانکۆی وێنەکان بوو... هەڤاڵان بەخێربێن.

به یەکدەنگی: سوپاس مامۆستا!!

- زۆر خۆشحاڵم بە دیتنی دووبارەی ئێوە، ئەمڕۆ دوو میوانی بەڕێزمان هەیە، دوو هەڤاڵی هونەردۆست، ڕێزدار وشە ڕۆمان نووسێکی گەورەی کوردە و ڕێزدار قەڵەم ڕۆژنامەنووسە... زۆر بەخێربێن... وانەی ئەمڕۆمان ئەزموونە!! ئەزموون بەسەرهات و ئاڵوگۆڕی ئاوەزی مرۆڤە کە تێدا لەگەڵ سروشت ژیان بەستراوەیە بە... وانەی ئەمڕۆمان کۆتایی پێهات و منیش دەمهەوێت بێدەنگی بشکێنن و پرسیارەکانتان بکەن...



- مامۆستا پرسیارێك... وێنەیەکی لاو و کە نیوەی ژەنگی ئاوێنەکەی تیزابوو لایەکی کەرت ببوو...وتی مامۆستا! ئەزموون فەلسەفەی چۆنە؟ ئەی فەلسەفەی ئەزموونی کوردمان هەیە؟

ـــ بەڵێ: پرسیارێکی باش‌و قووڵە... فەلسەفە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی...و...و... بەڵام ئەوەی کە وەك فەلسەفەی ئەزموونی کوردە، هەمانە بەڵام پێشێلکراو زمان بەستەیە، وێنەیەکی ناوچاوان گرژ، هەستاوە وتی: مامۆستا ڕاست دەکا، من چاوم لێبوو جارێك ویستی لە کۆڕێك دا قسە بکات، زمانیان داخ کرد. ئەزموون دەبێ قسە بکات و بجوولێ، هاتووچۆ بکات، وێنەیەکیتر، ببوورە مامۆستا!! من‌و ئەو لە منداڵییەوە پێکەوەین، بە شیری دایك دارەدارەی پێ نەکرا، چەپۆکی باوەژن سەرکوێری کرد. وشە ڕۆمان نووسەکەش وتی منیش لەو بڕوایەم، دەبێ لەدووی بگەڕێین و بیدۆزینەوە، ئاخر ئەزموونی کورد ترسی لێنیشتووە، ترس و خواردوویەتی و نایەڵێ لقوپوپو چووزەی تازە دەرکات.

لەناو ئاپوورەی وێنەکاندا!! وێنەیەك کە ڕەشتییەکی هەورامی بەستبوو و تەزبێحێکی قەزوانی لە پشتوێنەکەی هەڵواسیبوو وتی: ئەرێ مامۆستا!! منێك لە گوندەوە هاتووم و ئێستا ئاوارەی ئەم دیارە نەناسراوەم، کوێرەوەری و کۆچەری دنیا ئێمە کێشامان، بەزۆر دەربەدەر کراین و ماڵوێران کراین، دەی ئەزموونی کوردی چ قوڕێك بکاتە سەر خۆیدا؟ خۆ ئێمە نە ئەزموون خۆر بووین نە ئەزموون دز. بە بوون و نەبوونی ئەزموونەکانمانەوە دەژیاین، بەڵێ مامۆستا! گاسنە زەمەن هێڵی چەپ و ڕاستی لە تەوێڵماندا کێشاوە. ژیانە، بەسەر هاتە، لەناو خۆمدا ون دەبووم، مامۆستا چ سەیرە، بڕوانە تووشی چ بەسەرهاتێك دەبێ، وێنەیەك کە لە ڕیزی پێشەوە دانیشتبوو، نیگارکێشێکی گەورە بوو، لەبازاڕدا وێنەکانی بە هەزار و تا سەدهەزاریش دەفرۆشران. دەنگی هەڵبڕی و وتی مامۆستا، دەبێ ئەزموون ڕەنگەکانی چۆن بێت؟

لە هەمان کات دا قەڵەمە ڕۆژنامەنووسەکە، هاتە ئاخاوتن و وتی ببوورە مامۆستا!! ئەزموونی کورد لە ساڵەکانی...تا ساڵەکانی... ڕەنگە سروشتییەکان و گوڵەکانی تێزابوو بەدی دەکران، بەڵام لە چارەکە سەدەکانی ئەزموونی کورد دەتوانم بڵێم ڕەشی تۆخ و سپی تۆخە، تاکوو ئێستاش بەدوای ڕەنگە سروشتییەکان وێڵە.

ــ پرسیارێکیتر نیە؟ تکایە بە لەبەرچاو گرتنی کات پرسیارەکانتان بکەن.

لەناو حەشیمەتی وێنەکاندا کە لەناو ڕێگەو لەپشت پەنجەرەکانەوە گوێیان لێ بوو، وێنەیەکی بەتەمەن و ڕۆخسار و دەموچاوی چرچ و لۆچ، هەر لۆچێکی هەزاران کوێرە کوڵانی لێدەکەوتەوە و تەپووتۆزی ڕۆژگاری لێ نیشتبوو، وتی: تکایە من لەباتی هەمووان پرسیارەکان کورت دەکەمەوە.

یەکەم: ئەزموون‌و عەشق بۆ پەلاماردان؟ دووهەم: ئەزموون و کورد چییان لێ هات؟ سێهەم: وێنەی ئەزموونەکان چۆنن و بۆچی ڕەنگ ڕەنگ کران؟ چوارەم...پێنجەم....

خۆم لە خۆمدا ون دەبووم. هەستم دەکرد منیش وێنەیەکی ژەنگاوی و ژەنگ ژەنگ کراوم. پرسیارەکان بێ وەڵام دادەمرکانەوە، بێ ئاوی دەیخنکاندن. لەپڕێکدا!! وێنەیەکی لە پشت پەنجەرەکانەوە هاواری کرد، ئەرێ مامۆستا!! ئێمە لەیەك ناچین، من بزانم لەیەکدەچین، ئەی هاوار، حەشیمەت!! ژەنگ ژەنگ کراوین. هەموو ئێمە وەك مامۆستاین، ئەرێ ڕێزدار قەڵەم، ڕێزدار وشە تۆ نازانی مامۆستا بۆ نامناسێتەوە؟ خۆ ئێمە وێنە هەڵواسراوەکەی کەلاوەکانی مامۆستاین، لەبیرتان بێت، باوباپیرانی ئێوەش تەمەنیان لەگەڵ بردە سەر،...ژیان....

بەخەبەرهاتم، وشەکان و قەڵەم لێیان پرسیم: چی بووە، بۆ بۆچرکەیەك بزربویت‌و پەشۆکای؟

نازانم...نازانم وازم لێ بێنن.

وشەکان هێدی هێدی هەڵدەزنانە قەڵەمەکەم من و ئەمەیان لەسەر تێنووسەکەم تۆمار دەکرد.

تورەم... ئاوێنەی ژەنگاوی....

مامۆستا.. لەیەکچووین...

دەتوانن بەرهەمەکانتان بەو ناونیشانەی خوارەوە بۆ بەشی "ئەدەب و هونەر" بنێرن

edeb_huner@yahoo.com

# دێموکراسیی راستەقینە یان دێموکراسیی رواڵەتی

**رەزا فەتحوڵڵانژاد**

یەکێك لەو مەسەلانە کە لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا، هەمیشە لە رێگەی پروپاگاندەو چەواشەکارییەوە هەوڵی داپۆشین‌و وەپەراوێزخستنی دراوە، مەسەلەی مافی نەتەوە ژێردەستەکان لەم وڵاتەدا بووە. لەو پێوەندییەدا لە لایەن شوڤێنیستەکانەوە بۆ پاراستنی هێژمونیی زاڵ کە هەمان باڵادەستیی نەتەوەی فارس بەسەر نەتەوەکانی دیکەی ئێرانە، شێوازگەلی‌جۆراوجۆر رەچاو کراون‌و تیۆریگەلێکی چەواشەکارانە داتاشراون. تا دوێنێ هەوڵ دەدرا، بیری مافخوازی لەنێو نەتەوە ژێردەستەکاندا پەرە نەستێنێ‌و ئیمڕۆش کە بەرپەچی وشیاریی نەتەوەیی ئەو نەتەوانەیان پێ نادرێتەوە، بەوپەڕی ناراستی‌و فێڵبازییەوە بانگەشەی ئەوە دەکەن کە با لە پێشدا لە ئێران ئازادی‌و دێموکراسی بچەسپێ، پاشان لەژێر تیشکی ئازادی‌و لەرێگای دیالۆگ‌و ئاڵوگۆری بیروڕاوە، کێشەی نەتەوە ژێردەستەکان چارەسەر دەکەین. ئەوەی لێرەدا روونە، نیازێکی چەوت‌و چەواشەکارانەیە کە لەپشت ئەم شێوازە بەناو چارەسەرکردنەدا، حەشار دراوە. دێموکراسی، سیستمێکە کە بەبێ وەدیهاتنی هێندێ پێشمەرجی بنەڕەتی، سەقامگیر نابێ‌و پێك نایێ. لێرەدا بە شیکردنەوەی چەند پێشمەرجێکی بنەڕەتی و بناغەیی کە هەر سیستمێکی دێموکراتیك پێویستی پێیانە، ناراستی‌و بەدنیازیی شۆڤینیستەکان لە بانگەشەکردنی ئەو جۆرە دێموکراسییەدا لەقاو دەدەین.

**کۆمەڵگای یەکگرتوو**

بنەڕەتیترین پێشگریمانی دێموکراسی، هەبوونی کۆمەڵ یان کۆمەڵگایەکە کە لەئەندامانێك پێك هاتبێ‌و خاڵی هاوبەش‌و بەرژەوەندییە هاوبەشەکان، ئەندامانی ئەو کۆمەڵ یان کۆمەڵگایەی پێکەوە گرێ دابێ. سیستمی دێموکراتیك لە کۆمەڵ یان کۆمەڵگایەکدا سەقامگیر دەبێ کە خاڵە هاوبەش‌و بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی ئەندامانی، لە خاڵە جیاوازو قازانجە پێکناکۆکەکانیان بەهێزتر بن. لە کۆمەڵ یان کۆمەڵگایەکدا کە بەشێك دژی بەشێکی دیکە بێ، یان تەنانەت ئەندامانی دوژمنی یەکتر بن، دێموکراسی نایەتەدی. کارل کوهن، لە کتێبی "دێموکراسی"دا دەڵێ: "گەشەو مانەوەی هەر کۆمەڵێکی دێموکراتیك بە هێندێ مەسەلەی ئەبستراك بەستراوەتەوە ـ وەك رۆحی یەکگرتوویی‌و هەستی ئەندامانی سەبارەت بەوەی کە ئەندامەتیی هاوبەشیان لە هەر مەسەلەیەك کە لەوانەیە بەپێی ئەوە لەنێوانیاندا کێشە بخولقێ، گرنگترە. تا چەند ئەم رۆحی یەکگرتوویی‌یە کاریگەرترو گیراتر بێ، ئەوەندەش ئەگەری سەقامگیریی دێموکراسی لە ئارادایەو لەوانەیە بکرێ بەو هۆیەوە، لەبەرامبەر کارەساتبارترین کێشە نێوخۆیی‌یەکانیشدا خۆڕاگربێ"[1]. بەم پێیە، ناکرێ لە کۆمەڵگایەکدا بە چاوی دوژمنەوە سەیری یەکدی بکرێ‌و لەهەمان کاتیشدا چاوەڕوانی جێگیربوونی سیستمی یموکراتیك، بکرێ.

بەدرێژایی نزیك بە سەدەیەك لە ئێراندا، بەشی نەتەوەکانی عەرەب، کورد، بەلووچ، ئازەری‌و تورکمەن لەو وڵاتەدا لەلایەن رێژیمەکانەوە، بێجگە لە هەوڵدان بۆ سڕینەوەیان، هەڵاواردنی کولتووری، سیاسی‌و ئابووری، سەرکوت‌و دەمکوتکردن‌و بەچاوی دوژمنەوە سەیرکردنیان چیدی نەبووە.

روونە کە تا وەها سیاسەتێك لە ئێراندا لە ئارادا بێ، نەتەوە بێ‌مافە ئێرانییەکان خۆیان بە هاوبەرژەوەندی‌و هاوچارەنووسی نەتەوەی باڵادەست نازانن‌و لەوانەشە گەر شێلگێرانە ئاوڕ لە داخوازییە نەتەوایەتییەکانیان نەدرێتەوەو رەوتی هەڵاواردن هەروا درێژەی هەبێ،ماڵی خۆیان بە تەواوی جیا بکەنەوە.

جاکەوابوو، پێش ئەوەی بۆ سەقامگیرکردن‌و بەدیهێنانی دێموکراسی لە ئێراندا هەوڵ بدرێ، پێویستە میکانیزمێك رەچاو بکرێ کە چارەنووسی نەتەوە پێکهێنەرەکانی ئێران، پێکەوە ببەستێتەوەو تێکڕا هەست بە ئەندامبوون لەو پێکهاتەدا بکەن کە ئەمەش ناکرێ مەگەر بە چارە سەرکردنی کێشەی نەتەوە ژێردەستەکان.

**مافی کەمایەتی‌یەکان**

یەکێك لە رێسا سەرەکی‌یەکانی دێموکراسیی راستەقینە، پاراستنی مافی کەمایەتییەکانە. دێموکراسییەك کە گەرنتی پاراستنی مافی کەمینەکان نەکات، بە دێموکراسیی ژاکوبنی واتە دیکتاتۆریی زۆرینە ناو دەبرێ. لە هەر کۆمەڵگایەکی دێموکراتیکدا، دوو جۆر کەمینە لە ئارادان، جۆری یەکەم، ئەو کەمینانەن کە دەتوانن بە کەڵکوەرگرتن لە ئامرازو ئازادییە دێموکراتیکەکان، ببنە زۆرینەو جۆری دووهەم، کەمینە هەتاهەتایی‌یەکانن، واتە ئەو کەمینەگەلەی بە پێی دابەشبوونی نەتەوەیی، ئیتنیکی، نەژادی، مەزهەبی‌و... ەکانەوە بە کەمایەتی لە قەڵەم دەدرێن. بەم پێیە، لە دێموکراسی‌دا، ئەو کەمینەگەلەی دەتوانن ببنە زۆرینە، بۆ نموونە رێبازە سیاسی‌یە تایبەتییەکان، تەنیا لە ئازادییە گشتییەکان‌و مافە گشتییەکان کەڵك وەردەگرن، بەڵام بۆ کەمینە هەتاهەتایی‌یەکان پێویستە رێوشوێنی پێویست رەچاو بکرێ، واتە لە کۆمەڵگایەکی دێموکراتیکدا، بیرو بۆچوونی جیاواز مافی جیاوازو تایبەتی وەرناگرێ، بەڵکوو ئەوە کەمایەتییە هەتاهەتایی‌یەکانن کە دەرەتانی بوونە زۆرینەیان نیەو پێویستە لەمەڕ پاراستنیان لە هەڵاواردن‌و بێبەشکردن‌و هەروەها بۆ مسۆگەرکردنی مافەکانیان، رێوشوێنی گونجاوو تایبەتیان بۆ لەبەرچاو بگیرێ.

"هێندێ رێوشوێنی یاساسەروەرانە، بۆ پێشگرتن لە ژێردەستەبوونی هەتاهەتایی کەمایەتی‌یەکان، لە ئارادان. ئامرازگەلێکی وەك بەشدارکردنی کەمایەتی‌یەکان لە پۆستە دەوڵەتییەکان بە پێی رێژەی حەشیمەتیان، رەچاوکردنی مافی "ڤیتۆ" بۆیان سەبارەت بەو یاساگەلەی هەڕەشە لە بەرژەوەندییە ژیارییەکانیان دەکەن‌و دانی خودموختاریی راستەقینە بۆ چارەسەر کردنی ئەو کێشانەی پێوەندی بە خۆیانەوە هەیە"[2].

کەوابوو، پاراستنی مافی کەمایەتییەکان، یەکێك لە پێشمەرجەکانی دێمۆکراسییەو، بەو پێیەش بۆ سەقامگیرکردنی دێمۆکراسی لە ئێراندا، دەبێ پێشتر رێوشوێنی پێویست‌و گونجاو بۆ گەرەنتیکردنی مافی کەمینەکان‌و یەك لەوان کەمایەتییە نەتەوەیی‌یەکان رەچاو بکرێ. بەبێ دابینبوونی مافی کەمایەتییە نەتەوەیی‌یەکان، دێمۆکراسی لە ئێراندا نە سەردەکەوێ‌و نە دەچەسپێ.

**کۆمەڵگای مەدەنی**

کۆمەڵگای دێموکراتیك، یەکێك لە بناغە سەرەکی‌یەکانی سیستمی دێموکراتیکە. لە کۆمەڵگایەکدا دێموکراسی وەگەڕ دەکەوێ کە کۆمەڵگای پلورال بتوانێ لە رێگەی رێکخستنی بەرژەوەندی‌و داخوازی‌یە جۆراوجۆرەکانەوە، چالاکی بنوێنێ‌و گوشار بخاتە سەر دەسەڵات. کۆمەڵگای مەدەنی دەنگ‌و هێزی تاکە هاوبۆچوونەکان دەردەخاو پشتیوانی راستەقینەی ئازادییە سیاسی‌و کۆمەڵایەتییەکانە. کۆمەڵگای مەدەنی لەو حیزب، رێکخراو، سەندیکاو N.G.O ە نادەوڵەتییانە پێك دێ کە بە نیسبەت دەسەڵات سەربەخۆن‌و خاوەنی دەنگی تۆکمەو رێکخراوی خۆیانن. کاتێك رێکخراوی مەدەنی، سەربەخۆیی خۆی دەپارێزێ‌و ناکەوێتە ژێر رکێف‌و کارتێکەریی دەسەڵاتەوە کە خاوەنی پاڵپشتی بەهێزی وەك سیستمی بازاڕی ئازاد بێ. ئەو بازاڕە ئازادەی کە کارل پوپێر (١٩٠٣ ـ ١٩٩٤) بە "خود بە خودی"[3] و فرێدریش فون هایك بە "کاتالاکسی" (واتە خۆڕسك)[4] ناوی لێ‌دەبەن، بازاڕێکە کە خۆی لەخۆی‌دا، پشتیوانی لە فرەیی‌و ئازادیی هەڵبژاردن دەکاو دەبێتە بەربەستێکی قایم لە بەرامبەر فرەخوازی‌و رەهاخوازیی دەسەڵاتی سیاسی‌دا. دووکەس لە دارێژەرە بەناوبانگەکانی دێموکراسیی مۆدێرن، جێرمی بێنتام (١٧٤٨ ـ ١٨٣٢)و جیمزمیل (١٧٧٣ ـ ١٨٣٦) لەو باوەڕەدا بوون کە: "بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنە خولییەکان، لێسەندنەوەی دەسەڵات لە پاشا، جوێکردنەوەی هێزەکانی نێو دەوڵەت‌و هەروەها بازاڕی ئازاد، لانی زۆری بەرژەوەندییەکانی هاووڵاتییان دابین دەکا. دەنگی ئازادو بازاڕی ئازاد لێك جوێ ناکرێنەوە"[5].

"ئابووریی بازاڕ بە دژایەتی لەگەڵ ناوەندگەریەتی لە بڕیارە ئابوورییەکان‌و هەروەها دابەشکردنی دەرەتانەکان، زانیارییەکان‌و پێویستییەکانی نێو کۆمەڵگای مەدەنی، سنووری بیاڤی دەسەڵاتی دەوڵەتی بەرتەسك دەکاتەوە. ئەم سیستمەش بەر بەوە دەگرێ کە خەڵك بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان یان سەرمایەدانان بۆ هەر چالاکییەکی سەربەخۆی کولتووری یان سیاسی، چاویان لە دەست دەوڵەتەوە بێ. لەم لایەنەوە، دەکرێ ئابووریی بازاڕ بە پشتیوانێك بۆ دێموکراسی لەقەڵەم بدرێ"[6].

وڵاتی ئێران نە وڵاتێکی پیشەسازییەو نە سەرمایەداری تێی‌دا گەشەی کردووەو ئابوورییەکی تاکبەرهەمیی هەیە کە ئەمەش چڕبوونەوەی دەسەڵات لە ناوەندی لێ‌دەکەوێتەوەو هێزێکی ئەوتۆ بە دەسەڵاتی ناوەند دەبەخشێ کە سەرهەڵدانی ئابووریی سەرمایەدارانەو کێبەرکێی سەرمایەی تایبەتی لەگەڵ سەرمایەی دەوڵەتی دژوار دەکا. بەم پێیەش بازاڕێکی ئازادی ئەوتۆ لە کورتخایەن لە ئێراندا، نایەتە دی کە ببێتە پاڵپشتی کۆمەڵگای مەدەنی‌و بەهێزی بکا.

کەوابوو، لەبەرامبەر ئەو بێ‌هێزییەی کە لە کۆمەڵگای مەدەنیی ئێرانی دوارۆژ چاوەڕوان دەکرێ، پێویستە، زیاتر بایەخ بە دابەشبوونی دەسەڵاتی ناوەند بدرێ. واتە گەر هاتنەدیی کۆمەڵگای مەدەنیی بەهێز لەئێراندا درێژخایەن‌و دژوارە، لە بەرامبەریدا دەبێ لە چەقبەستنی هێز لە ناوەند کەم بکرێتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش، بیجگە لەوەی کە دەبێ بە شێوەی ستوونی دەسەڵات دابەش بکرێ، واتە سێ هێزی بەڕێوەبەری، دادوەری‌و یاسادانان بەتەواوی لێك جیابکرێنەوە، پێویستەو لەوانەیە تاقە رێگەی گونجاویش بێ کە بە شێوەی ئاسۆییش دەسەڵات دابەش بکرێ، واتە دابەشکردنی دەسەڵات لە نێوان دەسەڵاتی ناوەندو دەسەڵاتە ناوچەیی‌و خۆجێیی‌یەکاندا.

جیمزمدیسۆن (١٧٥١ ـ ١٨٣٦) کە یەکێك لە دارێژەرە سەرەکییەکانی یاسای بنەڕەتیی ئەمریکایە، لەو باوەڕەدا بوو کە: "جۆرێك لە "دەسەڵاتی خەڵکی" بە پێکهاتەیەکی فیدراڵی و هێزە جوێبووەکانەوە، نەتەنیا خراپترین دەرکەوتەکانی رێبازگەخوازییەکان چارەسەر دەکا، بەڵکوو رێگە بۆ بەشداریی شێلگیرانەی هاووڵاتییان‌و داکۆکی لە قازانجەکانیان خۆش دەکا".[7] هەروەها لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێ: "گەر لە ئاکامدا، هەم لە ئاستی نەتەوەیی‌و هەمیش لە ئاستی خۆجێیی‌دا هێزە یاسایی‌یەکانی بەڕێوەبەری، یاسادانان‌و دادوەری لە یەکدی جیابکرێنەوە، بە رادەیەکی جێی پەسند، ئازادی جێگیر دەبێ."[8].

کەوابوو، بەپێی ئەو فاکتانە لەسەرەوە تیشك خراوەتە سەریان، بۆ قەرەبووکردنەوەی کۆمەڵگای مەدەنی بەهێز، دەبێ دێموکراسی لە ئێراندا فیدراڵ بێ‌و گەرواش نەبێ ئەوا دێموکراسی راستەقینە نایەتەدی.

ئاکام: لە قاودانی مەبەستی ناپاك

هەرجۆرە هەوڵێك بۆ جێگیرکردنی دێموکراسی لە ئێراندا، بەبێ دابینکردنی مافی نەتەوە ژێردەستەکان بە چەند هۆی بنەڕەتی بێ‌ئاکام دەمێنێتەوە، یەکەم: یەکگرتوویی‌و هەستی ئەندامەتیی هاوبەش لە نێو هاووڵاتییان پێك نایێ، دووهەم: مافی ئەو کەمینە نەتەوایەتییانەی کە دەکەونە خانەی کەمایەتی‌یە هەتاهەتایی‌یەکانەوە دابین ناکرێ‌و سێهەمیش: دەسەڵات لە ناوەندا چڕدەبێتەوەو دابەشکردنی دەسەڵات بەدی نایێ.

شوینیزمی زاڵ دەیهەوێ بە بازدان بە سەر کێشەی نەتەوە ژێردەستەکان‌و گرتنە دەستی جڵەوی دەسەڵاتی وڵات لە ناوەندا، هەمدیس خۆی بەرهەم بهێنێتەوەو تەنانەت بە خۆگونجاندن لەگەڵ هەلومەرجی نوێ‌دا، سەرلەنوێ خۆی نوژەن بکاتەوەو بەمەش باڵادەستی‌و هێژمۆنیی زاڵی خۆی بپارێزێ‌و بە شێوازێکی دیکە چاوپۆشی لە مافە نەتەوەیی‌یەکانی نەتەوە ژێردەستەکان بکا.

نموونەی بەرچاوی ئەو سیستمە دڵخوازەی کە شوڤێنیزم لە ئێراندا هەوڵی بۆ دەدا، وڵاتی تورکیەیە. لە تورکیەدا کە بە رواڵەت دێموکراتیکە، کەمالیزم ئایدولۆژیای سوپای تورکیەیەو لە رێگای سوپاو لە ژێر ناوی "پاراستنی یەکیەتیی خاکی تورکیە"وە هەر جۆرە دەنگێکی مافخوازی‌و یەك لەوان دەنگی حەشیمەتێکی بەرچاوی وەك نەتەوەی کورد بە گوللەو سەرکوت وەڵام دەدرێتەوە.

کەوابوو مەبەستی نادیارو شاراوەی شوڤینیزمی دەسەڵاتدار لەو جۆرە دێموکراسی‌یەی کە بانگەشەی بۆ دەکرێ، نەك ئازادی‌و دێموکراسی نیە، بەڵکوو کەڵکی نابەجێ وەرگرتن لە ئازادی‌و دێموکراسی‌یەو لە دوارۆژدا نەتەنیا لەسەر مەسەلەی نەتەوە ژێردەستەکان دیالۆگ‌و راگۆڕینەوە ناکا، بەڵکوو بە ناوی پاراستنی یەکیەتیی خاکی وڵاتەوە، ئەو نەتەوانە سەرکوت دەکاو هەمدیس هەوڵی سڕینەوەیان دەداو تەنانەت دەست دەخاتە نێو سنووری ئازادیی تاکەکەسیی تاك تاکی هاووڵاتیانیش.

*سەرچاوەکان:*

*١ـ کوهن، کارل، "دێموکراسی"، و: فەریبورزی مەجیدی، چاپی یەکەم، رەشەمەی ١٣٧٣، چاپخانەی دیبا، ل ٨٢*
*٢ـ دیوید بیتهام و کوین بویل، "دمکراسی چیست"، و: شەهرام تەبریزی، ئینتشارات یونسکو*
*٣ـ بەشیریە، حوسێن، "لیبرالیسم و محافظەکاری"، چاپی سێهەم، تاران، ل ٥٨*
*٤ـ بەشیریە، حوسێن، "لیبرالیسم و محافظەکاری"، چاپی سێهەم، تاران، ل ٨٣*
*٥ـ هلد، دیوید، "مدلهای دمکراسی"، و: عباس موخبێر*
*٦ـ دیوید بیتهام و کوین بویل، "دمکراسی چیست"، و: شەهرام تەبریزی، ئینتشارات یونسکو*
*٧ـ هلد، دیوید، "مدلهای دمکراسی"، و: عباس موخبێر*
*٨ـ هەمان سەرچاوە*

# فازێکی نوێ لەخەباتی مافخوازانەمان

**سمایل شەرەفی**

خەباتی مافخوازانەی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران، دژ بە دەسەڵاتی دژە کوردی کۆماری ئیسلامیی ئێران، گەیوەتە قۆناغێکی نوێ‌و تایبەت. چاوخشاندنێك بەسەر حەرەکەتە ئیعترازییەکانی ئەم چەند ساڵەی دوایی خەڵکی هۆشیاری شارە جیاجیاکانی کوردستان‌و خوێندنەوەی لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەم بزووتنەوانە هانمان دەدا کە پێناسەیەك بۆ ئەم خەباتە نەتەوەیی‌یە بکەین. ئەوەی بەجۆرێك بۆتە هۆی گۆڕینی نێوەڕۆك‌و شێوازی خەباتی ئەمڕۆی نەتەوەکەمان‌و کردویەتی بە خەباتێکی گشتگیرو بەکۆمەڵ، بەرز بوونەوەی ئاستی وشیاری نەتەوایەتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە، بەواتایەکی دیکە رۆحی نەتەوەیی بۆتە هەوێنی خەباتی مافخوازانەی نەتەوەکەمان، رۆحێك کە توانیویەتی هاودەنگی‌و هاوهەڵوێستی لەنێو نەتەوەیەکی چەوساوەو نیشتمانێکی بەشبەش کراودا بخولقێنێ. دەرکەوتەکانی ئەم فازە نوێیە، لەخەباتی نەتەوەکەمان بە جۆرێك تەعبیرە لەهۆشیاری‌و خۆناسینی نەتەوەیی. خۆناسین بەو مانایە کە بەپێچەوانەی ئیدیعای دژمنان، ئێمە نەتەوەیەکی سەربەخۆین‌و خاوەنی خاك‌و نیشتمانی تایبەت بەخۆمانین، خاوەنی مێژوو، زمان‌و کولتووری تایبەت بەخۆمانین. خۆناسین بەو مانایە کە ئێمە ( وەك نەتەوە) هیچ شتێکمان لە نەتەوەکانی دیکەی جیهان کەمتر نیەو مافی خۆیانە کەبڕیار لەسەر دیاریکردنی چارەنووسمان بدەێن.

راپەرینە گەلی‌یەکەی شارەکانی کوردستان بەتایبەت لە هاوینی ئەمساڵدا، وێڕای نیشاندانی ئەم خۆناسینە نەتەوەیی‌یە، دەری‌خست کە خەڵکی کوردستان رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران ـ لە تەواویەتی خۆی‌دا ـ دژبە مافە نەتەوەییەکانی خۆیان دەزانن. هەر ئەم ساغبوونەوە هۆشیارانەیەی خەڵکی کوردستان دەسەڵاتدارانی رێژیمی تێ‌گەیاند کە ئەم نەتەوەیە لەقۆناغی پرش‌و بڵاوی ترازاوەو یەکگرتووانە دژ بە دەسەڵاتەکەیان راوەستاوە. هەر بۆیە بە هاتنە سەرکاری تیرۆریستێکی وەك مەحموود ئەحمەدی‌نەژادو کابینە نیزامی - ئەمنییەتی‌یەکەی فشارو سەرکوت بۆ سەر کوردستان زیاتر لە جاران پەرەی سەندوە. کوشتنی بێ‌بەزەییانەی شوانەی سەید قادرو شێواندنی نامرۆڤانەی تەرمەکەی‌و پاشان سەرکوتی خۆپیشاندەرانی خەڵکی مەهاباد‌و شەهیدکردنی چەندکەس لەخەڵکی شاری سەقزو شارەکانی دیکەی کوردستان، لەهاوینی ئەمساڵدا، سەڵمێنەری ئەو راستییەن.

رێژیمی دژ بە کوردی کۆماری ئیسلامیی ئێران پێی وایە ئەگەر فشارێکی زیاتری خستە سەر نەتەوەکەمان، دەتوانێ پێشگیری لە دەربڕینی دەنگی نارەزایەتی خەڵك بگا، یان بەشێوەیەك چاوترسێنیان بکا. بەڵام گەلی بوونی خەباتی ئەمڕۆی ئەم نەتەوەیە، هەر لە راپەرینەکانی ئەمساڵدا، سەڵماندی کە رێژیم بەهەڵەدا چووەو توانای کپ‌کردنی هاواری مافخوازانەی ئەم گەلەی نیە. دوابەدوای راپەرینی خەڵکی مەهابادو سەرکوتی بێ‌بەزەیی‌یانەی خۆپیشاندەران لە لایەن هێزەکانی رێژیمەوە، ئەوە شارەکانی سەقز، سەردەشت، شنۆ، ورمێ‌و سنەو ئیلام‌و... بوون کە بە پشتیوانی لە خەڵکی مەهاباد بۆو مەحکوومکردنی رێژیم رژانەی سەرشەقامەکان‌و دروشمی "ئێمە هەمووومان لاوانی شۆڕشگێڕی مەهابادین‌و مەهاباد بەتەنیا نیە" یان بەرزکردەوە. ئەگەر خوێندنەوەی رێژیم لەگرتنە پێشی توندوتیژی‌و سەرکوتی خەڵکی کوردستان، راست بۆایە، نەدەبوا ئێمە ئەمڕۆ، شاهیدی خۆپیشاندانی خەڵکی قارمانی ماکۆ بین؟!!

رێژیمی قین لەزگ‌و دژ بەکوردی کۆماری ئیسلامی، بەهێرش بۆ سەر خۆپیشاندەرانی ئازادیخوازی ماکۆ ١٠ کەسی لێ شەهیدکردن‌و زیاتر لە سێ کەسی لێ بریندارو نزیك بە سەدکەسی لێ قۆڵبەست کردن. سەرەرای ئەو هەموو زەبرو زەنگانە چەند رۆژ دواتر خەڵکی هۆشیاری مەهاباد بە پشتیوانی لە خەڵکی ماکۆو بۆ مەحکومکردنی ئەو جینایەتە تازەیەیی رێژیم جموجوولیان لە خۆیان نیشاندا، کەوابوو فشارو زەبرو زەنگ توانای بەچوك داهێنانی ئیرادەی ئەم نەتەوە هۆشیارەی نیە. چونکی ئەم ئیرادەیە رابردوویەکی پڕلە گیانبازی‌و فیداکاریی لە پشتەو ئێستایەکی پڕلە هۆشیاری نەتەوەیی هەیەو لە داهاتوویەکی گەش‌و پرشنگدار دەڕوانێ.

خەباتی چەند ساڵی پێشووی خەڵکی کوردستانی ئێران، وێڕای ئەوە کە بەرزیی ئاستی وشیاری نەتەوایەتی، وەك توخم‌و توخمێکی سەرەکی رۆڵی گرینگی تێدا گێڕاوە، خاوەنی هێندێك تایبەتمەندیی جیاوازە کە برێتین لە:

١ـ قۆستنەوەی بۆنەو دەسکەوتی پارچەکانی دیکەی کوردستان:

بەرز بوونەوەی هەستی نەتەوایەتی و پرۆسەی خۆناسینی نەتەوەیی بەجۆرێك هاودەنگی‌و هاوهەڵوێستیی لە بزووتنەکانی ئەم نەتەوەیە لە کوردستانی ئێراندا پێك هێناوە کە تەنانەت روانینی نەتەوەیی‌یان سنوورەکانیشی بڕیوەو کێشەکان لەگیانێکی سەربەخۆی کوردی (لە هەر چوار پارچەی کوردستان)دا دەبینین. بەڵام جۆری هەڵوێستەکان بۆ ئەوان کە ئێستاش لەژێردەستی‌و چەوساوەییدا دەژین دوولایەنی هەیە: لە لایەك دەسکەوت‌و بۆنەکان بەهی سەرجەم کوردو کوردستان دەزانن‌و هەڵوێستی بۆ دەنوێنن، لە لایەکی دیکەشەوە ئەم دەسکەوت‌و بونانەیان کردۆتە بیانووو بە خۆپیشاندران‌و رژانە سەرشەقامەکان دەنگی نارزایەتی‌و بێزاریی خۆیان بەگوێی رێژیمی کۆماری ئیسلامی دەگەیەنن: قۆڵبەست کردنی ئۆجەلان، چەسپینی فیدراڵی باشووری کوردستان، کارەساتی ١ی شوباتی هەولێر، رووداوەکانی قامیشلوو... هتد، ئەم بۆنەو دەسکەوتانەی پارچەکانی دیکەی کوردستان بوون کە خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان بە بۆنەیانەوە هەڵوێستی خۆیان هەبووەو وەك بیانوویەك بەمەبەستی بەگژ چوونەوەی رێژیمدا قۆستوویانەتەوە.

٢ـ گشتگیر بوونی حەرکەتە ئیعترازی‌یەکان:

لانیکەم لەیەك ساڵی رابردوودا خەڵکی کوردستان بەگشتی ـ نەك تەنیا شارو ناوچەیەکی دیار ـ لەشارو ناوچە جیاجیاکانی کوردستان (هەر لە ماکۆ تا ئیلام) بەشێوەیەکی گشتگیر حەرکەتی ئێعترازی یان لە خۆیان نیشان داوە. خوێندنەوەی ئەم فازە نوێیە لەخەباتی نەتەوەکەمان لانیکەم ئەم راستییەمان لادەسەڵمێنی کە نەتەوەکەمان لەرۆژهەڵاتی کوردستان لەرووی هۆشیاری‌یەوە بەو ئاستە لە خۆناسینی نەتەوەیی‌گەیوە کە قالبی گشتگیر بوون، بە بزووتنەکانیان ببەخشن.

٣ـ هاودەنگی‌و هاوهەڵوێستیی کۆمەڵانی خەڵك:

یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندیی‌یەکانی قۆناغی ئەمڕۆی خەبات، یەکیەتیی ریزەکانی کۆمەڵانی خەڵکە، واتە هاودەنگی‌و هاوهەڵوێستی. ئەم تایبەتمەندییە بەتەواوەتی لە خۆپیشاندانەکانی رەشەمەی ساڵی ٧٧و هاوینی ئەمساڵی نەتەوەکەمان لەشارەکانی کوردستاندا بەروونی

بۆ لاپەڕی٩

# تەوەرێك لەسەر تیرۆریزم

## ئاوڕدانەوەیەك لە تیرۆریزمی مۆدێڕن

هوشیار ئەحمەدی

دەبێ بزانین کە تیرۆریزم وەك مەقوولەیەکی بەربڵاو، ڕەهەند، تەوەرو قۆناغی جیاجیا لە خۆ دەگرێ، هەربۆیە لە سەرەتای باسەکەدا، داوا دەکەین کە وەك مەقوولەیەکی بەربڵاوو لە ڕوانگەیەکی ئاوەڵاوە، سەیر بکرێ بۆ وەی لە لێکدانەوەو هەڵسەنگاندنی ڕەهەندو تەوەرە جیاجیاکانی‌دا، تووشی سەرلێشێوان نەبین.

پاش کۆتایی هاتنی شەڕی جیهانیی دووهەم، هاتنەئارای قۆناغی شەڕی ساردو دوو جەمسەریبوونی جیهان، بە کردەوە شەڕ لە ئاراستەیەکی تایبەت‌دا هاتە مەیدان، کە ئەوەش خۆی یەکێ لە هۆکارە سەرەکییەکانی ترس‌و خۆفی جیهان بەگشتی‌و دەسەڵاتە بەهێزەکان بەتایبەتی، لە سەرهەڵدانی شەڕی ناوکی ، واتە "تعادل وحشت" بوو، بەڵام ئەوە دیوی دەرەوەی مەسەلەکان بوو، پشتی پەردە ئاماژەی بە هێندێ نهێنی دەکرد کە ئاشکرابوونیان بۆ هەر دوو بەرە قەیران خوڵقێن بوو، داخوا دەبێ ئەو نهێنییانە چی بن؟ ئەگەر بمانەوێ وەڵام بدەینەوە، هەردوو جەمسەر بەگشتی‌و سەرکردەی جەمسەرەکان بەتایبەتی لە پێکهاتنی ئەو قەیرانانەدا بەرپرس بوون، بۆچی؟ چونکە نە مافی مرۆڤ دەپارێزرا، نە دێموکراسی مانای هەبوو، سەرکردایەتیی بەرەکانیش بۆ بەهێزکردنی پێگەکانی خۆیان تەنانەت پشتوانییان لە دڕندەترین دیکتاتۆران دەکرد، بەڵام بە کۆتایی‌هاتنی شەڕی سارد، هەڵوەشانەوەی بەرەی سوسیالیزم‌و سەرکەوتنی کاپیتالیزم، جیهان بەگشتی چووە قۆناخێکی نوێوە.

لە قۆناخی پاش شەڕی سارددا، جیهان دیسان بە شێوەیەك دابەش کرایەوەو ئەم جارە بە سەر جیهانی پێشکەوتووو جیهانی دواکەوتوودا، لە نێوان ئەم دوو جیهانەش‌دا، جیهانی پێشکەوتوو بە لووتکەی پێشکەوتوویی سەردەم گەیشتبوو، بەڵام جیهانی دواکەوتوو، لە هەموو ڕەهەندەکانی پێشکەوتن بەجێ مابوو، کە ئەمەش خۆی یەکێ لە هۆکارە سەرەکییەکانی دیکتاتۆرلێدراویی ئەو وڵاتانە بە پشتیوانیی بەرەی کاپیتالیزم لە شەڕی ساردا بوو، وڵاتە ڕۆژهەڵاتی‌یەکان بوون بە مەیدانی پێکدادانی خەڵك‌و دەسەڵات. خەباتی خەڵك خەباتێکی ڕەواو مافخوازانە بوو، تەنانەت وڵاتانی ڕۆژئاواش بەو قەناعەتە گەیشتبوون کە ئیدی ئەو دەسەڵاتە دیکتاتۆرانەش ئیکسپایەر بوون‌و بۆ پشتیوانی‌لێکردن نابن. دیکتاتۆری هەوڵی سەپاندنی دەسەڵات‌و سەرکوتی خەباتی دەدا، کەچی لەو نێوانەش‌دا دیاردەی ڕەش‌و ترسناك‌و دژی ئینسانیی تیرۆریزم لە چوارچێوەی ئیدئۆلۆژییە جیاجیاکان‌دا خۆی خزاندە نێو خەباتی ڕەوای گەلانەوە.

"دومنیك ولتون"، لای وایە کە واقیعییەتی بەرەبەیانی سەدەی بیست‌و یەکەم، سەرهەڵدانی سێ‌گۆشەی شوناس، کولتوورو پێوەندییەکانە. هەروەها ئاماژە بەوە دەکا کە دژایەتییەکان‌و ساتوسەودا سیاسییەکان کە لە لایەن تیرۆریزمی نێونەتەوەیی‌یەوە سەریان هەڵداوە هۆکاری پەیدابوونی ئەم سێگۆشەیەیە، واتە بەهۆی بوونی نابەرامبەریی نەریتی لە نێوان باکوورو باشووردا، مەترسیگەلی سیاسی پێوەندیدار بە کولتوورو پێوەندییەکانەوە لە زیادبوون دایە. لە لایەکی دیکەشەوە جێگەو پێگەی بیری ڕۆژهەڵاتی‌و ڕۆژئاوایی بۆتە ڕۆڵگێڕێکی بەرچاوی ئەم یارییە سیاسییە، واتە سیکۆلاربوونی حکوومەت، پێشکەوتووبوون لە بواری زانستی‌و تێکنیکی‌دا، بەرەو لیبرالیزم ڕۆیشتن‌و پەردە دان بە هەمووی ئەو فاکتەرانەو هەوڵدان بۆ چاکسازی لە حکوومەت‌و کۆمەڵگاکانی دیکەدا، دژکردەوەی بناژۆە ئایینی‌یەکان‌و دەسەڵاتدارانی دینی‌و حکوومەتە تۆتالیتارەکانی بەدوادا هاتوە، هەر بۆیە دومینیك ولتون، ئاماژە بەوە دەکا کە دیاردەی تیرۆریزم بە شێوەیەك نیشاندەری قبووڵنەکردنی وێنەی ڕۆژئاوایی‌یەو لە ئاکام‌دا تێ‌دەکۆشێ کە توانای وەڵامدانەوە بە زانیاریی ڕۆژئاوایی، وەك هێمایەك لە خۆدا بەهێز بکا.

ئەم قۆناخە تیرۆو تیرۆریزم لە پشت پەردەوەو ژێرزەمینی بوون‌و، وەکوو یاریکەرێکی بەهێزی یارییە سیاسییەکان نەهاتبوونە نێو گۆڕەپانی سیاسەتەوە. کەوابوو پێناسەکانی تیرۆریش لەم قۆناخەدا لەگەڵ پێناسەکانی دیکە دەبێ جیاواز بن‌و ڕوانگەکانیش بۆ ئەو دیاردەیە دەبێ ئاڵوگۆڕیان بەسەردا بێ، هەر بۆیە بە پێویستی دەزانین کە ڕامانێکمان لە پێناسەکانی تیرۆریزم لە ڕوانگەو بۆچوونی جیاوازەوە هەبێ.

بە بۆچوونی بەشێکی بەرچاو لە زانایان‌و پسپۆڕانی ئەم بوارە، بە ڕوودانی کارەساتی ١١ی سێپتامبر، لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کە گەورەترین ڕووداوی تیرۆریستی تا ئێستا بووە، ئیدی تیرۆریزم لە بازنەیەکی داخراو هاتە دەرێ، واتە تا ئەو کات ئەو دیاردەیە لە لایەن سوپر پاوری جیهان‌و وڵاتانی پێشکەوتووەوە بە جیددی سەیر نەدەکرا، تەنیا وەکوو دیاردەیەکی بێگانە لە خۆیان‌و قەیرانێکی ئایینی، نەتەوەیی، ئیدئۆلۆژیکی‌و ناوچەیی لێکیان دەدایەوەو بۆچوونی "ئاگرە سووره لە من دووره"یان بۆی هەبوو. بەڵام بەو ڕووداوە چەڵەکەیەك بە لەشی دەسەڵاتدارانی بەهێزدا هات‌و وریا کرانەوە کە تا ئێستا یان خۆیان دەخەو کردبوو یان بەڕاستی لە خەودا بوون. هەر بۆیە ناچار بوون بە خێرایی هەڵوێست بگرن، کۆڕو کۆبوونەوەو کۆنفرانس لە ئاستی سەرانی وڵاتان‌دا پێك بێنن، پەیتا پەیتا لە کۆنفرانسە خەبەرییەکان‌دا، ئاکامی دانیشتن‌و بە یەك گەیشتنەکان ڕابگەیەنن، هەوڵە دیپلۆماسییەکان وەکوو بازوویەکی بەهێزی سیاسەتی نێودەوڵەتی، چڕ بکەنەوەو هەوڵی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ڕۆژئاوایی بۆ ناساندن، شیکردنەوە، یەکدەنگ کردنی جیهان‌و لەبار کردنی بوار بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی جیهانی دژی تیرۆر گەیشتە ئاستێکی بەرز.

بە چاوخشاندێك بەو پێناسانەدا کە بۆ تیرۆرو تیرۆریستان کرابوون، وەکوو: ١ـ تیرۆر کردەوەیەکی توندوتیژانەیە، ٢ـ بیرۆکەی کردەوەی تیرۆریستی، سیاسی یان ئایینی‌یە، ٣ـ ئامانجی تیرۆریزم هاونیشتمانانی بێ چەکن، ٤ـ ئامانجی تیرۆریزم خوڵقاندنی کەشێکی پڕ لە ترس‌و خۆفە، ٥ـ مەبەستی تیرۆریزم ئاڵۆزکردنی باری هێمنیی کۆمەڵگا یان دەسەڵاتە، ٦ـ عامیلانی تیرۆر یان گرووپی تیرۆریستی، غەیرە دەولەتین، ٧ـ کردەوەی تیرۆریستی کردەوەیەکی نایاسایی‌یە، دەسەڵاتدارانی سیاسی و تیۆریسیەنەکان، بەو ئاکامە گەیشتن کە هیچکام لەم پێوەرانە لە ئاستی جیهانی‌دا وەکوو پێوەرێك بۆ پێناسەو هەڵسەنگاندنی تیرۆریزم تێرو تەسەل نین، وشەی تیرۆریزم لە شۆڕشی فەرانسەدا هاتەگۆڕێ، هەم بە مانای ژاکوبین یا ژاکوبیسم کە بە حکوومەتی تیرۆرو تۆقاندن بە ناو بانگە و هەم بە مانای ترساندن یان ترساندن لە X دێتە ئاراوە کە X دەتوانێ هەموو کردەوەیەکی ترسێنەر لە خۆبگرێ، بەڵام بە لێکدانەوەکانی تیرۆریزم لەم قۆناخەدا ئەویش ناتوانێ مانای واقیعیی تیرۆریزم لە خۆبگرێ.

هەر لەو بارەیەوە پاش ڕووداوی ١١ی سێپتامبری ٢٠٠١ و، شڵەژانی بارودۆخی سیاسی و تێکچوونی باری هێمنیی جیهان، نوێنەرایەتیی توێژینەوەی نێونەتەوەیی هەواڵدەریی خویندکارانی ئێران کونفرانسێکی "حضوری‌و غیره حضوری" بۆ کارناسان، پسپۆڕان و ماموستایانی زانکۆ بۆ تاوتوێ کردنی ئەم بابەتە پێك هێنا، لەم کونفرانسەدا چەندین پرسیار لە ڕێگای ئەو نوێنەرایەتی‌یەوە ورووژێنران کە ئاماژە بە یەکێکیان دەکەین.

تیرۆریزم چیە و بۆچی پێناسەیەکی یەکگرتووو جیهانی لەم دیاردەیە لە کۆمەڵگای جیهانی‌دا نیە؟ لە وەڵام‌دا دوکتور ماتئو دفلم، کارناسی گرووپی کۆمەڵناسیی زانکۆی کارولینای باشووری لە ویلایەتە یەکگرتووەکان، ئاوا وەڵامی دایەوە: ئەگەرچی پێناسەیەکی یەکگرتوو لەو وشەیە نەکراوە، بەڵام بەگشتی لە سەر ئەو پێناسەیە تا ئیستا ئەوتەوافوقە کراوە کە تیرۆریزم بریتی‌یە لە کردەوەگەلێکی توندوتیژە دژ بە هاونیشتمانانی غەیری نیزامی بە مەبەستی بردنە پێشی ئامانجێکی سیاسی یان ئیدئۆلۆژیك. هەروەها ئاماژە بە جیاوازی‌گەلێکی گرینگ دەکا کە لە نێوان شەڕو تیرۆریزم‌دا، بەدی دەکرێن، واتە تیرۆریزم ڕاستەوخۆ توندوتیژی دژ بە هاونیشتمانانی بێ‌چەك پەیڕەو دەکا، لە حاڵێك‌دا لایەنەکانی شەڕ هەوڵ دەدەن کە کەمترین خەساراتی گیانییان هەبێ، بە سەرنجدان بەم پێناسەیە لەم ئاستی پێناسەی گشتیی تیرۆریزم‌دا گرفتمان نیە، بەڵام گەر بمانەوێ ئەم پێناسەیە بۆ کردەوەگەلێکی تایبەت بە کار بێنین لە گەڵ گرفتی جیددی بەرەوڕو دەبین.

واتە بە ڕای کەس و لایەنگەلێك، کردەوە یان چالاکیی گرووپ، ڕێکخراو، حیزب و تەنانەت بزووتنەوەگەلێك ڕاستەوخۆ دەچنە بازنەی تیرۆریزمەوە، بەڵام بەشێکی تریان بە پێچەوانە، لێرەدا کێشەیەکی دیکە خۆدەنوێنی، ئەوەیش ئەوەیە کە گرفتی بنچینەیی تەنیا لەسەر پێناسەی تیرۆریزم نیە، بەڵکوو پێوەرەکانی هەڵسەنگاندنی تیرۆریزمیش جێگای باس و موناقشەن.

تیرۆریزم لە سەردەمی مودێڕن‌دا بەردەوام هەبووە، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە لە ساڵانی سەرەتای سەدەی ٢١دا، تیرۆریزمی نێونەتەوەیی بە خێرایی پەرەی سەندوە.

ئەوەش ئاکامی پێکدادانی کولتووری، سیاسی و شارستانیەتی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات بەگشتی‌و ڕۆژئاواو وڵاتانی ئیسلامی و عەرەبی بە تایبەتە، بۆ زیاتر سەلماندنی ئەم ئیددیعایە دەتوانین ئاماژە بە تیزی پێکدادانی ژیارەکانی، ساموئێل هانتیگتۆن بکەین، کە تێزێکی سەرنجڕاکێشی جیهانی و کاریگەر لە سەر سیاسەتی نێودەوڵەتی بووە.

کەوابوو نایەکسان بوونی ژیاری و جیاوازیگەلی کولتووری و بەرژەوەندیگەلی سیاسی، هەموویان لە جێی خۆیاندا فاکتەری بە هێزن بۆ هەڵسەنگاندنی تیرۆریزم، بەڵام ناتوانین بە بێ لە بەر چاوگرتنی گرنگی و سەنگی ڕووداوی ١١ی سێپتامبر و کاریگەری‌یەکانی ڕەوتی تیرۆریزم لە جیهاندا تاوتوێ بکەین، واتە ڕووداوی ١١ی سێپتامبر کاتالیزۆری ڕەوتی تیرۆریزمی جیهانی بوو. ئەو ڕووداوە، تیرۆریزمی بە سەردوو قۆناخی گرینگدا دابەشی کرد، پێش ١١ی سێپتامبر و پاش ١١ی سێپتامبر، بۆیە جیهانی پێشکەوتوو بەو ئاکامە گەیشت کە دەبێ لە سەر دیاردەی تیرۆریزم هاوبیری، هاوڕایی، باس، وتوویێژو ڕوانگەی جیهانی هەبێ، پاش تەقینەوەکانی مادرید، هەر لەو شارە بە بەشداریی ٥٠ کەس لە سەرانی ئێستای وڵاتانی جیهان‌و دووسەد کەسایەتیی سیاسیی دیکەو سکرتێری ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان کونفراسی نێونەتەوەیی دیموکراسی، تیرۆریزم‌و ئەمنییەت، گیرا کە باس‌و مۆناقشەیەکی زۆری تێداکراو تێزو ئەنتی‌تێز، گەلاڵەو پێشنیارو بیروڕای جیاواز هاتنە ئاراوە، هەر لەم کونفرانسەدا، کوفی ئەنان سکرتێری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، بۆ ئەوەڵین جار بابەتێکی گرینگی ورووژاند کە بووە جێگای باس و وتوویێژ، ئەویش جودا کردنەوەی گرووپە نارازی و بزووتنەوە نارەزایەتییەکان لە تیرۆریزم بوو. واتە ئەو خاڵە گرینگەی کە بە پێی بەرژەوەندی وڵاتان تا ئیستا پێناسە و جێگە و پێگەی بۆ دەستنیشان کراوە، هەر بەدوای ئەمەشدا، کوفی ئەنان پشتیوانیی خۆی لە پێناسەیەك دەربڕی کە لە ڕاپۆرتێك‌دا، گرووپی داوەرانی پایە بەرزی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بەو کەشە نالەبارەی ترس و خۆف و گیروگرفتانەی کە لە جیهاندا پێك هاتون، ئامادەیان کردبوو دەربڕی، ئەم ڕاپۆرتە ئاوا پێناسەی تیرۆریزم دەکا. "تیرۆریزم هەر جۆرە کردەوەیە کە، مەبەستی کوشتن یان خەسارات گەیاندن بە لەشی غەیرە نیزامییەکان یان خەڵکی بێ‌چەك بە مەبەستی ترساندنی کۆمەڵێکی ئارام‌و یان ناچارکردنی دەوڵەتێك یان ڕێکخراوێکی نێونەتەوەیی بۆ بە ئەنجام گەیاندنی کردەوەیەك یان پاشەکشە کردن بە کردەوەیەکە.

لە واقیعدا هەنگاوی سەرەکی لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بۆ پێناسەی تیرۆریزم هەڵگیرا، هەر وەها کە پێشتر ئاماژەمان پێ‌کرد تا ئەو کاتە پێناسەو پێورەێکی یەکگرتووو جیهانیی، تایبەت بە تیرۆریزم لە گۆڕێ نەبووو، دەوڵەتەکان هەر کام بە پێی بەرژەوەندیی خۆیان پێناسەی تیرۆریزمیان بۆ ناڕازایان‌و دوژمنانی خۆیان بەکار دەهێناو ئەنتی تیرۆرێکی تایبەت‌و کردەکییان بۆ دەتاشی.

هەر چەند ئەو پێناسەیەی کە لەو کونفرانسە هاتبووە ئاراوە، تا ئێستا پێناسەیەکی جیهانییە، بەڵام دیسان لەم قۆناغە مودێڕنەی جیهانیش‌دا کە ڕەهەندو شێوازی جیاوازی تیرۆر هاتۆتە ئاراوەو چاوەڕوانی هاتنە ئارای دەکرێ ئەو پێناسەیەش ناتوانێ وەڵامدەر بێ، بە گشتی تیرۆر دەبێ بەردەوام پێناسە بکرێتەوە و ئەنتی تیرۆریش ڕێکەوتنێکی نێونەتەوەیی و جیهانیی دەوێ‌و تاکوو ئیزن بە دەوڵەتە دیکتاتور و توتالیتارو هەلپەرەستەکان نەدرێ کە بە پێی بەرژەوەندییەکانیان پێناسە لە تیرۆرو ئەنتی تیرۆر بکەن و بە مکانیزمی تیرۆر هەوڵی بە هێزکردنی دەسەڵاتەکانیان بدەن.

**"دومنیك ولتون"، لای وایە کە واقیعییەتی بەرەبەیانی سەدەی بیست‌و یەکەم، سەرهەڵدانی سێ‌گۆشەی شوناس، کولتوورو پێوەندییەکانە. هەروەها ئاماژە بەوە دەکا کە دژایەتییەکان‌و ساتوسەودا سیاسییەکان کە لە لایەن تیرۆریزمی نێونەتەوەیی‌یەوە سەریان دەرهێناوە، هۆکاری پەیدابوونی ئەم سێگۆشەیەیە،**

**کوفی ئەنان پشتیوانیی خۆی لە پێناسەیەك دەربڕی کە لە ڕا پۆرتێك‌دا، گرووپی داوەرانی پایە بەرزی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بەو کەشە نالەبارەی ترس و خۆف و گیروگرفتانەی کە لە جیهان‌دا پێك هاتون، ئامادەیان کردبوو دەربڕی،**

سەرچاوەکان
١ـ خبرگزاری ایسنا، سایت www.noandish.com
٢ـ فرد اشمید، شواز، جنگ نفت، ترجمە جواد طالعی، سایت www.iranemroz.com
٣ـ اتیرز، جورج، نظریەای بر جامعە شناسی ـ ترجمە ثلاثی
٤ـ ترجمە بخشی از کتاب جهانی شدن دیگرـ دومینیك ولتون ـ ترجمە نیستانی ـ محمد رضا
٥ـ تامین منافع فقر و جهانی‌شدن در حاشیە برگزاری اجلاس مادرید، سایت www.cyrusnews.com
٦ـ سایت www.iranjahan.net

درێژەی

## فازێکی نوێ لەخەباتی مافخوازانەمان

دەرکەوت. دوای ئەوەی ڕێژیمی دژە کوردی کۆماری ئیسلامی کارەساتی سێی ڕەشەمەی خوڵقاندو هێرشی سەرکوتکەرانەی کردە سەر خەڵکی شارەکانی دیکەی کورستان کە بۆ پشتیوانی لە براکانیان لە شاری سنەو مەحکومکردنی جینایەتەکانی ڕێژیم ڕژابوونە سەرشەقامەکان. هەروەها لەهاوینی ئەمساڵیش‌دا جارێکی دیکە سەرجەم خەڵکی کوردستان سەلماندیان کە لەسەر بنەمای ڕۆحی نەتەوەیی هاودەنگ‌و هاوهەڵوێستن. هەر بۆیە بەدوای خۆپیشاندانی خەڵکی شاری مەهابادو هێرشی ڕێژیم بۆ سەر خەڵکی ئەم شارەدا، شارەکانی دیکەی کوردستان بە ڕژانە سەرشەقامەکان، بەهانای خەڵکی مەهابادەوە چوون‌و ڕق‌و بێزاریی خۆیان لەڕێژیم دەربڕی.

**٤ـ پەرەسەندنی فشار بۆ سەرخەڵکی کوردستان:**

ڕێژیم بەروونی دەرکی بەلێبڕاویی خەڵکی کوردستان لەخەبات دژی خۆی‌دا کردوە. بەڵام بەپێی نێوەڕۆکی دژی گەلی‌و کۆنەپەرستانەی خۆی، ناتوانێ دان بەماف‌و داخوازییەکانی ئەم نەتەوە دابنێ. هەر بۆیە بەمەبەستی کپ‌کردنی هەر چەشنە دەنگی مافخوازانە، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ فشاری خۆی بۆ سەرخەڵك پەرەپێ‌دەداو لەهەوڵی سەرکوتی زیاتریان دایە. ئەمەش لە لایەك دەستەوەستانیی ڕێژیم‌و لە لایەکی دیکە ساغبوونەوەی نەتەوەکەمان لەسەر ڕەتکردنەوەی ئەم ڕێژیمە دەگەیەنێ.

ئەوەیە کە دەڵێین قۆناغی خەباتی ئازادیخوازانەی نەتەوەکەمان لەڕۆژهەڵاتی کوردستان‌دا کەوتۆتە فازێکی نوێوە. لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌و لەسەرووی هەموانەوە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پێویستە خوێندنەیەکی وردی ئەم قۆناغە لەخەباتی نەتەوەکەمان بکەن بۆ ئەوەی بتوانن، بە مەبەستی وەدەستهێنانی ئامانجە نەتەوایەتی‌یەکانمان کانالیزەی بکەن‌و هەوڵی بەهێزکردنی وشیاریی نەتەوایەتیی خەڵکەکەمان بدەن، بۆ دەستەبەرکردنی مافە ڕەواکانمان.

# کورد و ڕاپەڕینی جەماوەری، دوێنێ سنە ئەمڕۆ ماکۆ

## لە وتوویژی لەگەڵ کاک رامبود لوتف پووری‌دا

سمایل شەرەفی

**٧ ساڵ لەمەوپێش‌و لە ٣ی رەشەمەی ١٣٧٧ی هەتاوی‌دا، خەڵکی خۆڕاگری شاری سنە، دژ بە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی خۆپیشاندانێکی بەرینیان سازدا کە بە توندی لە لایەن بەکرێگیراوانی دژ بە کوردی رێژیمەوە هێرشیان کرایە سەرو سەرکوت کران. لە بەرەبەری حەوتەمین ساڵوەگەڕی ئەم رووداوەدا، خەڵکی وشیاری ماکۆو دەوروبەری هاوشێوەی ئەم ڕاپەڕینە خەڵکییەی سنەیان لەخۆ نواند. کە بە داخەوە دیسان هاوشێوەی سەرکوتی ٣ی رەشەمەی شاری سنە، خەڵکی ماکۆش لەلایەن بەکرێگیراوانی ئەو رێژیمەوە سەرکوت کران.**

**بە مەبەستی یادکردنەوە لە رووداوی ٣ی رەشەمەی شاری سنەو باسکردن لە سەر خۆپیشاندانەکانی ئەم دوایانەی خەڵکی ماکوو دەوروبەری‌و بە گشتی ئاوڕدانەوەیەک لە ناوەرۆک‌و شێوازی خەباتی ئەم چەند ساڵی دواییەی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان رادیۆ دەنگی کوردستان، وتووێژێکی لەگەڵ کادری راگەیاندنی حیزب، کاک رامبود لوتف پووری، پێک هێناوە. ئەمەش دەقی وتووێژی رادیو دەنگی کوردستانی ئێرانە لەگەڵ ناوبراو.**

**کاک رامبود ئەم کاتەت باش، سوپاس لەوەی کە ئەم دەرفەتەتان پێداوین بۆ ئەوەی کە سەبارەت بە ساڵڕۆژی رووداوی ٣ی رەشەمەی شاری سنەی خۆڕاگر، چەند پرسیارێکتان رووبەڕوو بکەینەوە.**

ئەمنیش رێزو سڵاوم هەیە بۆتان‌و هەروەتر سوپاسی ئێوەو هەموو کاربەدەستانی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران دەکەم‌و سوپاستان دەکەم بۆ ئەوەی ئەو دەرفەتەتان بۆ من رەخساند کە سەبارەت بەو کارەساتە باسێکمان هەبێ.

**کاک رامبود! لە حەوتەمین ساڵوەگەڕی رووداوی ٣ی رەشەمەدایـن، بە سەرنجدان بەو رووداوانەی ئەم چەند ساڵـەی کوردستان‌و ئەو جووڵانەوە جەماوەرییەی کە لەلایەن کۆمەڵانـــی خەڵـکی کوردستانەوە دەستی پێکردوە چۆن ئاوڕ لەو کارەساتانەی حەوت ساڵ لەوەوپێشی شاری سنە دەدەیتەوە؟**

بۆ لێکدانەوەی ئەو ڕاپەڕینە پێویستە خۆمان تەنیا بە هێندێك لێکدانەوەی رووکەشی سیاسی نەبەستینەوە، دەبێ بچینە نێو قووڵایی کێشەکەوە، واتە پێویستە هێندێك لایەنی دیکە وەك لایەنی کۆمەڵایەتی‌و ئابووریيش لەبەرچاو بگرین. لە راستی‌دا راپەڕینی ٣ی رەشەمەی سنە، بەشێکە لە بزاڤی سەرتاسەریی کورد، هۆکار زۆرن بۆ ئەوەی بزووتنەوەیەك دروست ببێ، نەبوونی گەشەی سیاسی کە لە چەند خاڵدا خۆی دەبینێتەوە. نەبوونی کۆمەڵگایەکی شارستانی بە هەموو تایبەتمەندییەکانیەوە، وەك بوونی دیمۆکراسی، پلۆرالیزم، پێشبڕکێ‌و ئازادی لە هەڵبژاردن‌و ئازادیی بیروڕا، ئەوە لە ئێران‌و کوردستان بە تایبەت هەر بەدی ناکرێ. نەبوونی گەشەی ئابووری‌و ئاوسانی ئابووری، نەبوونی رەوایی دەسەڵات‌و نەبوونی بەشداریی جەماوەری لە دەسەڵات‌دا، رێژیمی ئێرانیان تووشی ناسەقامگرتوویی کردوە. ئەمانە نیشانەکانی نەبوونی گەشەی سیاسی لە ئێران دان. خاڵی دووهەم، کە بزاڤێکی نەتەوەیی پێك دێنێ یان بزاڤێکی ئاوا گەورە پێك دێنێ، ستەم‌و چەوسانەوەی نەتەوایەتییە کە لە ئێراندا ئەو شتە زۆر زۆر بەرچاوە، دیارە ستەم‌و چەوسانەوەی نەتەوایەتی تەنیا لەسەر کورد نیە، لە سەر تورك، عەرەب، بەلووچ هەیە، نەتەوەکانی دیکەی ئێرانیش هەموو ئەوانە بەڵام رەنگە ئەو شتە لەسەر کورد کە زۆرتر لەسەر مافەکانی پێی‌داگرتوەو خەباتی بۆ کردوە، زیاترو بەرچاوتر بێ. یەکێکی دیکە لە هۆکارەکان بارودۆخە کۆمـــــەڵایەتییەکانـــی پێکهێنەری بزاڤەکەیە، نالەباریی ژیانی ئابووری، نەبوونی ئازادی‌و ئاسایش، بێ‌سەروبەری کۆمەڵایەتی، هەست کردن بە لەخۆنامۆ بوون‌و بێ‌شوناسی، گەندەڵی، هەموو ئەوانە لە کۆمەڵگادا بواری کۆمەڵایەتی بۆ بزاڤێك دەڕەخسێنن. فاکتەرێکی دیکە پێکهاتەی کۆمەڵگایە، پێکهاتەی کۆمەڵگای ئێمە پێکهاتەیەکی گەنجە، پێکهاتەی گەنجیش پێکهاتەیەکی رادیکاڵ‌و گۆڕانخوازە، پێکهاتەیەکە کە زۆر ریسك دەکاو شتێکی ئەوتۆی بۆ لەدەستدان نیە، زۆر بە ئاسانی دێتە مەیدانەوە. هۆکارێکی دیکە بەرزبوونەوەی ئاستی وشیاریی نەتەوایەتییە کە ئەوەش دیارە هۆکارەکانی زۆرن دەتوانین یەکێك لە هۆکارەکانی بگەڕێننەوە سەر راگەیاندن، راگەیاندن ئێستا، بەو شێوە مۆنۆپۆلە نەماوە کە تەنیا لە ژێر رکێفی دەوڵەتەکاندا بێ، راگەیاندن ئێستا کەوتۆتە دەستی نەتەوە ژێر دەستەکانیش، چ وەك ئینتێرنێت، چ وەك تەلەفزیۆنە ئاسمانییەکان، هۆکاری مێژوویی بـــەرزبوونەوەی ئـــاستی وشیـــاری نەتەوایەتیش ئەوە بوو کە لە ئێراندا کاتی خۆی هێندێك ریفۆرم‌و چاکسازیی ئەرزی یـــا نیشتەجێکردنـــی خێڵە کۆچەرەکان بەڕێوەچوون کە بوون بە هۆی شارستانی بوونەوەی خێڵە کۆچەرەکان‌و پێکهاتنی بورژوازییەکی شاری کە ئەو بورژوازییە شارییە خۆی یەکێك لە فاکتـــەرە سەرەکییەکانی پێکهێنانی ناسیۆنالیزمە. یەکێکی دیکە لە هۆکارەکانی هەڵکشانی بیری نەتەوایەتی پەروەردەو فێرکردنە؛ پەروەردەو فێرکردن لە ئێراندا پەروەردەو فێرکردنێکی رۆژهەڵاتی نیە، بەڵکوو رۆژئاواییە، واتە بە هەمان تایبەتمەندییەکانی پەروەردەی رۆژئاواییەوە بەڕێوە دەچێ کە مرۆڤی ئازاد بەرهەم دێنێ، مرۆڤی سەربزێو، مرۆڤێك کە پرسیار دەکا، مرۆڤێك کە هەموو شتێك بە سانایی قبووڵ ناکا، بۆیە ئەوە ئاستی وشیاریی خەڵکی ئێران‌و خەڵکی کوردیشی بردە سەرەوە کە بڵێ باشە، وەك کوردێك هێندێك مافم هەیە کە لێی بێبەشم بۆ دەبێ من نەتوانم سەرۆك کۆمار بم، نەتوانم رێبەر بم، بۆ نەتوانم وەزیر بم، بۆ دەبێ نەتوانم لەسەر چارەنووسی خۆم بڕیار بدەم‌و. . . ئەوانە هەموو هێندێك پرسیارن کە پێکهێنەری ئەوانە بەبڕوای من سیستمی پەروەردەوفێرکردنە واتە ئاستی وشیاری خەڵك دەباتە سەرەوە. ئەوە لەو بارەوە، بەڵام بۆ راڤەی راپەڕینی ٣ی رەشەمەی ساڵی ٧٧ی سنە، پێویستە سەرەتا سەرنج بدەینە پێکهاتەی حەشیمەتیی شاری سنە، پێکهاتەی حەشیمەتیی ئەو شارە وەك هەموو شارەکانی کوردستان، پێکهاتەیەکی گەنجە، پێکهاتەیەکی حەشیمەتیی رادیکاڵە، گۆڕانخوازە، سەرکوت دەکرێ‌و ئەو سەرکوتە قبووڵ ناکا. لەلایەکی دیکەوە زەختێکی لە رادەبەدەری ئابووری‌و سیاسی لە سەر خەڵکی کوردە، لەسەر خەڵکی ئێران بە گشتی هەیە، بەڵام لەسەر کورد، چەند هێندەیە. خەڵك بە باوەڕێکی گشتگیر گەیشتووە کە چیدیکە ئەو بارودۆخەی پێ‌تەحەممول ناکرێ‌و دەگا بەو قەناعەتەی کە ئەو حکوومەتە حکوومەتێك نیە کە بتوانێ خواستەکانی بێنێتە دی. لەو هەلومەرجەدا گیرانی بەڕێز ئۆجەلان وەك فاکتەرێکی خێرایی بەخش دێتە ئاراوە، من باسم کرد لە هەموو بارێکەوە بواری راپەڕین ئامادەیە، نارەزایەتی هەیە، گەندەڵی هەیە، هەژاری، نەبوونی ئازادیی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی لەگەڵ پێکهاتەیەکی حەشیمەتیی گەنج، واتە کوردستان بۆتە مەخزەنێکی بەنزین، هەر ئەوەندەی پێویستە دەنکە شقارتەیەکی پێوەنێی، ئاگری تێ‌بەردەبێ، ئەو دەنکە شقارتەیە گیرانی ئۆجەلان بوو، گیرانی سەرکردەیەکی کورد هەستی نەتەوایەتی ئەو خەڵکەی خەوشدار کرد. خەڵك پێی قبووڵ ناکرێ، رەنگە رەخنەشی لەو رێبەرە هەبێ، لە حیزبەکەشی هەبێ، بەڵام بەهەرحاڵ سرکردەی حیزبێکی کوردییە بە هەموو کەموکووڕییەکانیەوە یان بە هەموو خاڵە بەهێزەکانیەوە. کە سەرکردەیەکی کورد دەگیرێ ئەویش بەو شێوە چاوبەست‌و باڵ بەست دەکرێ لە لایەن داگیرکەرانەوەو دەرفێندرێ، هەستی نەتەوەیی یا غروور نەتەوەیی خەڵك خەوشدار دەبێ‌و ئەوە دەبێ بە فاکتەرێکی خێرایی بەخش بۆ ئەوەی کە خەڵك بێنە مەیدانی راپەڕینەوە.

**کاک رامبود! هەروەك ئاگاداربوون لەوسەروبەندەدا تەلەڤیزیۆنی کۆماری ئیسلامی لە ئاستێکی بەربڵاودا ئەو رووداوەیان بڵاوکردەوەو بە پیشاندانی عەبدوڵڵا ئۆجەلان بە دەست‌و چاوی بەستراو لە حاڵێکدا کە دوو تیرۆریستی مرۆڤ رفێنی دەوڵەتی تورکیا گەمارۆیان دابوو، بەشێوەیەك هەستی نەتەوایەتیی خەڵکی وروژاند، وەك بڵێی ئەنقەست بێ، بەڵام چی بوو بە هۆی ئەوەی کە دواتر رێژیم ئاوا بە شێوەیەکی دڕندانە ئەو خەڵکەی سەرکوت کرد. حەز دەکەین باس لەو لایەنانە بکەی.**

دەزانین کە رێژیمی کۆماری ئیسلامی رێژیمێکی سانسۆرچییە واتە رێژیمێکە کە بە تایبەت ئەو شتانەی کە بە جۆرێك لە جۆرەکان پێوندی بە نەتەوەی کوردەوە هەبێ سانسۆریان دەکاو راستییەکانی دەشارێتەوە، بەڵام بۆ ئەو شتە ئاوا زۆر بێ‌پەردە پیشانی خەڵکی دەدا؟ بەڕای من کۆماری ئیسلامی یەکێك لە مەبەستەکانی ئەوە بوو کە بیروبۆچوونی خەڵکی کوردستانی رۆژهەڵات بەرەو کوردستانی باکوور رابکێشێ‌و بیسەلمێنێ کە کێشەی کورد زیاتر لەوێیە نە لە کوردستانی رۆژهەڵات. لەلایەکی دیکەوە زەق کردنەوەی کەسایەتیی بەڕێز ئوجەلان‌و "p.k.k"ی مەبەست بوو.

**بە جۆرێك ویستی کە بنوێنێ ئێمە لەو وڵاتەدا کێشەیەکمان بە نێوی کێشەی کورد نیە؟**

بەڵێ راست وایە، ویستی بڵێ کە کێشەکە لە شوێنی دیکەیە، ئێمە لەگەڵ کورد هیچ کێشەیەکمان نیەو واتە بە جۆرێك پیشانی دەدا کە ئێمە تەنانەت لایەنگری دۆزی کوردین. بەڵام ئەوان ئاوا لە گەڵ کوردەکە بەرەوڕوو دەبنەوە. لە راستی‌دا حکوومەتی ئێران برێکیشی کۆنتاکت لە گەڵ حکوومەتی تورکیە، بەو پێیەی کە ئەو حکوومەتێکی لائیکەو ئەم حکوومەتێکی رادیکاڵی دینی هەیە. لەبەر ئەو هۆکارانەو هۆکاری دیکەش کە رەنگە لێرەدا مەجالی باسکردنیان نەبێ، حکوومەتی ئێران پێی خۆش بوو ئەو شتانە پیشان بداو تەنانەت رێپێوانێکیش بکرێ، کارئاسانیشی بۆ کرد. ئەوە راستییە، بەڵام قەت بیری لەوەنەدەکردەوە کە خەڵکی کوردستانی ئێران لەوە وشیارتر بوونەتەوە کە تەنیا خۆیان بە کێشەی کوردی بەشێك لە کوردستان ببەستنەوە. خەڵکی کوردستان هاتنە مەیدانەوە باسی ئازارەکانی خۆیان کرد، باسی کێشەکانی خۆیان کرد، باسی ئەوەیان کرد کە تەنیا حکوومەتی تورکیە نیە کە کورد دەچەوسێنێتەوە، حکوومەتی ئێرانیشە، لە ئێرانیش‌دا کورد دەچەوسێتەوە، باسی شەهیدەکانی خۆیانیان کرد، ئێوە دەبینن لە ٣ی رەشەمەی سنە یەکێك لەو دروشمانەی کە خەڵك هەڵیگرتبوو باسی شەهید دوکتور قاسملوو بوو و حیزبی دیمۆکرات بوو، باسی ئەو کێشەو ئازارانەی خۆیان بوو کە لە دەستی کۆماری ئیسلامی کێشابوویان. ئەوانە هەموو ئەو شتانەن کە کۆماری ئیسلامی قەت بیری لەوە نەدەکردەوە، دەنا ئەمن بە دڵنیاییەوە دەڵێم قەت رێگای بە شتێکی ئەوتۆ نەدەدا کە دواییش بەو سەرکوتە خوێناوییەی کە کردی دەرکەوت ئەو شتەی پێ‌ناخۆش بووەو بەکوشتن، گرتن‌و بێ‌سەروشوێن کردنی خەڵك‌و تەنانەت بەرزکردنەوەی هەلیکۆپتەر بۆ چاوترسێن کردنی خەڵك‌و بڵاوە پێ‌کردنیان ئەوەی سەلماند.

**کاک رامبود! ئەگەر ٣ی رەشەمەی سنە لوتکەی ئەو زنجیرە خۆپیشاندانانە بێ کە خەڵکی کوردستان کردیان، ئایا دەتوانین بڵێین کە ئەوە دەسپێکی شێوە خەباتێکی نوێ بوو کە زۆر جار بە خەباتی جەماوەرییش ناودێر دەکرێ، واتە خەباتی کورد لە قۆناغێکەوە گەیشتە قۆناغێکی‌تر، راپەڕینی خەڵك تەنیا لە شارێکدا قەتیس نەمایەوە، بەڵکوو تەشەنەی کردە شارەکانی دیکەو هاودەنگی‌و هاوهەڵوێستییەك لە جووڵانەوەی خەڵك‌دا دەدیترا بە تایبەت لەم چەند ساڵەی دوایی‌داو بەتایبەت کە هاوینی ئەم ساڵ، ئێمە جووڵانەوەکەی شاری مەهابادو بە دوای ئەودا جووڵانەوەی شارەکانی دیکەی کوردستان دەبینین؟**

ئەمن لەسەر ئەو باوەڕەم کە ئەو خەباتە جەماوەرییە کە وەك باستان کرد لە ساڵی ٧٧و لە ٣ی رەشەمەوە سەری هەڵدا بەو واتایە نیە کە شێوە خەباتی پێشوو ئیکسپایەر بووبێ واتە مۆڵەتی بەکارهێنانی تەواو بووبێ. ئەمن لەسەر ئەو باوەڕەم ئێمە پێشتر ناچار بووین پەنا بۆ شێوە خەباتی چەکداری بەرین. هیچ رێگایەکی دیکەمان نەبوو. ئێمە نەتەوەیەك بووین کە لە ئێران دا پەراوێز دەخراین، خەریك بوو ئاسیمیلە بین، دەیانویست فەرامۆش بکرێین، لەبیر بکرێین‌و وردە وردە وای لێ بێ خەڵك هەر نەشزانن کە لە ئێران دا کورد هەیە، بتوێنەوە لە کولتوری فارسی‌دا. جا کە تۆ توایتەوە لە کولتووری نەتەوەیەکی دیکەدا زۆر زوو بە ئاسانی مێژووی خۆیشت لەبیر دەکەی. خۆ بە دەستەوە دەدەی، هێزی بەرگریت نامێنێت، هەموو شوناس‌و مێژووی تۆ دەبنە هەندێك بیرەوەریی شێواو تەماوییە، یا چەن دێرێك کە لە هێندێك کتێب دا باسی تۆیان کردبێ.

ئێمە لە بەردەم ئەو هەڕەشەیەدا بووین، هیچ رێگایەك نەبوو، زۆرجار کورد هەوڵی دا بە شێوەی دیپلۆماسی‌و بە شێوەی خەباتی ژیاری باس لە مافەکانی خۆی‌و ئێش‌و ئازارەکانی بکا. کاتی خۆی کە پێشەوا قازی محەمەد، خەباتی مۆدێرنی نەتەوەیی کوردی دەستپێکرد خەباتی چەکدارانەی نەکرد. وتووێژی دەکردو بە شێوەیەکی تەواو ژیاری‌و ئاشتیخوازانە داوای مافی کوردی دەکرد. بەڵام دەبینین بە چ شێوەیەك وەڵام درایەوە تەنانەت کاتێکیش کە ئامادەیە خۆی بە دەستی هێزەکانی رێژیمی پاشایەتییەوە بدات بۆ ئەوەی کە پێش بە هەر چەشنە کارەساتێکی چاوەڕوانکراو بگرێت. دەبینین کە ئەوان چۆن وەڵامی دەدەنەوە، خۆیی‌و رێبەرانی دیکە لە سێدارە دەدەن‌و شەهیدیان دەکەن. دوای ئەوەش لە ساڵەکانی دواتریش دا، ئێوە بێن دوای راپەرینی گەلانی ئێران لە ساڵی ٥٧ بێننە بەرچاو، چەندە بزووتنەوەی کوردو سەرکردایەتی کورد هەوڵی دا بە شێوەیەکی هێمن‌و دیپلۆماتیك کێشەکە چارەسەربێ بە تایبەت حیزبی دێموکرات‌و دوکتور قاسملووی نەمر زۆر هەوڵیان دا کە ئەو کێشەیە بە شێوەیەکی دیپلۆماتیك چارەسەر بێ، بەڵام ئەو دەمیش نەکراو خومەینی فتوای جەهادی‌دا، دواتریش دیسان سەرەڕای ئەو هەموو شەڕو کێشەیە دیسان لەسەر کورسیی وتووێژ، دوکتور قاسملوویان شەهید کرد واتە وەڵامی وشە ئاشتیخوازانەکانی ئەویان بە گوللە دایەوە. ئەتۆ لەگەڵ ئەو لۆژیکە دەڵێی چی؟ لەگەڵ ئەو عەقلییەتە دەڵێی چی؟ هیچ چارەیەك نیە جگە لە شەڕی چەکداری نەبێ، شەڕی چەکدارنە رەمزی مانەوی ئێمە بوو لەو کاتەدا، هیچ رێگایەك نەبوو بەڵام بەرەبەرە بارودۆخ‌و هەلومەرج وای لێ هات کە ئێمە ناچار بووین لەبەر بەرژەوەندی کوردەکانی باشووری کوردستان‌و بۆ چارەسەربوونی کێشەکەیان واز لەو خەباتە چەکدارییە بە شێوەیەکی کاتی بێنن، چون ئێمە پێمان وایە کێشەی کورد لە هەر پارچەیەکی کوردستان چارەسەر بێت کاریگەریی پۆزەتیڤی دەبێ لەسەر کێشەی پارچەکانی دیکەش. جا ئێمەی کوردیش دوای ئەو قۆناغە لە رێگای هوشیار کردنەوەی خەڵك‌و کاری رێکخستنی نێوخۆیی بواری خەباتی جەماوەریمان پێکهێنا. ئەو بووارەی کە ئێمە کارمان بۆ دەکرد لە ساڵی ٧٧و لە مانگی رەشەمەدا دەبینین لە هەموو شارەکانی کوردستان‌و لە لوتکەی خۆی‌دا لە شاری سنە خۆی دەردەخات. کەوابوو ئەگەر تۆ دەرکەیەکت لێ داخرا یان رێگای شێوەیەك لە خەباتت لێ داخرا بەو واتایە نیە کە تۆ دەست لەسەردەست دابنێی‌و هیچ نەکەی. ئێمە لە حاڵی خەبات داین بە هەر شێوەیەك دەرکەیان لێ داخستین لە دەرکەیەکی دیکەوە دەچینە ژوورێ، ئەگەر هەموو دەرکەکانیان لێ داخستین لە پەنجەرەوە دەچینە ژوورێ واتە دەبێ خەبات بکەین. ئێمە شۆڕشگێڕین دەبێ لە شۆڕشەکەماندا، قەد کۆڵ نەدەین‌و هەدا نەدەین بۆیە بەڕای من خەڵکی کوردیش وەك خەڵکێکی شۆڕشگێڕو خەباتکار دەستیان دایە ئەو شێوە خەباتەو هاتنە مەیدانی خەباتی جەماوەرییەوە. لەم قۆناغەدا زۆرترین ئەرکی خەبات لە ئەستۆی خەڵکەو هەر کام لە حیزبەکانیش بەپێی رابردووی خۆی، هەوڵوتێکۆشانی خۆی‌و بەپێی قورسایی خۆی هیدایەتی دەکا. ئەوە تا رادەیەك توانیویەتی بۆشایی شەڕی چەکداری پڕ بکاتەوە.

**دەمەوێ لە یادی ٣ی رەشەمەدا کە بەراستی یادێکی تاڵە بۆ ئێمەی کورد، باس لە رووداوێکی دیکەی لەو چەشنە بکەین کە ئەویش رووداوی چەندرۆژ لەمەو پێشی ماکۆیە. خەڵکی ماکۆ، چەند رۆژ لەمەوپێش بۆ دژایەتی لەگەڵ سیاسەتە فاشیستییەکانی داگیرکەرانی کوردستان رژانە سەر شەقامەکان‌و رق‌و نەفرەتی خۆیان بەرامبەر بەوان دەربڕی کە بە داخەوە لە لایەن رێژیمەوە، درانە بەر دەستڕێژو سەرکوت کران. بە پێی ئەو خەباتە جەماوەرییە کە چەند ساڵە دەستی پێکردوەو هاوشێوەکیشی بە تایبەت ئەوەی لەو چەند رۆژەدا دیتمان، جەنابت چ خوێندنەوەیەکت بۆ ئەو رووداوە هەیە؟**

پرسیارێکی زۆر بەجێ بوو. وەك باستان کرد لەم رۆژانەدا ئەو خۆپیشاندانە لە شاری ماکۆو چەند شارۆچکەیەکی دەوروبەری‌دا کراوە تەنانەت گەیشتۆتە شارەکانی مەهابادو شارەکانی دیکەی کوردستانیش. بە رای من ئەوە دەقاودەق نموونەی هەمان راپەرینەکەی ٣ی رەشەمەی ساڵی ١٣٧٧ی سنەو شارەکانی دیکەی کوردستانە. لێرەش لە شاری ماکۆ خەڵك دیسان لەبەر ئەو یادو بیرەوەرییە واتە گیرانی سەرۆکی پارتێکی کوردی وەك بەڕێز ئوجەلان دێنە مەیدانەوە، دێن رق‌و نەفرەتی خۆیان لە داگیرکەرانی کوردستان دەردەبڕن، بەو

بۆلاپەرەی ٥

**خەباتی ئێمە دژ بە تورك، فارس، عەرەب، شێعە، سونی یا هەر نەتەوەو ئایینێکی دیکە نیە. ئێمە دژ بە ستەم‌و چەوسانەوە خەبات دەکەین، هەرکەس یا دەسەڵاتێك کە مافەکانمان پێشێل بکات ئەوا نەیاری ئەوین، ئەمە پەیامی بزاڤی مافخوازانەی نەتەوەی کوردە.**


کاک رامبود

### دوکتور رۆئیا تلووعی، رووناکبیرو تێکۆشەری بواری مافی مرۆڤ:

# من دەگەڕێمەوە وڵات، بەڵام لەگەڵ هەموو پێشمەرگەکان‌و شۆڕشگێڕانی وڵاتە سەربەرزەکەم

بەشی دووهەم‌و کۆتایی

سارینا

**ئاگادارین کە جەنابتان وەك تێکۆشەرێکی بواری مافی مرۆڤو مافی ژنانی کورد، لە نزیکەوە ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانیشتان تاقیب کردوە. لەم دواییانەدا ژمارەیەك لە ئەندامانی کوردی دەورەکانی ڕابردووی مەجلیسی شورای ئیسلامیی ئێران‌و چەند کەسێکی ناسراو کە ڕابردوویان لە خەڵکی کوردستان شاراوە نییە، ریکخراوێکیان دامەزراندوە بە ناوی "جیبهەی مۆتەحیدی کورد"و ڕایانگەیاندوە کە دەیانەوێ لە چوارچێوەی قانوونی ئەساسیی ئێراندا مافی کورد بەدی بینن.**

**ڕاتان سەبارەت بەو ڕیکخراوە تازەیە چییەو بە بڕوای بەریزتان لە چوارچێوەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی‌دا، ڕێکخراوێکی کوردیی سەربەخۆ، دەتوانێ تێکۆشانی هەبێ؟ یان باشترە بڵێین دەتوانێ بە قازانجی مەسەلەی کورد لە کوردستانی ئێران هەنگاو هەڵبگرێ؟ ئەگەر نا، ئامانج لە دامەزراندنی ڕێکخراوێکی کوردیی ئەوتۆ لە ژێر دەسەڵاتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی‌دا چیە؟**

لێرەدا گرفتی سەرەکی، سەرەتا لە لایەن خودی حیزبە کوردییەکانەوە دەبینم کە ئەوەندە لەم بوارەدا ماتڵ بوون‌و کەمتەرخەمییان کرد کە کەسانێك بەناچارو بە پێی تواناو دەرفەتیان لە ناو ئێرانەوە دەست بەکار بوون. دەمەوێ ئەوەش بڵێم، باشترە ئەوانەی دەستیان داوەتە ئەم ئەرکە نە یەکسەر ڕەش ببینین‌و نە یەکسەر سپی. رابردوویان هەرچی بێت دیارە دوایی دەبێ وەڵامی دادگای بیروڕای گشتیی خەڵکی کوردستان بدەنەوەو خەڵك هەم کرداری چاك‌و هەم کرداری خراپیان دەخەنە بەر قەزاوەتەوە. لایەنی گرنگی ئەم کارەیان ئەوەیە کە کێشەی کورد ئەوەندە لە ئێراندا زەق‌و بەرچاوە کە نکۆڵیی لـێ ناکرێ‌و بە شێوەی ڕێکخراوەیەکی کارتۆنیش بووبێ دەخرێتە بەرباس. لایەنی نێگەتیڤی ئەوەیە کە لە ژێر قانوونی بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران‌داو خاڵ‌و نێوەرۆکی ئەو یاسایە - تەنانەت ئەگەر دوای ٢٧ ساڵیش بەڕێوە بچێ ـ مافی گەلی کورد، بەدی نایەت‌و بۆ بەدیهاتنی مافی نەتەوەکان لە ئێران پیویستی بە ئاڵوگۆڕی قووڵە لە قانوونی بنەڕەتی‌دا، مەگەر ئەوەی فارس وتەنی بمانەوێ بڵێین "کاچی بە از هیچی"و بە ئەو نەختەش رازی بین. هەڵبەت پێویستە ئەوەشمان لەبەرچاو بێ فراکسیۆنی نوینەرانی کوردیش لە پەرلەمانی ئێران دروست بووو لە هیچ کام لە خولەکانی شەشەم‌و حەوتەم‌دا کارێکی بۆ چارەسەری کێشەی کورد، پێ نەکراو ناکرێ. هۆکاری سەرەکیشی نەزارەتی ئیستیسوابییە لە ئێران‌و پاڵاوتراوانی پارلەمان بێ، هەمان کەسانی تەیید کراوی ڕێژیمن کە نایانەوێ‌و ئیجازەشیان نیە کارێك دژ بە خواستی ڕێژیم بکەن. بەهەرحاڵ جیبهەی موتەحیدی کورد ئەگەر مافی کوردی لا مەبەستە دەبێ نەترسانە بێتە مەیدان‌و لە زیندان‌و ئازارو ئەشکەنجە نەترسێ، ئەگینا فارس وتەنی "شتر سواری دولا دولا نمی‌شە". نموونەی کاری نەترسانەش ڕێکخراوەی مافی مرۆڤی کوردستانە کە تا ئێستا ئیشی باشی کردوە.

**ئێستا کە لە دەرەوەی وڵاتن‌و بە سەرنجدان بەو تاڵی‌و ناخۆشییانەی لە ڕێگای خەباتدا تووشی بوون، وێ ناچێ نیازی گەڕانەوەتان هەبێ. بەرنامەتان چیەو ئایا تێکۆشانی خۆتان درێژە پێ دەدەن؟**

من دەگەڕێمەوە وڵات، بەڵام لەگەڵ هەموو پێشمەرگەکان‌و شۆڕشگێڕانی وڵاتە سەربەرزەکەم، ڕۆژهەڵاتی کوردستان. پێم وا نیە لەم هەلومەرجەش‌دا، چ لە باری نێونەتەوەیی‌و چ لە باری ناوخۆیی‌دا کە بەسەر کۆماری ئیسلامیی ئێراندا هاتوە، ئەم گەڕانەوە ماوەیەکی زۆر درێژ بخایەنێ. ئەزموونی تاڵەبان لە ئەفغانستان‌و سەدام لە ئێراق‌و پرۆژەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گەورەش، پێمان دەڵێ ئاڵوگۆڕ حەتمی‌و بێ‌ئەملاو ئەولایە. هەروەك دەزانن دۆسیەی وزەی ئەتۆمیی ئێران لە لایەن ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمییەوە ناردرا بۆ ئەنجومەنی ئاسایشی نێونەتەوەیی‌و لەوە ناچێ داهاتووی ڕێژیمی ئێران داهاتوویەکی رووناك بێ.

ئەم ماوەیەش کە هاتوومە دەر، بۆ درێژەدان بە چالاکی هاتوم. دیارە ئەگەر لە ئێران دانیشتمایە، تەنانەت ئەگەر لەم تاوانی موحاریب‌و ئەو شتانەش نەجاتم



دوکتور رۆئیا تلووعی

بوایە ـ کە نەدەبوو ـ دەبوایە بە بێدەنگی دانیشم‌و هیچ نەکەم‌و هیچ نەنووسم. بۆ من بێدەنگی وەك زیندانی ئەبەدەو دیارە لە سێدارە خراپترە. چونکە بە سێدارە یەکسەر ژیانت تەواو دەبێ، بەڵام لە زیندان ژیان لە مەرگ ناخۆشترە. بۆ من بێدەنگی‌و چالاك نەبوون لە مردن دژوارترە.

**وەك تێکۆشەرێکی مافی مرۆڤو مافی یەکسانیی ژن‌و پیاو، چ قسەیەکتان هەیە بۆ خوێنەرانی "کوردستان" و بە گشتی ژنانی کورد؟**

قسەم زۆرە بەڕاستی هیوادارم خوێنەری بەڕێز ماندوو نەبێ.

١- ئیمە کاتێك دەتوانین حکوومەتێکی دێموکراتیك دامەزرێنین کە فیکرو ئەندیشەمان دێموکراتیك بێ. کورد بە گشتی بۆ دێموکرات بوون، پێویستە تاکپەرستی وەلاوە نێت. ئەو عادەتەی کە تاکێك دەکەینە خواو ئەوەندەی گەورە دەکەینەوە کە پێمان وایە ئەم مرۆڤە نابێ هیچ هەڵەیەکی بێت‌و ئەوپەڕی بەشەر بێت، هەڵەیەکی گەورەیە. زۆر جاریش زۆر بە ئاسایی ئەو قارەمانەی کە دروستمان کردوە بە کەمترین هەڵە دەیڕووخێنین‌و وا بێڕەحمانە دەیکوتین کە نەتوانێ سەرهەڵداتەوە کە ئەمەش هەڵەیەکی گەورەترە.

٢- دەبێ هەوڵێکی زۆر بدەین فەرهەنگمان لە حاڵەتی زارەکی دەربێنین‌و بیکەینە فەرهەنگێکی نووسراو. ژن‌و پیاومان دەبێ گرنگی بدەین بە خوێندو پەروەردەکردنی خۆمان‌و منداڵەکانمان. هەرچی ئاستی خوێندەواریمان بەرینە سەر، هێشتا هەر کەمەو بۆشاییمان زۆرە.

٣- ستەم لێکراو چ ژن بێ چ نەتەوەیەك بێ، بەهۆی ئەو ستەمەی لێی دەکرێ گرفتی لە باری کەسایەتی، کۆمەڵایەتی‌و کولتووریەوە زۆرە. بۆ یەکەم هەنگاوی رزگاری لەو ستەمانە، پێویستە باوەڕمان بە خۆمان بێ‌و بە تواناییەکانمان. نە ژنی ئازاو توانا بە پیاو بشوبهێنین‌و نە کوردی ئازاو توانا بە دەستپەروەردەی دەسەڵات بزانین. باوەڕ کەین کە ئێمەش خاوەن هیزو تواناییین‌و ئەو هێزەی دەیخەینە سەر تاوانبارکردنی یەکتر ـ کە لەم ڕێگاوە خزمەت بە دەسەڵات دەکەین ـ بیخەینە سەر یەکگرتوویی، تا دەسکەوتمان زۆرتر دەبێ.

٤- بۆ ئەوانەش کە بە خوێندنەوەو لەبەرکردنی دوو کتێب خۆ بە رۆشنبیرو باسەواد دەزانن‌و هەموو کاتیان تەرخان دەکەن بۆ وەی بیرو وتە کۆن‌و نوێکانی بیرمەندانی رۆژئاوا لەبەر کەن‌و بە ناوی سەوادو رۆشنبیری خۆیان، بە چاوی یەکترین‌دا بکوتنەوە ـ کە ئەم دیاردەیە لە ناو وڵات زۆرە بەداخەوە ـ دەڵێم رۆشنبیری لەبەرکردن‌و هەست بە باسەوادی کردن‌و دیوارێك نێوان خۆیان‌و خەڵك‌دا کێشان، نیە. قایمکاری‌و نەبوونی شەهامەت، بە عەقڵ زانین، واتای رۆشنبیری نیە. رۆشنبیر دەبێ نەترس‌و رەخنەگر بێ‌و لە خەڵکەکەیشی دانەبڕابێ. ئەو رۆشنبیرە کە نەتوانێ کاریگەریتییەکی لەسەر ژیانی خەڵك بێ پووشێك ناهێنێ. ئەگەر خۆی داهێنەرو خوڵقێنەری بیرۆکەی نوێ نیە، بیرۆکەی رۆژئاواییش دەقاودەق نۆسخە نەکاو، هەوڵ بدا خۆماڵیی کاتەوەو، لەگەڵ بارودۆخی کۆمەڵگای خۆی هەڵی‌سەنگێنێ. رۆشنبیری کورد بە رای من پێشمەرگەیەکی فەرهەنگییەو، دیارە پێشمەرگایەتی‌و ترس‌و قایمکارییان نەوتوە.

٥ـ ژنانی تێکۆشەری کورد دەبێ لەم قۆناغەدا کە بزووتنەوەی ژنان لە جیهان‌دا دەسکەوتی باشی هەبووە، جگە لە خەبات بۆ یەکسانیی مافی ژن‌و پیاو، بۆ یەکسانیی مافی نەتەوەکانیش بە تایبەت نەتەوەی ستەملێکراوی کورد هەوڵ بدەن. دیارە ستەمی میللیش سەرەڕای ستەمی جنسییەتی، یەکێك لە هۆکارەکانی چەوسانەوەی ژنانی کوردە. ئەمە راستییەکی حاشاهەڵنەگرەو پێم سەیرە برێك لە چالاکانی بواری مافی ژنان بەهۆی وابەستەبوونیان بە ئایدیۆلۆژییەکەوە نکۆڵی لەم راستییە دەکەن! لەوانەیە هۆکارێکی ئەمەش ساڵەها دوورکەوتنەوە لە وڵات بێ‌و نەچێشتنی ئەو ئازارانەی کە ژنێکی کورد بەهۆی کوردبوونیەوە دەیانکێشن. دیارە ژیان لە وڵاتێکی ئوورووپایی‌و بەهرەمەندی لەو مافانەی بۆ هەر ژنێك بەڕەسمی ناسراوەن، ناتوانێ لەگەڵ شێوازی ژیانی ژنانی ئێمە لە کۆمەڵگایەکی داخراو بە حکوومەتێکی ئایدیۆلۆژیکەوە کە ژن بە نیوەی پیاوو، بە کۆیلەی جینسی دەزانێ، یەکسان بێ. دەبێ لە ناو وڵات بژی تا بزانێ کاتێك بە بۆنەی کوردبوونتەوە بە چ تەحقیرێك سەیرت دەکرێ چونکە کوردی بایەخێکی ئەوتۆت نادەنێ، دەردی ستەمی میللیەتی چیە؟ جا کە ژن بێ‌و کوردیش بێ، ئازارەکەت دوو ئەوەندەیە.

٦ـ ئێمەی ژن لە داڕشتنی ئەم ئایدیۆلۆژیانەدا چەندە بەشدار بووین؟ ئایا پیاوانی داڕێژەری ئەم ئایدیۆلۆژیانە چەندە تایبەتمەندییەکانی ئێمەیان لەبەرچاو بووە؟ ئایا لەو یەکسانییە کە باسی دەکەن، بەڕاستی جینسی ژن بەهرەمەند بووە؟

ئەزموونی کۆمەڵایەتی سەلماندویەتی کەلێنی جینسییەتی لە هەر چینێك‌دا هەر بەردەوام بووەو بۆ نموونە ژنێکی کرێکار هەرگیز مافی پیاوێکی کرێکاری نیەو بەهۆی جینسییەتیەوە، هەر دەچەوسێتەوە.

ئێمەی ژن ناتوانین بە دروشمی بێ کردەوەی یەکسانی خۆمان بخەڵەتینین. یەکسانی دەبێ لە هەموو بوارەکان‌دا بەدی بێ.

٧- لەسەر ئەو باوەڕەم کە بزاڤی ژنانی ناو وڵات، بزاڤێکی ئایدیۆلۆژیك

بڕوانە لاپەڕەی٥

# لە قامووسی فیمینیزم‌دا

(٨)

وەرگێڕانی: ب.هانا

### هێماناسی Semiology

زاراوەی هـێـماناسـی Semiology لـە زمـانناسی فەرانسـەیی فێردیناند دو سـوسور وەرگیراوە کە لە نێوان داڵ (دەنگ یا هێمایەك کە وشە دروست دەکا) لەگەڵ مـەدلوول (واتایەك کـە وشەیـەك دەگـەیەنێ) جیاوازیی دادەناو، پێی وابوو کە پێوەندیی نێوان ئەم دووانە، زیاتر بە هۆی نەریتە کولتووری‌یەکانەوە دیاری دەکرێ نەك پێوەندی‌یە زاتی‌یەکانی دیکەوە. لـە راستی‌دا هێماناسی باسی ئەوە دەکا کە چلۆن هەموو سیستەمی هێماکان (ئەدەبیات، راگەیەنەکـان، ریـوشوێنـەکان‌و ئایدۆلۆژیا کۆمەڵایەتی‌یەکان) وەکوو زمان، کاردەکەن.

فیمینیستەکان بۆ سڕینەوەی رەمز لە ئوستوورەکان، رەمزە پۆرنۆگرافی‌یەکـان، راگەیەنەکان‌و سەنعەتی جوانی، بە مەبەستی لەقاودانی مکانیزمەکانی کەلتووری پیاوسەرداری دژە ژن، کەڵك لە هێماناسی وەردەگرن. هێماناسی بە تایبەت بۆ تیۆریی فیمینیستیی Representation (دەلالەت)، بەکەڵکە. چونکە دەری دەخا نەریت‌و ریوشوێنە کۆمەڵایەتی‌یەکان چلۆن، "واتا" (مانا) بەرهەم دێنن. فیمینیستەکـان سـەرنج دەدەنە کلیشەسازی‌و هۆکارێتی لە دەلالەت (عاملیت در بازنمایی)دا. بۆ نموونە رۆز کۆوارد، شێوەی دەلالەتی راگەیەنەکان لـە باری پێکهاتەی رەوایـی‌و ناتەبایـی‌یـە هێماناسی‌یەکانی نیـوان نێـرو مێ شـی دەکـاتـەوە (Coward,1985):



کاپلان لە تیۆریی فیلم‌دا، بۆ شیکردنەوەی چۆنیەتیی لە پەراوێز خرانـی ژنان لـە فیلـمە هولیوودی‌یەکـان‌دا، کـەڵك لە هێماناسی وەردەگرێ. هێماناسی بە تایبەتی بۆ تیۆریی فیلم بە کەلکە، چونکـە گـومانی [هەبوونی] گوتارێکـی جوانیناسیـی بەرز (مومتاز)و بانتر، پووچەڵ دەکاتەوەو، لەسەر رۆڵی یەکلاکەرەوەی فۆرمی هونەری وەك دەربڕین، پێ‌دادگرێ (Kaplan. 1983). رەخنەگرانی دیکە، ئاماژە بەو گیروگرفتانە دەکەن کـە لـە هـەناوی هەرچەشنە هێماناسی‌یەکی سینەمادا هەن، چونکە لە هێماناسی‌دا دەق دەبێت بە ئامانج‌و ئەزموونی رێکخراو، یا بڕگە مێژوویی‌یەکان، پشت گوێ دەخرێن (Kuhnmm,1985).

هێماناسـی لـە هـونەری فیمینیستی‌دا، بە تایبەتی لەلایەن ئەو هونەرمەندانەوە کە دەقە هونەری‌یەکان دەنووسن ـ بۆ نموونە Mary kelly ـ کەڵکی لـێ‌وەرگیراوە. فیمینیستەکان بەم ناوە کە وێنەی ژن، وێنەیەکی لەپێشتر دیاریکراو نیە، بەڵکوو لە نێو بەرهەمی هونەری‌داو لە ڕێگای خودی بەرهەمەکەوە دروست دەبێ، یارمەتیی شکڵ گرتنی تیۆری‌یەکی یەکگرتوویان لە بارەی دەوڵەت (Representation) داوە (Pollock,1987).

لە تیۆریی فەرانسەیی‌دا، la Semiotiqu زانستی هێماکانە. ژولیا کریستێڤا، وشەی هێمایی le Semiotique دروست دەکا تا لە رێکوپێك کراوی یا ئەو رێکوپێکی‌یەی لە سەرجەمی پاڵنەرە غەریزی‌یەکان‌دا هەن (واتە نەزمی هێماناسی)و کاریگەرییان لەسەر زمان هەیە، هەروەها لە ئەزموونی هێمایی لە رووبەرووبوونەوەی دیالێکتیکی لەگەڵ کاری سەمبولیك‌دا، بدوێ (Kristeva,1980).

بە بڕوای کریستێڤا، هێماناسی تەنیا تایبەت بە منداڵان یا کچان نیە. لە راستی‌دا ئەو شاعیرانەی کریستێڤا وەك نوێنەرانی داهێنەری غەریزەی هێماناسی ناویان دەبا، هەردووکیان ـ مالارمێ‌و جۆیس ـ پیاون.

*کتێبی "فرهنگ نظریه‌های فیمینیستی" (قامووسی بیردۆزە فیمینیستی‌یەکان)، ص ٣٩٤،٣٩٥ نووسینی: مەگی هام، سارا گەمبل*

**بۆ هاوکاریی هێزە دێموکرات‌و پێشکەوتووەکانی ئێران تێ‌بکۆشین**

# KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan

No: 432   6 Mrch 2006

ماڵپەڕەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، ڕۆژنامەی "کوردستان"و رادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanmedia.com   http://www.pdk-iran.org   www.rdki.com

e- mail: info@kurdistanmedia.com   e- mail: pdkiran@club-internet.fr   e- mail: rdk_iran@yahoocom


# ئەم مۆمەی کە وا تک تک توایەوە




مەرگ لە هەرەتی لاوەتیدا، ئەویش مەرگێک بەدوای چوار ساڵ بەربەرەکانی لەگەڵ ئێش‌و ئازارەکانی نەخۆشیی کوشندەی شێرپەنجەو، دوای دڵۆپ دڵۆپ توانەوە بەهۆی سەدان شەو و ڕۆژ چێشتنی دەردو ئازاری گران دا، نەك بۆ نەخۆشێکی مەحکووم بە جوانەمەرگبوون،

بەڵکوو بۆ کەسوکارو خۆشەویستان‌و هاوڕێیانیشی، ڕووداوێکی یەکجار تاڵ‌و نەخوازراوە. بەتایبەتی ئەگەر ئەو کەسە، یادگاری شەهیدێکی ڕێگای ئازادیی نەتەوەی کوردو، بۆخۆشی تێکۆشەرێکی درێژەدەری ڕێگای بابی‌و، کادرێکی دڵسۆزو زەحمەتکێش‌و کار لەدەست هاتوو بێ‌و، ١٠ ساڵ لە ٢٥ ساڵ تەمەنی خۆی لە سەنگەرەکانی حیزبی پڕشانازیی دێموکراتی کوردستانی ئێران دا بردبێتە سەر.

سمکۆی ئاگوشی، کوڕی شەهید برایم ئاگوشی خەڵکی کانی کلێی پیرانشار، کە شەوی ١١ لەسەر ١٢ی ڕەشەمەی ئەمساڵ ماڵاوایی یەکجاریی لێ کردین، هەر مێرمنداڵ بوو کە بوو بە پێشمەرگەو، لە هێزی قەندیل خزمەت بە گەلەکەی‌و حیزبی دێموکراتی دەست پێ‌کرد. سمکۆ بەهۆی خووخدەی بەرزو شۆڕشگێڕانەو لە ئاکامی خۆپێگەیاندن دا، ساڵی ١٣٨٢ بوو بە کادری سیاسی‌و تەنانەت پلەی یەکەمیشی لە کلاسی کادردا وەدەست هێنا. ئەو توانی بەرپرسایەتیی جۆراوجۆر لە بەشەکانی فێرکاری، ئەمنییەتی، بێ‌سیم‌و کۆمەڵایەتیی ناوەندی ٣ی کوردستان دا بگرێتە ئەستۆو سەرکەوتووانەو سەربەرزانە بەڕێوەیان ببا.

سمکۆ، هاوینی ئەمساڵ، لەگەڵ "هەریر"ی کچی تێکۆشەرێکی لەمێژینەی حیزب دا ژیانی هاوبەشی پێك هێنا. دەیزانی ئەم نەخۆشی‌یە، ناهێڵێ زۆری دیکە بژی، بۆیە بەر لە پێکەوەنانی ژیانی هاوبەش، لە هەریری ویستبوو کۆتایی بەم خۆشەویستی‌یە لەمێژ ساڵەیان بێنن. بەڵام هەریر نەیهێشت خۆشەویستەکەی ئاواتی پێگ گەیشتن لەگەڵ خۆیدا بەرێتە ژێر گڵ‌و، بەمجۆرە میداڵی گەورەیی، بەخشندەیی‌و ئینسانەتیی کردە ملی خۆی‌و، داستانی ئەوینەکەی خۆیانی لەگەڵ ناوی سمکۆی جوانەمەرگ، لە دەفتەری نەمری‌دا تۆماری کرد.

بەبۆنەی ئەم مەرگە تاڵەوە، دوو چەپك لە نێرگزەکانی ئەم بەرەو بەهارە، بە بارانەی فرمێسکەکانی خۆم‌و هەزاران سڵاوی هاوکارانم لە "کوردستان"، ئاوپڕژێن دەکەم. چەپکێك بۆ سەر گڵکۆی سمکۆی جوانەمەرگ، ئەوی دیکە بۆ دەستی "هەریر"ی کەم هاوتا.

**هانا**

# تیشکی هیواو بەر لەماڵاوایی

## خولێکی نوێی چاوەڕوانی

**ع. وریا**

سەرئەنجام، ڕۆژی ٢٦ی ڕێبەندانی ئەمساڵ (١٥ی فیوریەی ٢٠٠٦)، کەناڵی فەزایی "تیشك" (Tishk tv) لە ئاگاداری‌یەکدا، مزگێنی‌دا بە ئوگرانی خۆی کە بەزوویی پەخشی ئەزموونیی خۆی دەست پێ‌دەکا. هەواڵی دامەزرانی ئەم کاناڵە تەلەڤیزیۆنی‌یە فەزایی‌یەو، مزگێنیی دەست بەکاربوونی بەم زووانەی، هەر وەك چاوەڕوان دەکرا، شەپۆلێك لە خۆشی‌و شادمانیی لە نێو ڕۆڵەکانی گەلی کورد بەگشتی‌و، ئەندامان‌و لایەنگران‌و دۆستانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران‌دا بە تایبەتی، وەڕێ خست. لە نێو شارو گوندەکانی کوردستانی ئێران، لەم پێوەندی‌یەدا کۆمەڵێك چالاکیی جۆراوجۆر هەر لە نووسینی دروشم لە دارو دیوارو شوێنە گشتی‌یەکانەوە بگرە تا ئاگادار کردنەوەی ئۆگران‌و دۆستانی حیزب لەم هەواڵەو، شوێن‌و کاتی بڵاوبوونەوەی بەرنامەکانی، دەستی پێ‌کرد. بە سەدان بروسکەو پەیامی پیرۆزباییش بە هۆی تەلەفۆن، ئیمەیل، فاکس‌و نامەوە بۆ ڕێبەری، نوێنەرایەتی‌یەکان‌و ئۆرگانەکانی حیزب ڕەوانە کران.

دامەزرانی کاناڵێکی فەزایی سەر بە حیزبی دێموکرات‌و جووڵانەوەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، یەکێك لەو خۆزگەو ئاواتانە بوو کە نزیکەی ١٠ساڵ بوو لە دڵ‌و دەروونی ئەندامانی حیزبی دێموکرات، خەڵکی کوردستانی ئێران‌و دۆستان‌و خەمخۆرانی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد لە ئێراندا چەکەرەیان کردبوو. دەتوانم بڵێم لە نەورۆزی ١٣٧٢ (١٩٩٣)ەوە کە چەند کادرێکی کۆمیسیۆنی چاپەمەنی‌و رادیۆی دەنگی کوردستان، ڕیزە بەرنامەیەکیان بە هۆی ئەو دەزگا پەخشەوە بڵاوکردەوە کە پێشمەرگەکانی هێزی گیارەنگ لە پێگەی نیزامیی بێژوێ (زستانی ١٣٧١) بە دەسکەوت گرتبوویان، ئەم خۆزگەو ئاواتە سەری هەڵدابوو. ئەو کۆمەڵە کادرە کە بۆ ئەم مەبەستە دەست پێشخەر بوون‌و، من‌و چەند هاوڕێیەکی دیکەشیان بۆ ئامادە کردن‌و پێشکێش کردنی چەند بەرنامەیەك ڕەگەڵ خۆیان خست، وەك سەرەتایەك بۆ بڕینی ڕێگای دوورو درێژی گەیشتن بە ڕاگەیەنێکی ئاوا گرنگ، دەمانڕوانی‌یە هەوڵەکانمان. ئەم هەوڵە بوو بە هەوێنی "نەورۆزtv" کە لەو کاتەوە تا ئێستا هەموو نەورۆزان‌و لە هێندێك بۆنەی دیکەشدا بەرنامەی تەلەڤزیۆنیی جۆراوجۆری لە رووبەرێکی بەرتەسکدا، بڵاوکردۆتەوە.

شانبەشانی ڕەگ‌و پنج داکوتانی هەرچی پتری ئەم ئاواتە‌و،لەگەڵ دەرکەوتنی ڕۆژ بەرۆژ زیاتری پێویستیی ڕاگەیەنێکی گشتیی گەرم کە بێ ئیزنی دوژمنانی ماف‌و ئازادی‌یەکانی گەلی کورد، سەر بە هەموو ماڵێك دا بکا، هەوڵی جۆراوجۆر لەلایەن ڕێبەریی حیزبی دێمۆکرات‌و ئەندامان‌و دڵسۆزانی ئەم حیزبەوە لە دەرەوەی وڵات، بەتایبەتی لە ساڵی ٢٠٠٠ەوە بۆ هێنانەدیی ئەم ئاواتە درێژەی هەبوو. ئەم هەوڵە هێندێك جار لە سنووری بەرهەمدان‌و گەیشتن بە ئاکامی یەکجارییش نزیك دەبۆوە. بەڵام کۆمەڵێك هۆ، وەدیهاتنی ئەم ئارەزووە شیرینەیان دوا خست. گرنگ ئەوەیە حیزب لەسەر هەوڵەکانی خۆی بەردەوام مایەوەو، بەردەوامییش یەکێك لە ڕەمزەکانی سەرکەوتن لەهەر هەوڵێکی پیرۆز دایە. کورد گوتەنی "کاروان بەڕێوە بێ، هەر دەگاتە جێ".

دامەزرانی تەلەڤیزیۆنی ماهوارەیی "تیشك" کۆتایی بە خولێکی چاوەڕوانی درێژخایەن هێنا. بەڵام هەر لەو کاتەدا خولێکی نوێ لە چاوەڕوانیی لەگەڵ خۆی‌دا هێناوە. ئەگەر پرسیاری جارانی خەڵك ئەوەبوو "ئەدی کەی حیزبی خۆشمان‌و ئێمەی کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبین بە خاوەنی کاناڵی فەزایی"، لەمەودوا چاوەڕوان دەبن تا بزانن ئەم ڕاگەیەنە لە نوێنەرایەتی کردنی خەبات‌و تێکۆشانی ئەوان، لە ڕاگوێزتن‌و بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی پێوەندیدار بە ژیانیاندا‌و، لە قووڵکردنەوەو بەرەوپێشبردنی خەباتی هەمەلایەنەیان بە مەبەستی ڕزگاری لە بندەستی‌و گەیشتن بە دێموکراسی‌و مافە نەتەوەیی‌یەکانیان، چلۆن هەنگاو دەنێ‌و چەندە سەرکەوتوو دەبێ.

جێگای خۆشحاڵی‌یە کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هاوکات لەگەڵ تەلەڤیزیۆنی "تیشك"دا، بووە بە خاوەنی دوو کاناڵی دیکەی فەزایی (ڕۆژهەڵات‌و کۆمەڵە tv). بەم سێ کاناڵەشەوە، ژمارەی سەرجەم ئەو کاناڵە فەزایی‌یانەی هی کوردن، دەبن بە نزیك ١٠ کاناڵ. هەرچەند ئەزموونی بەڕێوەبردنی کاناڵی فەزایی بۆ کورد، ئەزموونێکی دوورو درێژ نیە، بەو حاڵەش کوردەکانی باکوورو باشوور لە چاو کوردەکانی ڕۆژهەڵات پێشینەیەکی زیاتریان لەم بارەیەوە هەیە. بۆیە ئەزموونی ئەو کاناڵانەی لە مێژترن‌و، خاڵە لاوازو بە هێزەکانیان، بۆ "تیشك تی‌ڤی" و کاناڵەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دەتوانێ بە نرخ‌و شیاوی گرنگی پێدان بێ.

لەم دەرفەتەدا، هەر ئەوەندە دەتوانم بڵێم لە باری ڕێبازو نێوەرۆکەوە، تەلەڤیزیۆنێك سەرکەوتووە یا سەرکەوتوو دەبێ کە سەرەڕای دابینکردنی زۆر مەرجی تیکنیکی‌و هونەریی پێویست، زۆرترین بایەخ بە ئازادی بیروڕا بدا؛ نوێنگەی جۆراوجۆری‌یەکانی نێو نەتەوەی کوردو کۆمەڵی کوردستان بێ ـ جا لە بیروڕای سیاسی‌یەوە بگرە تا دەگاتە کەلتوورو زاراوەو هتدەوە؛ باوەڕی بە فرە دەنگی‌و فرە ڕەنگی هەبێ‌و بوار بۆ خۆدیتنەوەیان لە شاشەی تەلەڤیزیۆندا بڕەخسێنێ؛ لە جیاتی خۆبەستنەوە بە بەشێکی کوردستان، بە حیزبێك‌و تاقە کەسێك، هەموو کوردستان، هەموو حیزبەکان‌و هەموو کەسەکان ببینێ؛ هەرچی کاناڵە تەلەڤیزیۆنی یەکانی دیکە سەبارەت بە هێندێك بەرژەوەندی حیزبی‌و بچووك، خۆیان لێ‌پاراستوە، دووپاتی نەکاتەوە؛ ئەو کارە باشانەش کە ئەو کاناڵانە ئەنجامیان داون‌و، بۆخۆمان وەك بینەرێك، وەك تاکێك‌و وەك حیزبی‌یەك‌و وەك سیاسی‌یەك، پێمان باش بوون، لێیان فێر بێ. با کاناڵێکی تەلەڤیزیۆنی هەر لەو کاتەدا کە زمانحاڵی حیزبەکەی‌و بەشێکی کوردستان دەبێ، ڕاگەیەنێکی کوردستانی‌و نەتەوەیی بێ. لەگەڵ ئەمەشدا لەبیری بێ کە لەسەردەمی ئێستادا، بینەر یا بەردەنگ (مخاطب) ـ هەر کەسێك بێ ـ لە پێوەندی لەگەڵ ڕاگەیەنەکەدا، کۆمەڵێك مافی تایبەت بە خۆی هەن کە یەك لەوان ڕاستگۆیی‌یە.

بۆیە لە قووڵایی باوەڕمەوە کۆبوونەوەی ئەم تایبەتمەندییانە لە "تیشك تی‌ڤی"و کاناڵە فەزایی‌یەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا بە ئاوات دەخوازم‌و بە بۆنەی دەست بەکاربوونیانەوە، پیرۆزبایی لە بەڕێوەبەران‌و هەموو بینەران‌و ئۆگرانیان دەکەم.

# چیاکانی کوردستان

## پیر مەحموود Pir Mahmoud



پیرمەحموود، بەرزایی‌یەکی ٢٠٠٠ میتری‌یە کە لە باشووری ڕۆژهەڵاتی شارستانی بیجاڕ، لە ٤٦ کیلومیتریی شاری دیواندەرە هەڵکەوتوە. ناوەکەی لە "شەخس" یا زیارەتگەیەکەوە هاتوە کە لەسەر ترۆپکی ئەم چیایەیە. بە هۆی هەڵکەوتنی لە بەشی ڕۆژهەڵاتی پارێزگە [ی کوردستان] و نزیکبوون لە بانووی بڵێندو سەرسەوزی ساراڵ، بارانێکی زۆری لە ساڵدا لێ‌دەباری‌و رووبەرێکی دەوڵەمەندی هەیە. لەبارەی هەبوونی گیانلەبەرانی جۆراوجۆریشەوە، هەر دەوڵەمەندە.

"شاکانی"و "کانیی پلاو" لە کانیاوە جوان‌و هەمیشەیی‌یەکانی پیرمەحموودن کە ڕۆڵی تایبەتیان لەسەرسەوزیی بنارەکاندا هەیە. لە دەوروبەری پیرمەحمووددا کۆمەڵێك بەرزایی سەرنج ڕادەکێشن یەك لەوان کێوی "گلاوران"ە کە ئەشکەوتێکی گەورەو شیاوی دیتنی هەیە. کانی‌یە وەرزی‌و هەمیشەیی‌یەکانی چیای پیرمەحموود، بۆ وێنە کانیی کێو (کوەکانی)، کانیی سەیداوا، کانیی بەردینە، کانیی عەبدوڵڵا، کانی مەلا، کانیی پوزیل، کانیی کێوارو کانیی "داوال سرە"و کانیی بنە بۆ لەبیر کردن نابن، کە دیارە بەشی هەرە زۆری کانیاوەکە، بەتایبەتی لەبەهارو سەرەتای هاویندا، لە کانیی بنەوە سەرچاوە دەگرێ.

ئاواییەکانی: شێرکەژ، درەقە، حوسێن خان، بەرگشاد، موبارەکاوا، کانیی کۆن، برایم ئابادو بە تایبەتی "پەشەنگ" جوانترین نەخش‌و نیگاری بناری ئەم چیا بە دیمەنن. باشترین ڕێگای چوونەسەر ترۆپکی پیرمەحموود، لە گوندی "پەشەنگ"ەوەیە.

لە ترۆپکی بەفرگری پیرمەحموود، زۆر ڕووەکی وەك کەما، لۆ، مەرزە، گێلاخە، قارچك‌و، گژوگیای کوێستانیی وەك ڕێواس، شنگ، کەنگرو کۆمەڵێك ڕووەکی تایبەت بە جوانی‌و دەرمان، دەڕوێن. مار، بەراز، گورگ، چەقەڵ، هەڵۆ، کەروێشك، ڕێوی، کیسەڵ، ژوشك، ورچی قاوەیی، کەو، کەڵ‌و هتد لەو گیانلەبەرانەن کە لەم چیایەدا دەبینرێن. چوون بۆ سەر ترۆپکی پیرمەحموودو گەڕانەوە، سێ کاتژمێر دەخایەنێت.

سەرچاوە: کتێبی "جلوەهای طبیعی کردستان، دفتر اول، کوەها"

تهیە و تنظیم: اکبر ولدبیگی

# سەرکەوتنە سیاسی‌یەکانی ژنانی جیهان لە ساڵی ٢٠٠٥دا




ئاسۆشیتێدپرێس لە ڕاپۆرتێکدا ڕایگەیاند: جیهان لە ساڵی ٢٠٠٥ی زایینی‌دا کۆمەڵێك سەرکەوتنی سیاسیی گرنگی ژنانی بەخۆوە دیت، هەر لە هەڵبژێرانی یەکەمین سەرکۆماری ژن لە ئەفریقا تا بەڕێوەچوونی یەکەمین هەڵبژاردن بە بەشداریی دەنگدەرانی ژن لە عەرەبستانی سەعوودی‌دا. عێراق‌و ئەفغانستان شایەدی بەشداریی ژنان لە هەڵبژاردندا‌و هەوڵدانی ئەوان بۆ وەدەستهێنانی کورسی‌یەکانی پارلمان بوون. لە لیبریا‌و ئەڵمان بۆ یەکەم جار سەرکۆماری ژن‌و ڕاوێژکاری ژن هاتنە سەرکارو ژنان یەکەمین پۆستی سیاسیی وڵاتیان کردە هی خۆیان. لە شاری "جەددە"ی عەرەبستانی سەعوودی، هەلێکی بێ‌وێنە بۆ ژنان هەڵکەوت‌و ژنان لە پێشبڕکێی هەڵبژاردندا، توانیان دوو کورسیی دەستەی بەڕێوەبەرێتیی ژووری بازرگانیی ئەم شارە بکەنە هی خۆیان. لە "شیلی"یش بوار بۆ هەڵبژێرانی یەکەمین سەرکۆماری ژن خۆش کرا. ژاپۆن قبووڵی کرد لە مانگی ژانویەدا، بڕیار لەسەر ئەو گەڵاڵەیە بدا کە بە پێی ئەو، ژنانی بنەماڵەی ئیمپراتۆری لەمەودوا دەتوانن ببن بە میراتگری تاج‌و تەخت.

"کاویتا رامداس" سەرۆکی سندووقی جیهانیی ژنان کە بنکەکەی لە سانفرانسیسکۆیەو یارمەتیی گرووپەکانی داکۆکی لە مافەکانی ژنان لە سەرانسەری جیهان دەکا، گوتی: ساڵی ٢٠٠٥ ساڵێکی پڕ لە سەرکەوتن بۆ ژنان بوو. ناوبراو گوتی ١٠ ساڵ لەمەوپێش ئێمە دەمانگوت دەمانەوێ قانوون بۆ پشتیوانی لە ژنان دابنرێ. بەڵام ئێستا دەڵێین ژنانێکمان دەوێن کە خۆیان قانوون دانەر بن.

لە لایەکی دیکەوە "یەکیەتیی نێوان پارلمانەکان (اتحادیەی بین‌المجالس) لە ژنێڤ ڕایگەیاند: ژمارەی نوێنەرانی ژن لە پارلمانەکانی وڵاتانی سەرانسەری جیهاندا، ساڵی ٢٠٠٥ گەیشتە ٦٩٦٠ ژن، واتە سەدی ١٦/١.

مالپەڕی "ایران امروز"

# چیرۆکی ئەمجارە



## مرۆڤناس

**ب. هیوا**

وەك زۆر ئێوارەی دیکە، ئەو ڕێگایەی گرتەبەر کە بە نێو زەوی‌و زاری لای ڕۆژئاوای ئاوایی‌دا تێپەڕ دەبوو. سەری بێ‌تووکی بە کڵاوەکەی‌و، ملی، بە ئێخەی باڵتۆکەی داپۆشیبوو تا سەرما کاریان لێ‌نەکا. نێوە نێوە سەری بەسەر کتێبەکەدا ڕۆدەگرت‌و جارجاریش سەری بەرز دەکردەوە، بەدەم ڕوانین بۆ جۆگەو شیوو تەپۆڵکەکانی بەردەمی، وانەکانی لەبەر دەگوتەوە.

پازدە بیست میترێکی مابوو بیگاتێ، لە ڕێگاکە لای داو، بە نێو زەوی‌یە داچێنراوەکانی دەم ڕێگاکەدا بە پارێزەوە ڕووەو ئاوایی هەنگاوی نا. ڕەپستەکە تازەبووو هێشتا دوو قامك باڵای نەکردبوو.

هەتا لەکابرای خوێندکار دوور کەوتەوە، چاوی هەر لە سەر ون نەکرد. کاتێکیش تەواو لێی دوور بۆوە، لە نێو ڕەپستەکە هاتەدەرو چۆوەسەر ڕاستەڕێ‌یەکە.

خوێندکارەکە بە پێکەنینەوە، حیکمەتی سڵ کردنەوەی ئەو لە مرۆڤ و خۆ لێ لادانی، لێك دایەوە، نەیزانی هەقی پێ‌بدا یان نا. بڕێك بیری کردەوەو گوتی وەڵڵاهی هەقتە. هەر مرۆڤ ئەوەندە سپڵەو خۆپەرستە کە حەوت هەشت مانگ بەستەزمانێکی وەك تۆ بچەوسێنێتەوە، وەرزی ساردو سەرماش کە کاری پێت نامێنێ بەرەڵڵات بکا‌و ئەرکی بەخێوکردنت لەکۆڵ خۆی بکاتەوە.

ئێوارەی ڕۆژی دواتر، ئەمجارەیان لە ڕێگای ڕۆژهەڵاتی ئاوایی، لە کاتی پەڕینەوە لە جادە لەگەڵ یەك دوویەکی دیکەدا، چاوی پێی کەوتەوە. ویستی ڕووداوەکەی دوێنێ بۆ برادەرەکەی بگێڕێتەوە. خێرایی ئەو ماشێنەی بە بەرچاویاندا تێپەڕ دەبوو، باسەکەی پێ‌گۆڕی.

ـ بڕوانە ئەم کابرایە لەم قەراغ ئاوایی‌یە مەعلووم نیە ماشێن لێ‌دەخوڕێ یا تەیارە؟!

پتر لە دوو میتر لە زەوی بەرز بۆوەو بە لینگەفرتە بەلای دواوەی ماشێنەکەدا کەوتە سەر چەقی ڕێگاکە. هێشتا گیانی لەبەردا مابوو. بە زەحمەت، تەکانی لەخۆی‌داو خۆی گەیاندە بن پایەی تابلۆی "خێراییت کەم کەوە".

یەك دوو جار ملی بەرز کردەوەو بۆ ئەو دووەی ڕوانی کە پێش ئەو لە جادەکە پەڕیبوونەوە.

کابرای شوفێر، بیست، سی مێترێك ئەولاتر، ماشێنەکەی دایە قەراغ جادە، سەیرێکی پێشەوەی ماشێنەکەی کرد، ئینجا بە پێیان بەرەو شوێنی ڕووداوەکە گەڕاوە. تووڕەو پەشۆکاو دیار بوو. ڕوون نەبوو لە کوشتنی گیانلەبەرێکی بەستەزمانی بێ‌ئازار لە خۆی تووڕەیە، یان لە بارانەی جنێوو سەرکۆنەو تانەوتەشەری ئەو منداڵانەی لە نزیکەوە شاهیدی ڕووداوەکە بوون، قەڵسە. لە کەلاکەکەش تێپەڕی، چاوێکی بەدەوروبەری شوێنی ڕووداوەکەدا گێڕا. دۆزیەوە. لەتێك لە سپەری پێشەوەی ماشێنەکەی لەوبەری جادە کەوتبوو. هەڵی گرتەوەو بێ‌ئەوەی چیتر کاتی خۆی بەفیڕۆ بدا، درێژەی بە لێخوڕین دایەوە.

ـ بابە! بابیبەینە نەخۆشخانە! گوناهە!

تێمابوو چی وەڵامی کێژۆڵەکەی بداتەوە. لە دوێنێوە کە سڵکردنەوەی ئەو لە بنیادەمی دیبوو، شێعرەکەی سوهرابی سپێهریی وەبیر هاتبۆوە: "من الاغی دیدم یونجە را می‌فهمید". (من کەرێکم دیت لە وێنجە تێ‌دەگەیی) گوتی خۆزگە لە جێگای وێنجە، مرۆڤی گوتبا.

ـ ئەرێ بابە وێنجەی چی؟! ئەوە دەمرێ، من دەڵێم با بیبەین بۆ نەخۆشخانە، تۆ باسی وێنجەم بۆ دەکەی؟!